ڕووداو
RÛDAW
ژمارە (504) دووشەممە 2018/5/7 – 17ی گوڵان 2718 (750) دینار

# لیستەکەی عەبادی لە کوردستان هەڵدەوەرێ

**ڕووداو– سلێمانی**

لیستەکەی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی کێشە نێوخۆییەکانیەوە ناپەرژێتە سەر ئەوەی بانگەشە بکات. بەربژێرێکی ئەو لیستە لە پارێزگای سلێمانی دەڵێت "هەرچی بەڵێنی کە پێیاندابووین، درۆ دەرچوون".

بەکر حەبیب کە لەسەر پۆستەرەکانی بە مەلا بەکر خۆی بە دەنگدەران دەناسێنێ و بەربژێری لیستی نەسرە لە سلێمانی، نیگەرانە لەوەی خەڵکیان لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقەوە هێناوە و لەسەر پارێزگای سلێمانی کردوویانن بە بەربژێر "لەو 9 کەسەی لیستی نەسر لە پارێزگای سلێمانی، تەنیا 5 کەسمان خەڵکی سلێمانین، ئەوانی دیکە خەڵکی پارێزگاکانی سەلاحەدین و مووسڵ و بەغدان، نازانم ئەو کەسانە لە کوێوە هاتوون و چۆن هێنراون و کێ هێناونی".

ئەو دەڵێت "بەڕاستی ئەم لیستە لیستێکی کوردی نییە و پێم قبوڵ ناکرێ بەو شێوەیە".

قسەکانی ئەو بەربژێرە لەکاتێکدایە کە تا ئێستا دوو لە پاڵێوراوەکانی لیستی نەسر لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر، لە کۆنگرەی ڕۆژنامەڤانیدا کشانەوەی خۆیان لەو لیستە ڕاگەیاندووە.

4»

## کوردی سوێد ئەمساڵ بەشداریی پێنج هەڵبژاردن دەکەن

11

## خوێندنەوەیەک بۆ دەنگەکانی یەکێتی و گۆڕان

6



مەجید نیزامەدین گلی

## ئەمریکا یەکپارچەیی هەرێمی کوردستان گەرەنتی ناکات

19

## بەپێی دواین ڕاپرسی لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان:

**پارتی: 21-22 کورسی**

**یەکێتی: 10-11 کورسی**

**هاوپەیمانی: 8-9 کورسی**

**گۆڕان: 5-6 کورسی**

**نەوەی نوێ: 4-5 کورسی**

**یەکگرتوو: 3-4 کورسی**

**کۆمەڵ: 1-2 کورسی**

3




ژنان 12

### لە هەولێر ژنە قورئانخوێنێک خۆی دەسووتێنێ



ڕاپۆرتەهەواڵ 2

### ئەمریکا نیگەرانی پێگەی کوردی پاش هەڵبژاردنە

هەڤپەیڤین 14

پارێزگاری تاران بۆ (ڕووداو):

### ناوەندێکی گەشتیاریی تەندروستی لە کوردستان دەکەینەوە



ڕاپۆرت 5

### خۆبەخشەکان مووسڵ لە دەست و پێ و کەللەسەری پەڕیو پاک دەکەنەوە





## لە هەسنان بانگەشە قەدەخەیە

**رووداو – سۆران**

لە گوندی هەسنانی سەر بە قەزای سۆران رێگە بە هیچ حیزب و قەوارەیێکی سیاسی و کاندیدانیان نەدراوە پۆستەر و بڵاوکراوەکان هەڵبواسن. خەڵکی گوند دەڵێن ئێمە خزمایەتی بە حیزبایەتی نادەین. کازم ئەحمەد، موختاری گوندی هەسنان بە (رووداو)ی راگەیاند: "رێککەوتنێکی تەواوی دانیشتووانی گوند بوو و بڕیارمان لێی داوە و نابێت ئەو ژینگە جوانە بە پەڕۆ و پۆستەر تێکبدەین. کاندید و حیزبەکان ئازادن دێن و دەچن و خۆیان دەناسێنن، بەڵام بەبێ جێهێشتنی هیچ رێکلام و هەڵواسینی پۆستەرەکانیان". لە کۆی 463 کەسی دانیشتووی گوندەکە، 326یان مافی دەنگدانیان هەیە، دەڵێن نامانەوێ خزمایەتی بە حیزبایەتی بدەین.

# ئەمریکا نیگەرانی پێگەی کوردی پاش هەڵبژاردنە

**رووداو – هەولێر**

هەڵبژاردنەکانی عێراق لە کاتێکدا بەڕێوەدەچن کە تەنیا هەشت مانگ بەسەر گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان و حەوت مانگ بەسەر هێرشی هێزە عێراقییەکاندا بۆ سەر ناوچە کێشە لەسەرەکان تێدەپەڕێ. گشتپرسییەکە و رووداوەکانی دواتری تەنیا پەیوەندیی نێوان بەغدا و هەولێریان ئاڵۆز نەکردووە، بەڵکو درزی گەورەشی لە نێوان پێکهاتە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستاندا دروستکردووە. ئیدارەی ئەمریکیش نیگەرانە لەوەی کورد بەو پارچە پارچەییەی ئێستایەوە بەشداری لە پرۆسەی سیاسی دوای هەڵبژاردنەکاندا بکات.

شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ تاوتوێکردنی پرسی هەڵبژاردنەکان لە عێراقن. دەیڤید پۆڵاک، لێکۆڵەر لە پەیمانگای واشنتن، بە (رووداو)ی گوت: "یەکگرتوویی عێراق لەدوای هەڵبژاردنەکان بۆ ئەمریکا گرنگە"، جەختی لەوەش کردەوە کە ئەمریکا سوورە لەسەر ئەوەی هەڵوێستی عێراق لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بکرێتە ئەولەویەتێکی گرنگ.

پۆڵاک کە ساڵانێک وەکو راوێژکاری کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاری کردووە، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ئەمریکا هیواخوازە ئەم هەڵبژاردنە بە ئارامی بەڕێوەبچێ. کێشەیەکی دیکەش کە بەڕاستی بەلای ئەمریکاوە گرنگە، ئەوەیە عێراقی دوای هەڵبژاردنەکان هەتا چەندە یەکگرتوو دەبێ. بەتایبەتیش حکومەتی داهاتووی عێراق چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر دەکات".

لە ماوەی دەیە و نیوی رابردوودا هەرێمی کوردستان تاکە ناوچەی سەقامگیری عێراق بووە کە حکومەتی ئەمریکا بتوانێ وەکو نموونەیەکی سەرکەوتووی دوای رووخانی رژێمی بەعس باسی بکات، جیا لەمە کورد لە پێکهێنانی حکومەتەکانی عێراقدا رۆڵی سەرەکی هەبووە. بۆیەش پارچەپارچەبوونی هێزە کوردییەکان مایەی نیگەرانی واشنتنە و دەشێت پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق خاوتر بکاتەوە.

دەیڤید پۆڵاک جەخت لەو راستییە دەکاتەوە و دەڵێ: "کورد زۆر بەشبەش بوون، پێشهاتەکانی ئەمدواییەش ئەو دابەشبوونەی کوردی زیاتر کردووە و بێهیواییەکی زۆر هەیە". لە پشت دەرگا داخراوەکانی کۆشکی سپیش نیگەرانیەکی جدی هەیە لەوەی "ئەگەر کورد زیاتر دابەش بن، ئەمجارە لاوازتر دەبن لە عێراق، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی ئەو رۆڵە پۆزەتیڤەی لە هاوسەنگیی عێراقدا گێڕاویانە".

لە سەرەتای هێرشەکانی مانگی ئۆکتۆبەردا ئەمریکا دەستەوەستان بوو، ئەوکات ئیدارەی ئەمریکی باسیان لەوە دەکرد کە ئەوان لە سەرەتاوە لەگەڵ بیرۆکەی گشتپرسی نەبوون و نیگەرانی لێکەوتەکانی بوون، بەڵام پۆڵاک پێیوایە لەدوای هەڵبژاردنەکانەوە ئەمریکا بایەخ بە چارەسەری کێشەکانی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەدات.

لەوبارەیەوە دەڵێ: "هەر کەسێک (لە عێراق) دەسەڵات بگرێتەدەست، ناچارە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و کورد بگاتە رێککەوتن". هەڵوێستی حکومەتی عێراقیش بەرامبەر کێشەکان یەکێک لە ئەولەویەتەکانی ئەمریکا دەبێ. پۆڵاک دەڵێت مامەڵەی حکومەتی عێراق لەگەڵ کورد "فاکتەرێکی گرنگ دەبێ لەوەی ئەمریکا پشتگیری لە حکومەتی عێراق بکات یان نا".



"دابەشبوونی کورد هاوسەنگیی سیاسی لە عێراق تێکدەدات"

## برای پەناهی بۆ (رووداو):

# رامین یەکەم کوڕمان نییە سزای لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێ

نەتەوە یەکگرتووەکان و ژمارەیەک رێکخراوی دیکەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ، داوایان لە کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە، سزای لە سێدارەدانی رامین حوسێن پەناهی هەڵبوەشێنێتەوە. ئەو گەنجە کوردەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە دەبوو هەفتەی رابردوو لە سێدارە بدرێ.
رەفیق پەناهی کە برای رامینە و 17 ساڵە لە باشووری کوردستانە، نوێترین زانیاری لەبارەی براکەی بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات.

جەمال ئەحمەد جەمیل
رووداو- سلێمانی



رامین حوسێن

**رووداو: ئێستا رەوشی رامین چۆنە؟**

**رەفیق حوسێن پەناهی:** دوێنێ برایەکم لەزیندان سەردانی کردووە. هەواڵی لەسێدارەدانی پێگەشتووە، بەڵام هێشتا رەوشی باشە. بەڵام مەرگی نیشتمانی خوشکەزام باری دەروونی تێکداوە. رامین بە بریندارى دەستگیرکراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا برینەکانی سارێژ نەبووە و حکومی لەسێدارەدانی دراوە.

**رووداو: بۆچی بریندار بووە؟**

**رەفیق حوسێن پەناهی:** پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو. نۆ مانگ پێش ئێستا بۆ بینینی کەسوکار گەڕابووەوە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە رێگا تەقەی لێکرا و بە بریندارى دەستگیر کرا.

**رووداو: بۆچی ئێران سوورە لەسەر لەسێدارەدانی رامین؟**

**رەفیق حوسێن پەناهی:** هەموو ناوچەکانی دەوروبەری سنە ئێمە دەناسن. ئێمە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕین و خەڵکمان لێ شەهید بووە، بۆیە دەوڵەت بۆ تۆڵەسەندنەوە و چاوترساندنی گەنجانی رۆژهەڵات، رامین لە سێدارە دەدات.

**رووداو: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەسەر ئاستی جیهان هاتوونەتە سەرهێڵ و داوا دەکەن ئێران رامین لەسێدارە نەدات، پێتوایە ئێران پەشیمان بێتەوە؟**

**رەفیق حوسێن پەناهی:** بەدڵنیاییەوە هەموو ئەوانە کاریگەری خۆیان دەبێ. هەرچەندە ئێران لەرابردوودا گوێی بەهیچ گوشارێک نەداوە، بەڵام دۆسیەی رامین تایبەتە، خۆی بڕیار بوو پێنجشەممەی رابردوو لەسێدارە بدرێت. ئەگەر گوشارە نێونەتەوەیی و نێوخۆییەکان نەبوونایە، من پێموایە رامین لە سێدارە دەدرا.

**رووداو: لەسێدارەدانەکەی بۆ چ کاتێک دواخراوە؟**

**رەفیق حوسێن پەناهی:** بەشێوەیەکی کاتی دواخراوە. چونکە مەرگی نیشتمانی خوشکەزام نارەزایەتی زۆری لەنێوخۆدا هێنایە ئاراوە. ئەوان نەیانویست لەو کاتەدا لە سێدارەی بدەن، چونکە نەیانویستووە مەرگێکی دیکە بەسەر ئەو مەرگەدا بێنن. دایکم و کەسوکارەکەمان بە ئێرانیان گوتووە رامین بۆ ئێمە هێڵی سوورە، بە لەسێدارەدانی ئەو رووبەڕووی شەپۆلێکی نارەزایەتی دەبنەوە.

**رووداو: دەگوترێ رەوشی دایکت باش نییە؟**

**رەفیق حوسێن پەناهی:** ئێمە یەکەم کوڕمان نییە سزای لەسێدارەدانی بۆ دەربچێ. ئەنوەری برام شەش ساڵ پێش ئێستا هەمان سزای بۆ دەرچوو، دواتر سزاکەی گۆڕدرا و دوای هەشت ساڵ ئازاد کرا و دوورخرایەوە بۆ تاران. کوڕێکی دیکەمان تیرۆر کرا. برایەکی دیکەم لەگەڵ رامین دەستگیر کراوە و بە 9 ساڵ بەندکردن حوکم دراوە. کۆی ئەوانە گوشارێکی دەروونییە، هەڵگرتنی بۆ ژنێکی بەتەمەن بێگومان ئاسان نییە، بەڵام هێشتا ورەی بەرزە.

# لە هەڵبژاردنەکانی زانایانی ئاینی کێشە دەکەوێتە نێوان یەکێتی و یەکگرتوو

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو – سلێمانی**

هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کۆتایی هات، بەڵام لە هەڵەبجەی شەهید کێشە کەوتە نێوان یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی.

ناوەڕاستی مانگی نیسانی رابردوو، یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، کۆنفرانسی لقەکانی ئەنجامدا، ئەویش بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتییەکە، بەڵام لە لقی هەڵەبجەی شەهید، لەسەر شێوازی هەڵبژاردن، ناکۆکی کەوتە نێو ئەندامانی یەکێتی و یەکگرتوو.

بەرپرسێکی یەکگرتووی ئیسلامی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت: "ئەندامانی یەکێتی و سۆفییەکان کاتێک زانیویانە هیچ ئەندامێکیان دەرناچێ بایکۆتی هەڵبژاردنەکەیان کردووە". لە کۆی شەش ئەندامی لقی هەڵەبجە، چوار ئەندامی یەکگرتوو و ئەندامێکی بزووتنەوە و ئەندامێکی کۆمەڵ دەرچوون.

بەڵام مەلا عەتا پێنجوێنی، جێگری سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی رەتیکردەوە یەکگرتوو زۆرینەی دەنگەکانی هێنابێ و دەڵێت: "بەو شێوەیەش نییە..".

ئەو گوتی: " ئاساییە هەر کەسێک دەربچێ و ئێمە بەلامانەوە گرنگە کە خزمەتی زانایان بکرێ ، ئەندامانی یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ و پارتیش دەرچوون و هەموویان دواجار ئەندامی یەکێتی زانایانن".

کۆنفرانسی لقەکان، بۆ دیاریکردنی ئەندامانی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی زانایانە. لە سنووری لقەکانی پارێزگای سلێمانی 25 کەس لە سەنتەری سلێمانی، 9 کەس لە قەزای شارەزوور، 6 کەس لە هەڵەبجە، 12 کەس لە رانیە، 9 کەس لە کەلار، 6 کەس لە چەمچەماڵ ، 8 کەسیش لە قەڵادزێ هەڵبژێردراون. بەرپرسانی یەکگرتوو دەڵێن، لەو 9 کەسەی شارەزوور 4 یان لە ئەندامانی ئەوان بوون و لە سلێمانیش توانیویانە 15 ئەندامیان دەربچێ ، لە هەڵەبجەش چوار ئەندام.

مەلا مەحموودی ئازادی، بەرپرسی زانایانی کۆمەڵی ئیسلامی، پێیوایە ئامادەکارییەکانی کۆنگرە باش بەڕێوەچوون و کێشەیەکی گەورە نەبووە "بەڵام لە هەڵەبجە برایانی سۆفی و یەکێتی بایکۆتیان کرد و گوتیان دەبوو کەسێکی ئێمەش دەربچێ. برایانی یەکگرتوو تەنازولیان نەکرد، من وەک خۆم ئاسایی بوو بەلامەوە و مافی خۆشیان بوو ئەندامێکیان دەربچێ، چونکە بە حەقی خۆیان ئەندامێکیان دەردەچوو، لەبەر ئەوە بایکۆتیان کرد".

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لە (1970/9/21) لە گەڵاڵەی ناوچەی باڵەکایەتی بە چاودێری و ئامادەبوونی مەلا مستەفا بارزانی دامەزراوە. 16 لقی لە هەرێمی کوردستان هەیە.

نەجمەدین شەمساوە، سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، رەتیدەکاتەوە کێشە لەنێو یەکێتییەکە هەبێت و دەڵێ دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، کۆنگرەی شەشەمی یەکێتییەکەیان دەبەستن و تەنیا ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسەکان نابنە ئەندامی لق تاوەکو بگوترێ کێ براوەیە و کێ براوە نییە "10 ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیش دەبنە ئەندامی کۆنگرە، هەموو لایەک دەرچوون و ئێمە بە مەلایەتی گرتوومانە نەک بە حیزبایەتی، کامە مەلای زۆرتربێ ئەوە دەنگی زۆرتری هێناوە، چونکە ئەندامانی یەکێتی زانایان مەلان".

ئەو گوتیشی: "یەکگرتوو لە هەڵەبجە سێ ئەندامیان دەرچووە، نەک چوار".

# زەوی دەدرێتە زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی دهۆک

**ناسر عەلی**
**رووداو – دهۆک**

لافاوەکەی شەوی شەممەی رابردوو لە پارێزگای دهۆک، چوار کەسی کردە قوربانی، زیانیش بە 100 خانوو و 15 ئۆتۆمبێل گەیشت. خزمێکی قوربانییەکان دەڵێت ئەوان بۆ سەردانی نەخۆش هاتبوون، بەڵام بەهۆی لافاوەوە بوونە قوربانی.

بارانەکەی پارێزگای دهۆک لە کاژێر شەشی ئێوارەوە دەستی پێکرد و تاوەکو کاژێر سێی بەرەبەیان بەردەوام بوو، بەو هۆیەوە لافاو لە چەند ناوچەیەکی سەنتەری شاری دهۆک و ناحیەی فایدە هەڵسا.

بەهۆی ئەو لافاوەوە عەبدولغەفوور عەبدولغەنی تەمەن 45 ساڵ و خالیدە محێدین، تەمەن 40 ساڵ کە هاوژینی بوو، لەگەڵ عەلی عەدنان و محەممەدی کوڕە حەوت ساڵانەکەی کە بە نیازی سەردانی نەخۆش هاتبوونە دهۆک، بوونە قوربانی.

ئەوان بە تاکسییەک لە ناحیەی کەلەکچییەوە چووبوونە دهۆک، کاژێر 9:30 شەو لە ناحیەی فایدە ئۆتۆمبێلەکەیان کەوتە ناو ئاو و هەر چواریان خنکان. بەڵام شوفێرەکە توانیبووی خۆی رزگار بکات.

سیامەند عەلی کە خزمی ئەو خێزانەیە، بە (رووداو)ی گوت: "شوفێری تاکسییەکە خەڵکی ناوچەکەمانە، ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵی نییە، رووداوەکە قەزا و قەدەر بووە".

شوفێرەکە دوای ئەوەی بە مەلەکردن خۆی رزگار کردووە، یەکسەر سەردانی بنکەی پۆلیسی فایدە دەکات. رائید کەمال محەممەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی ناحیەی فایدە بە (رووداو)ی گوت: "شۆفێرەکەمان دەستگیر کرد و لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ کرد، گوتی رووداوەکە بە ئەنقەست نەبووە، بەڵام ئێمە لە لێکۆڵینەوەی خۆمان بەردەوام دەبین".

یەکەمجارە لە دهۆک لافاوی لەو شێوەیە رووبدات. موقەددەم شەرقی سلێمان، لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بەرگریی شارستانی لە دهۆک لە بارەی زیانەکانی لافاوەکە بە (رووداو)ی راگەیاند: "چوار کەس بوونەتە قوربانی، بەڵام تەرمی یەکێکیان هێشتا نەدۆزراوەتەوە".

هەروەها گوتی: "نزیکەی 100 خانوو زیانیان بەرکەوتووە و 15 ئۆتۆمبێلیش تێکشکاون".

هەیفا حەسەن دانیشتووی گەڕەکی بەرۆشکێ کە ئاو چووەتە نێو خانووەکەیان، بە (رووداو)ی گوت: "چەندین ساڵە ئێمە لەم خانووەداین، لە کاتی بارانبارێندا وامان بەسەر دێت، بەرپرسەکان سەردانمان دەکەن و هیچمان بۆ ناکەن".

دوای لافاوەکە، فەرهاد ئەترووشی، پارێزگاری دهۆک، سەردانی زیانلێکەوتووانی کرد. ئەترووشی بە (رووداو)ی راگەیاند: "لێژنەیەک بۆ خەمڵاندنی زیانەکان و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان پێکدێنین. ئەوانەی خانوویان دەکەوێتە سەر رووباری هیشکەڕوو، بە پارچە زەوییەک قەرەبوویان دەکەینەوە".

رۆژی 2018/5/6 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی بەشێک لەو ماڵانەی کرد کە لافاو زیانی پێگەیاندوون، بارزانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا بەڵێنی دا قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکاتەوە.

بەپێی دوایین ڕاپرسی لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان:

# پارتی (21-22) کورسی، یەکێتی (10-11) و هاوپەیمانی (8-9) کورسی دێنن

## گۆڕان (5-6) نەوەی نوێ (4-5) یەکگرتوو (3-4) کۆمەڵ (1-2) کورسی

سالح قادر
رووداو- هەولێر

بەپێی دوایین ڕاپرسی پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین کورسییەکانی کورد دەبات کە لە نێوان (21-22) کورسی دەبێ. دوای پارتیش، یەکێتی بە پلەی دووەم دێ کە (10-11) کورسی دەبات. پاشان هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادوەری (8-9) کورسی، بزووتنەوەی گۆڕان (5-6) کورسی، نەوەی نوێ (4-5) کورسی، یەکگرتووی ئیسلامی (3-4) کورسی و کۆمەڵی ئیسلامیش (1-2) کورسی دەبەن.

ڕاپرسییەکەی پەیمانگەی کوردستان کە دووەم ڕاپرسییەتی بۆ ئەم هەڵبژاردنە، لە ماوەی ڕۆژانی 2018/4/24 تاوەکو2018/5/2 کراوە. لەو ڕاپرسییەدا 3000 فۆرم لە هەرسێ پارێزگای هەولێر، دهۆک و سلێمانی دابەشکراوە و 2935 فۆرمیان بە دروستی بۆ گەڕاوەتەوە. ئەو نموونەیەی بۆ ڕاپرسییەکە هەڵبژێردراوە، نموونەیەکی هەڕەمەکیی هێشوویی بووە و ژمارەی دەنگدەران کراوەتە بنەما بۆ وەرگرتنی نموونەی ڕاپرسییەکە.

64.87%ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لە ڕەگەزی نێر بوونە و 35.13% لە ڕەگەزی مێ. تەمەنی بەشداربووانیش لەنێوان- 18 64 ساڵان بووە، بەڵام زۆرترین بەشداربووانی ڕاپرسییەکە تەمەنیان 26-35 ساڵان بووە کە 34.32% بووە. زۆرترین ئەوانەشی لە ڕاپرسییەکەدا ڕایان وەرگیراوە بێکارن کە 22.21% بووە. سەبارەت بە ئاستی خوێندەواریش زۆرترین بەشداربووانی ڕاپرسییەکە بڕوانامەی بکالۆریۆسیان هەبووە کە 23.85% بووە.

بەگوێرەی ڕاپرسییەکە 80.99%ی بەشداربووان پێشتر بەشدارییان لە هەڵبژاردنی 2014ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا کردووە و 19.01%یان بەشدارییان نەکردووە. ئەوانەی بەشدارییان لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا کردووە 41.10%یان دەنگیان

**زیاتر لە 20 کورسی دێنین**
**نەوەی نوێ**

بە پارتی داوە 20.95% یان دەنگیان بە یەکێتی داوە، 18.93% یان دەنگیان بە گۆڕان داوە. 3.11% دەنگیان بە کۆمەڵ داوە، 7.53% دەنگیان بە کۆمەڵ داوە. هەروەها دەنگی 5.84%ی بەشداربووانیش "سپی" بووە.

### ڕێژەی بەشداری 78% دەبێ

ئەو ڕاپرسییانەی پێشتر کراون، پێشبینی ڕێژەی بەشداری دەنگدەرانیان لە هەڵبژاردن لە نێوان 55 بۆ 65% داناوە، بەڵام بەگوێرەی ڕاپرسییەکەی پەیمانگەی کوردستان ڕێژەی بەشداری 78.26% دەبێ، هەروەها 12.57%ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە دەڵێن بەشداری لە هەڵبژاردن ناکەن، 9.17%ی بەشداربووانیش دەڵێن هێشتا بڕیاریان نەداوە کە بەشداری دەکەن یان نا.

بەگوێرەی ڕاپرسییەکە، زۆرترین ڕێژەی بەشداری لە دەنگدان لە پارێزگای دهۆک دەبێ بە ڕێژەی 85.25%، دوای ئەویش پارێزگای هەولێر دێت بە ڕێژەی 79.52% و پارێزگای سلێمانیش بەڕێژەی 72.21% دەبێ. زۆرترین ڕێژەی بەشدارینەکردنیش لە سلێمانی دەبێ کە 15.66% دەبێ، دوای ئەویش هەولێر دێت بە ڕێژەی 11.20% و دهۆک بەڕێژەی 9.91%. ئەوانەشی خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە کە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن یان نا، 12.14%یان لە پارێزگای سلێمانین. 9.28%یان لە پارێزگای هەولێرن و 4.83%یشیان لە پارێزگای دهۆکن.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی (CSIS) لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا پێشبینییەکانی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان و بەشداریی خەڵک و کاریگەرییەکانی خستبووە ڕوو. بە گوێرەی ناوەندەکە 60%ی کورد و 60%ی عەرەبی سوننە و 51%ی عەرەبی شیعە ئامادەیی خۆیان دەربڕیبوو کە بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن.

**زۆرینەی کورسییەکان دەبەین**
**هاوپەیمانی**




### دەنگ بە کێ دەدەی؟

پرسیارێکی ڕاپرسییەکە ئەوەیە: "ئەگەر بەشداری هەڵبژاردن دەکەی دەنگ دەدەی بە کێ؟" لە وەڵامدا 33.22%ی بەشداربووان دەڵێن دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن. 13.10% دەنگ بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەدەن. 10.01% دەنگ بە هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری دەدەن. 10.06% دەنگ بە بزووتنەوەی گۆڕان دەدەن. 8.84% دەنگ بە نەوەی نوێ دەدەن. 6.53% دەنگ بە یەکگرتووی ئیسلامی دەدەن. 3.13% دەنگ بە کۆمەڵی ئیسلامی دەدەن. 6.88% کاغەزی سپی دەخەنە نێو سندوقی دەنگدانەوە. 0.78% دەنگ بە بزووتنەوەی ئیسلامی دەدەن. 0.35% دەنگ بە ڕەوتی حیکمەی نیشتیمانی دەدەن.. 1% دەنگ بە حیزبی شیوعی کوردستان دەدەن.. 0.61% دەنگ بە سۆسیالیست دەدەن. 0.48%ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکەش دەنگ بە هیچیان نادەن.

### کورسیی حیزبەکان بەپێی پارێزگاکان

بە گوێرەی ڕاپرسییەکەی پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان (21-22) کورسی بەدەستدێنێ. ڕێژەی 41.88%ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لە پارێزگای هەولێر دەڵێن دەنگ بەو حیزبە دەدەن. پارتی لە هەولێر (5-6)کورسی دێنێ کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو حەوت کورسی هەبوو، واتە پارتی لە هەولێر (1-2) کورسی کەم دەکات. بەڵام لە پارێزگای دهۆک ڕەنگە پارێزگاری لە کورسییەکانی بکات، یان کورسییەک کەم بکات، پارتی لە هەڵبژاردنی ڕابردوو 8 کورسی لە دهۆک هەبوو، بە گوێرەی ڕاپرسییەکە (7-8) کورسی دێنێ. سەبارەت بە پارێزگای سلێمانیش، ڕاپرسییەکە پێشبینی کردووە (2-3) کورسی بهێنێ، لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا پارتی دوو کورسی لەو پارێزگایە هەبوو.

بەگوێری ئەنجامی ڕاپرسییەکە، یەکێتی (10-11) کورسی دێنێ کە (2-3) کورسی لە پارێزگای هەولێر دەبێ، یەکێتی لە هەڵبژاردنی ڕابردوو 4 کورسی لەو پارێزگایە هێنا، واتە (1-2) کورسی کەم دەکات. لە سلێمانیش (4-5) کورسی دێنێ کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو شەش کورسی لێ هێنابوو، واتە (1-2) کورسی کەم دەکات. یەکێتی لە هەڵبژاردنی ڕابردوو یەک کورسی لە پارێزگای دهۆک هەبوو، ڕاپرسییەکە پێشبینی دەکات کە یەکێتی ئەو کورسییە بهێنێتەوە یان لە دەستی بدات.

بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە، قەوارەکەی بەرهەم سالح، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری کە یەکەمجارە بەشداری هەڵبژاردن دەکات (8-9) کورسی دێنێ، لە هەولێر (1-2) کورسی، لە سلێمانی (3-4) و لە دهۆکیش (0-1) کورسی.

بزووتنەوەی گۆڕان کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو خاوەنی نۆ کورسی بوو، بەگوێری ڕاپرسییەکەی پەیمانگەی کوردستان ئەمجارە (3-4) کورسی لەدەست دەدات و بەگشتی (5-6) کورسی دێنێ. گۆڕان ڕەنگە لە هەولێر پارێزگاری لە دوو کورسییەکەی ڕابردووی بکات، یان کورسییەک لەدەست بدات. لە سلێمانیش کە حەوت کورسی هەبوو (3-4) کورسی دێنێ. لە دهۆک کورسی ناهێنێ.

**کۆمەڵ:**
**شەش کورسی دێنین**

**یەکگرتوو:**
**4 – 7 کورسی دێنین**

**گۆڕان:**
**دەنگەکانمان زیاد دەکەن**



(فۆتۆ: ڕووداو)

جوڵانەوەی نەوەی نوێ بە سەرۆکایەتی شاسوار عەبدولواحید کە یەکەم هەڵبژاردنە بەشداری دەکات و چاوی لە دەنگی گەنجان و خەڵکی تووڕەیە لە سیاسەتی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، پێشبینی بەدەستهێنانی (4-5) کورسی بۆ کراوە. لە هەولێر (1-2) کورسی، لە سلێمانی (2-3) کورسی و لە دهۆکیش (0-1)کورسی.

ئیسلامییەکانی کوردستان بە دوو لیست بەشدارییان لەو هەڵبژاردنەدا کردووە. بە گوێرەی ڕاپرسییەکە یەکگرتوو ((3-4) کورسی دێنێ، واتە پارێزگاری لە کورسییەکانی ڕابردووی دەکات کە چوار کورسی بوو، یان کورسییەک لە دەست دەدات. یەکگرتوو کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا لە هەولێر کورسی نەهێنا، ئەمجارە (0-1) دێنێ. لە دهۆک کە دوو کورسی هەبوو (2-3) کورسی دێنێ. لە سلێمانیش کە دوو کورسی هەبوو ڕەنگە دوو کورسییەکە لەدەست بدات، یان کورسییەک بهێنێ.

هەرچی کۆمەڵی ئیسلامییە، پێشبینی (1-2) کورسی بۆ کراوە کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا سێ کورسی هێنابوو. بەگوێرەی ڕای بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، کۆمەڵ لە پارێزگای هەولێر (0-1) کورسی و لە پارێزگای سلێمانی (0-1) کورسی و لە پارێزگای دهۆکیش هیچ کورسی ناهێنێ.

### حیزبەکان چەند کورسی لەدەست دەدەن؟

حیزبە کوردستانییەکان لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا 62 کورسی ئەنجوومەنی نوێنەرانیان هێنا (پارتی 25 کورسی، یەکێتی 21 کورسی، بزووتنەوەی گۆڕان 9 کورسی، یەکگرتوو 4 کورسی و کۆمەڵ سێ کورسی). بەڵام بە گوێرەی ڕاپرسییەکەی پەیمانگەی کوردستان، ئەمجارە پارتی (21-22) کورسی، یەکێتی (10-11) کورسی، هاوپەیمانی (8-9) کورسی، گۆڕان (5-6) کورسی، نەوەی نوێ (4-5) کورسی، یەکگرتوو (3-4) کورسی و کۆمەڵ (1-2) کورسی دێنن. واتە پارتی (3-4) کورسی کەم دەکات، یەکێتی (10-11) کورسی، گۆڕان (3-4) کورسی، یەکگرتوو (0-1) کورسی و کۆمەڵ (1-2) کورسی.

**متمانەی خەڵک بۆ یەکێتی گەڕاوەتەوە**
**یەکێتی**

### پێشبینیی حیزبەکان بۆ دەنگەکانیان

حیزبەکان پێشبینیی خۆیان هەیە بۆ دەنگەکانیان، بەگوێرەی پێشبینییەکانی ئەوان سەرجەمیان کورسییەکانیان زیاد دەکەن. هاوژین عومەر، بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە بەری ئۆپۆزیسیۆنبوونیان لەو هەڵبژاردنە دەچننەوە. هاوژین عومەر بە (ڕووداو)ی گوت: "لە هەرێمی کوردستان پێشبینی دەکەین پێنج کورسی بهێنین، لە لیستی نیشتمانیش لە کەرکووک لانیکەم کورسییەک دەهێنین".

قاسم گەلاڵی، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتوو، کاتێک گەرموگوڕیی بانگەشەی حیزبەکەی دەبینێ، پێشبینی کورسییەکانیان بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "پێشبینی دەکەین 4- 7 کورسی بهێنین".

پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە بە گوێرەی سەرجەم ڕاپرسییەکان یەکەمە، بەرپرسانیان ئامادەنین هیچ ژمارەیەک ئاشکرا بکەن. ڤیان سەبری، جێگری بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دەڵێت: "ئێمە لەلای خۆمان پێشبینیمان هەیە کە چەند کورسی دێنین، بەڵام هیچ ژمارەیەک بۆ ڕاگەیاندن ئاشکرا ناکەین".

یەکێتیش هاوشێوەی پارتی ئامادە نییە ئەنجامی ڕاپرسییە نێوخۆییەکانی بۆ ڕاگەیاندن ئاشکرا بکات. د.بڕیار ڕەشید، گوتەبێژی لیستی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاپرسییە نێوخۆییەکانمان دەریدەخەن کە متمانەی خەڵک بۆ یەکێتی گەڕاوەتەوە و ژمارەی دەنگەکانی زیاد دەکات، بە تایبەتی لە کەرکووک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بەڵام ژمارەی کورسییەکانمان ئاشکرا ناکەین".

قەوارەکەی د.بەرهەم سالح کە بە هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری ناسراوە، ئەوانیش هیچ ژمارەیەک ئاشکرا ناکەن. د.ڕێبوار کەریم، گوتەبێژی لیستی هاوپەیمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "پێشبینی ئێمە بۆ کورسییەکانمان لەسەرتاسەری کوردستان زۆرینەیە".

پێشبینییەکانی لیستی نەوەی نوێ بۆ کورسییەکانیان زۆر زیاترە لەو ژمارانەی ڕاپرسییەکان دەیخەنە ڕوو. ئارام سەعید، بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی جوڵانەوەی نەوەی نوێ بە (ڕووداو)ی گوت: "بەگوێرەی ئەو ڕاپرسیانەی کردوومانن، لە سەرتاسەری عێراق سەرووی 20 کورسی دێنین، زۆربەی دەنگەکانیشمان لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی دەبێ".

بزووتنەوەی گۆڕان کە سێیەمجارە بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات، پێشبینی زیادبوونی دەنگەکانی دەکات. بەلێن ئیسماعیل، بەرپرسی ژووری بزووتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی سەرجەم ئەو ڕاپرسیانەی کراون، دەنگەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی و کەرکووک زیاد دەکەن".

**پێشبینەکانی پەیمانگەی کوردستان بۆ ژمارەی کورسیی حیزبەکانی بەپێی پارێزگاکان**

| ناوی کیانی سیاسی | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 6 - 5 | 3 - 2 | 8 - 7 | ************* | 22 - 21 |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 3 - 2 | 5 - 4 | 1 - 0 | ************* | 11 - 10 |
| هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری | 2 - 1 | 4 - 3 | 1 - 0 | ************* | 9 - 8 |
| بزووتنەوەی گۆڕان | 2 - 1 | 4 - 3 | 0 | ************* | 6 - 5 |
| نەوەی نوێ | 2 - 1 | 3 - 2 | 1 - 0 | ************* | 5 - 4 |
| یەکگرتووی ئیسلامی | 1 - 0 | 1 - 0 | 3 - 2 | ************* | 4 - 3 |
| کۆمەڵی ئیسلامی | 1 - 0 | 1 - 0 | 0 | ************ | 2 - 1 |

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (504) - دووشەممە 2018/5/7





## سەلاحەدین بەهائەدین: خەونی ناکۆکی نێوان یەکگرتوو و کۆمەڵ لەگۆڕ دەنێین

**ڕووداو- ڕانیە**

سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی بە ئاماژەدان بەوەی "کۆمەڵی ئیسلامی برامانن و ڕێز لە ئیجتیهادیان دەگرین" دەڵێت: "بەهیچ شێوەیەک بە نەفەسی شەڕ و موناقەسە لەگەڵ کۆمەڵ مامەڵە ناکەین و ئەو خەونانەی دەبیندرێن بۆ ناکۆکی نێوانمان لەگۆڕی دەنێین".

ئەمینداری یەکگرتوو لە بانگەشەی لیستەکەی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، لە ڕانیە هەروەها گوتی "ئەو شکستانەی بەسەر هەرێمی کوردستاندا هات و قەیرانەکانیش بە تایبەت قەیرانی دارایی، ئاسەوارێکی گەورە و خراپی لەسەر دەروونی خەڵکی کوردستان جێهێشتووە، بەڵام دەبێت بەدەنگدان سنوورێک بۆ ئەم شکستانە دابنرێ".

## چەند پاڵێوراوێکی دیکەی لیستەکەی هەڕەشەی کشانەوە دەکەن

# لیستەکەی عەبادی لە کوردستان لەبەریەک هەڵدەوەشێ

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

لیستەکەی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی کێشە نێوخۆییەکانیەوە نایپەرژێتە سەر ئەوەی بانگەشە بکات. بەربژێرێکی ئەو لیستە لە پارێزگای سلێمانی دەڵێت "هەرچی بەڵێنی کە پێیاندابووین، درۆ دەرچوون".

بەکر حەبیب کە لەسەر پۆستەرەکانی بە مەلا بەکر خۆی بە دەنگدەران دەناسێنێ، دەڵێ لەوەتەی هەیە ناسنامەی هیچ حیزبێکی نەخستووەتە گیرفانییەوە. بە گوتەی خۆی لە نزیکەوە کێشە و کەموکورتی ژیانی خەڵکی بینیوە، بۆیە ئەو هەڵبژاردنەی بە دەرفەت زانیوە بۆ ئەوەی لەسەر لیستی عەبادی خۆی بپاڵێوێ و لەو ڕێگایەوە خزمەت بە خەڵکی شارەکەی بکات.

ئەو بەربژێرەی لیستی نەسر لە سلێمانی دەڵێت، لەسەرەتاوە هەموو بەربژێرە کوردەکانی نێو ئەو لیستە دڵخۆش بوون و بەڵێنی زۆریان پێدرا لەلایەن عەبادی بۆ ئەوەی بتوانن متمانەی دەنگدەران بەدەستبێنن. بەڵام ئێستا باسی کێشە و کەموکورتییە نێوخۆییەکانی لیستەکەیان دەکات لە پارێزگای سلێمانی و دەڵێ: "ئێمە 9 بەربژێرین، کەچی ژمارە 10 لە لیستەکەماندا هەیە، کەس نازانێ ئەو ژمارەیە چییە و کێیە و بۆچی دانراوە".




ناڕەزایی دەربڕینی گەنجێکی کورد بەرامبەر لیستەکەی عەبادی لە شاری هەولێر

(فۆتۆ: AFP)

لیستەکەی حەیدەر عەبادی، هەر لە سەرەتاوە پاڵێوراوی ژمارە یەکی لەلایەن کۆمیسیۆنەوە ڕەتکرایەوە. هەرچەندە کەسێکی دیکەیان لە شوێنی دانا، بەڵام دیسان ئەویش ڕەتکرایەوە. بەکر حەبیب دەڵێ: "من خەڵکی ئەسڵی شارەکەم، داوام کرد ژمارە یەک بدەنە من، کەچی ژمارە 2 لای ئێمە سەرۆکی لیستە، ئافرەتێکیان داناوە نازانێ بە کوردی قسە بکات و خزمی بەرپرسێکی حیزبیی ئەم شارەیە"، زۆرتر لەبارەی بەربژێرەکانەوە دەڵێ: "ژمارە سێ پیاوێکی تورکمانی خەڵکی تەلەعفەرە و لەکاتی داگیرکردنی عەفریندا بزەی سمێڵی دەهات، هەرچەندە کردم بە هەرا لەگەڵی لەسەر ئەوە، بەڕاستی ئەم لیستە لیستێکی کوردی نییە و پێم قبوڵ ناکرێ بەو شێوەیە".

حەیدەر عەبادی، چاوەڕوانی ئەوەیە سەرکەوتنێکی گەورە لە بەغدا و شارەکانی باشووری عێراق بەسەر ڕکابەرەکانیدا تۆمار بکات، بەڵام ڕۆژانە هەواڵی ناخۆشی لە هەرێمی کوردستانەوە پێدەگات. دوو لە پاڵێوراوەکانی لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر، لە کۆنگرەی ڕۆژنامەڤانیدا کشانەوەی خۆیان لەو لیستە ڕاگەیاند.

هەفتەی پێشوو، ڕەوشەن عەبدولسەلام، کاندیدی لیستی هاوپەیمانی نەسر لە دهۆک وازی لەو هاوپەیمانییە هێنا و پەیوەندی بە لیستی پارتییەوە کرد. ڕەوشەن بە (ڕووداو)ی گوت: "بەشێوەیەکی فەرمی لە لیستەکە کشاومەتەوە و نامەم داوەتە کۆمیسیۆن و ئێستا من لەو لیستە نەماوم". پاشان ڕۆژی 2018/5/6 هیمان ڕەمزی کە کاندیدی لیستەکەی عەبادی بوو لە هەولێر، کشانەوەی خۆی لە لیستەکە ڕاگەیاند.

ناسر بەگ، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی نەسر لە پارێزگای دهۆک، لەبارەی کشانەوەی پاڵێوراوەکانی لیستەکەیان لە دهۆک و هەولێر، دەڵێت هەر کەسە و کێشەی خۆی هەیە "من ئاگام لە کێشەکانیان نییە، بەڵام ئەگەر حەیدەر عەبادی بهاتبایە بۆ دهۆک باشتر بوو بۆ ئێمە، ئێمە بێ چانسین، ئەگەر چانسمان هەبووایە عەبادی دەهاتە دهۆک".

کشانەوەی پاڵێوراوەکانی هاوپەیمانی نەسر لە کوردستان بەشێکی لە نائومێدییە و پێیانوایە ناتوانن بە دەنگی خەڵکی کوردستان لەنێو لیستێکی عەرەبیدا بگەنە پەرلەمانی عێراق. بەکر حەبیب، دەڵێ لەگەڵ زۆربەی پاڵێوراوەکانی لیستی نەسر قسەی کردووە: "چەند کەسێکی دیکە هەڕەشەی کشانەوە دەکەن و منیش پێمباشە پاڵێوراوی دیکە بکشێنەوە بۆ ئەوەی ببێتە گوشار و ئەوان وەک مەقاش ئێمە بەکارنەهێنن بۆ ئەوەی بڵێن لە سلێمانی و هەولێر و دهۆکیش لیستمان هەیە".

ناوبراو نیگەرانە لەوەی خەڵکیان لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقەوە هێناوە و لەسەر پارێزگای سلێمانی کردوویانن بە بەربژێر "لەو 9 کەسەی لیستی نەسر لە پارێزگای سلێمانی، تەنیا 5 کەسمان خەڵکی سلێمانین، ئەوانی دیکە خەڵکی پارێزگاکانی سەلاحەدین و مووسڵ و بەغدان، نازانم ئەو کەسانە لە کوێوە هاتوون و چۆن هێنراون و کێ هێناونی".

# سلێمانی بە پارەی سەرپێچیی بانگەشە خاوێن دەکرێتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو - سلێمانی**

بەرپرسێکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەڵێ، پاڵێوراوەکان و لیستەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا ڕۆژانە دەیان حاڵەتی سەرپێچی لە یاسا و ڕێساکانی کۆمسیۆن تۆمار دەکەن، ئەگەر سزایان نەدەن، بانگەشەی هەڵبژاردن دۆخی شارەکان و ژیانی خەڵک تێکدەدات. بەرپرسێکی شارەوانیی سلێمانیش دەڵێ لیستێکی نوێی سکاڵایان لەسەر لیست و پاڵێوراوەکان لە سلێمانی ئامادە کردووە و دەیانەوێ بیدەنە کۆمیسیۆن".

تاوەکو ڕۆژی دەنگدان نزیکتر ببێتەوە، حاڵەتەکانی سەرپێچی و بەزاندنی ئەو هێڵانە زۆرتر دەبن کە کۆمسیۆن و شارەوانییەکان دایانناون بۆ لیست و پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردن. بەرپرسانی باڵای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەڵێن زیاتر لە 300 پاڵێوراو و لیست سزادراون و سزادانیشیان بەهۆی سکاڵای کۆمیسیۆن و شارەوانی و لیستەکانی هەڵبژاردنەوە بووە.

ڕزگار حاجی، جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "تەنیا ڕۆژی شەممەی ڕابردوو 100 قەوارە و پاڵێوراو لە سەرتاسەری عێراق سزادراون".

ڕزگار حاجی جۆری سەرپێچییەکانی ئاشکرا کرد و گوتی: "زۆربەیان بریتین لە هەڵواسینی تابلۆ لەسەر دیواری فەرمانگە حکومییەکان و ئەو شوێنانەی ڕێگەپێدراو نین بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێن، بەڵام دیارە لیست و پاڵێوراوەکان بەردەوامن لەسەر ئەو سەرپێچییانە".

ئەو بەرپرسەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دەڵێ لە هەموو پارێزگاکانی عێراقەوە سەرپێچی تۆمار دەکرێن و لیست و پاڵێوراوەکان سزا دەدرێن "بەڵام شاری بەغدا زۆرترین حاڵەتی سەرپێچی تێدا تۆمار دەکرێ، چونکە شارێکی گەورەیە و پایتەختە و ململانێیەکی توندی تێدایە، هەروەها کەرکووک یەکێکە لەو شارانەی لە دوای بەغداوە سەرپێچی زۆری تێدا تۆمار دەکرێ و لیست و پاڵێوراوی زۆریش لەوێ سزادراون".

لە هەڵبژاردنەکەی 12ی ئایاردا 87 لیست و 23 هاوپەیمانی بەشدارییان کردووە کە بە سەرجەمیان نزیکەی 7000 کاندیدیان هەیە. زۆریی لیست و پاڵێوراوەکان وای کردووە ژمارەی سەرپێچی و بەزاندنی ڕێوشوێنەکانی کۆمسیۆن و شارەوانییەکان زۆرتر ببن.

بەشێک لەو سکاڵایانە، پاڵێوراوەکان لە دژی پاڵێوراوانی دیکە تۆماری دەکەن. بەشێکی دیکەیان لەلایەن لیستەکانەوە لە دژی لیستی دیکە، بەڵام کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش بۆخۆی لەڕێگای بنکە و فەرمانگەکانیەوە سکاڵا دژی سەرپێچییەکان تۆمار دەکات. بەشێکی دیکە لە ناڕەزایەتی و سکاڵاکان شارەوانییەکان دەیجوڵێنن بەو پێیەی لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، شارەوانییەکانیش هەندێک ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆیان وەک مەرجی بانگەشە دەخەنە بەردەم لیست و قەوارە و پاڵێوراوەکان.

ڕزگار حاجی دەڵێ: "ئەگەر هەموو سکاڵایەک وەربگرین، ئەوە ژمارەی سکاڵاکان و سزاکان چەند قات دەبێ، بەڵام کاتێک لێیدەکۆڵینەوە، وا دەرناچن و ڕەتدەکرێنەوە".

هەرچەندە لە سەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردنەوە، حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق داوای کرد لیست و لایەنەکان دووربکەونەوە لە کاری نایاسایی، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، لە بەغدا لیستەکانی عەبادی و مالیکی و هادی عامری زۆرترین سکاڵایان دژی یەکدی تۆمار کردووە.

هەفتەی پێشوو، کەریم تەمیمی، گوتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند، ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان سزای توندی 60 کاندید و قەوارەی سیاسی بەشدار لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەلەمانی عێراقی داوە. تەمیمی ڕوونیکردەوە، سزاکان بریتین لە پێبژاردنی دارایی دژی قەوارە و کاندیدەکان کە بۆ قەوارەکان 5 ملیۆن دینار و بۆ کاندیدەکان 2 ملیۆن دینارە.

لە سەرەتای تۆمارکردنی ناوی قەوارە و لیستەکانەوە، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بڕی 50 ملیۆن دینار لە هەر لیستێکی بەشداربووی هەڵبژاردن وەردەگرێ. دوای هەڵبژاردن، لیستەکان دەتوانن 25 ملیۆن لەو پارەیە وەربگرنەوە، بەڵام وەک بەرپرسی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی باسی دەکات، ئەو لیستەی سەرپێچی کردبێت ئەو 25 ملیۆن دینارە وەرناگرێتەوە. بەپێی ژمارەی سەرپێچییەکانی لێی دەبڕدرێت و شارەوانیش ئەو پارەیە بۆ خاوێنکردنەوەی شار بەکاردێنێ.

زەردەشت ڕەفیق، دەڵێ ژمارەیەکی زۆر سەرپێچی لیست و پاڵێوراوەکانیان لە بەردەستە و دەیانەوێ بیکەنە لیستێک و بیدەنە کۆمسیۆن بۆ ئەوەی سزا بدرێن "لەناو باخچەکان و شوێنەکانی پشوودانی خەڵک ئەسکەلەیان داناوە و وێنەیان پێدا هەڵواسیوە، یان کەتیرە و سیکۆتینی زۆر دەدەن لە پشت وێنەکانیان و دواتر وێنەکان لێنابنەوە".

وەک بەرپرسانی کۆمسیۆن باسی دەکەن، لەم هەڵبژاردنەدا سکاڵای پاڵێوراوەکان لە سکاڵای لیستەکان زۆرترە، بەوپێیەی زۆرترین سکاڵای پاڵێوراوەکان ئەوەیە کە دەڵێن لەلایەن پاڵێوراوی لیستی دیکەوە پۆستەر لەسەر پۆستەری ئەوان لێدراوە.

لەدوای هەر هەڵبژاردنێک، لیست و بەربژێرەکان چ ئەوانەی دەگەنە پەرلەمان و چ ئەوانەی بەنائومێدی ڕێگای ماڵەوە دەگرنە بەر، لەو هەموو وێنە و دروشم و پۆستەرانە ناپرسنەوە کە بە ستوونەکانی کارەبا و شوێنە گشتییەکانەوە جێیانهێشتووە. ئەوەش وای لە شارەوانی کردووە ڕێوشوێنەکانی توندتر بکات.

بەرپرسی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی دەڵێ لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی عێراق سەرپێچی و سزادانی لیست و قەوارەکان زۆرتر بوو لە ئێستا "ئەو پارەیەی لە بری سزادانی لیست و قەوارەکان وەرمانگرتبوو بەشی خاوێنکردنەوەی سلێمانی کرد، ئەمجارەش هەوڵ دەدەین وایان لێبکەین خۆیان وێنە و پۆستەرەکانیان لاببەن، بەڵام ئەگەر نەیانکرد، ئەو پارەیە دەدەینە کۆمپانیایەک بۆ ئەوەی سلێمانی خاوێن بکاتەوە".




لە سەرەتای ئەم هەفتەوە 100 قەوارە و پاڵێوراو لە عێراق سزا دراون

## شەلال عەبدول، پاڵێوراوی یەکێتی لە لیستی قەڵای جەماوەری نیشتمانی لە سەلاحەدین:

# خەڵکی خورماتوو ئاوارە نەبوونایە سەرکەوتنمان مسۆگەر بوو

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەهۆی ڕەوشی ژیانی دەنگدەرەکانیەوە، سەختترین بانگەشەی هەڵبژاردن ڕووبەڕووی بووەتەوە، بەشی هەرە زۆری ئەوانەی داوایان لێدەکات دەنگی پێبدەن ئاوارەن. شەلال عەبدول پاڵێوراوی ناوچەیەکە، هێشتا بەشێک لە دەنگدەرەکانی لێقەوماون.

ئێستا شەلال عەبدول قایمقامی خورماتوو نییە. دوای 16ی ئۆکتۆبەر لەژێر گوشاری گرووپە تورکمانییەکانی خورماتوو لە پۆستەکەی لادرا. ئێستا دەیەوێ لە ڕێگای پەرلەمانەوە بگەڕێتەوە نێو کاری سیاسی، بەڵام بە ڕێگایەکی پڕ لە کەند و کۆسپدا، چونکە کورد لە پارێزگای سەلاحەدین لیستی نییە. ئەویش ناچار بووە لە نێو لیستێکی عەرەبە سوننەکاندا بەناوی قەڵای جەماوەری نیشتمانی، خۆی بپاڵێوێ.

شەلال عەبدول دەڵێت: "سەرباری ئەو دۆخە خراپەی ئێستا بەهۆی ڕووداوەکانی ئەمدواییە هەیە، خۆمان کاندید کردووە لەسەر لیستێکی عەرەبی پارێزگای سەلاحەدین و ئومێد دەکەین بتوانین کورسییەک بهێنین".

تاکە خاڵی ئەرێنی کە شەلال عەبدول لەو دۆخە ناهەموارەی خورماتوودا دەیبینێتەوە، ئەوەیە کە کۆمسیۆن ڕێگای داوە کوردە ئاوارەکەی ئەو شارە لە ناوچە جیاجیاکانەوە بەشداریی هەڵبژاردن بکەن.

قەزای خورماتوو، سەر بە پارێزگای سەلاحەدینە. پێش 16ی ئۆکتۆبەر ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی 220 هەزار کەس بوو، کورد 55%، عەرەب 15% و تورکمانیش 30%. بەڵام لە دوای ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەرەوە هەموو شتێک بە خێرایی گۆڕا. چونکە دانیشتوانە کوردە زۆربەیان ئاوارە بوون.

شەلال عەبدول دەڵێ "خراپی دۆخی خورماتوو لەوەدایە ئێستا زۆربەی خەڵکەکەی ئاوارەن و ئەوە کێشەی ئێمەیە، بەڵام هەر باشە کە کۆمسیۆن ڕێگای داوە ئاوارەکان لە شوێنی ئاوارەبوونبانەوە دەنگ دەدەن و بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن.

شەلال عەبدول لە دەنگێکی زۆری کوردی خورماتوو بێبەش دەبێ و دەڵێت "گرووپەکانی حەشدی تورکمانی کە باڵادەستن، زۆر نامەسئولانە هەڵسوکەوت دەکەن و کێشەمان بۆ دروستدەکەن، ناهێڵن کورد دەنگی پێشووی بهێنێتەوە".

خەڵکی خورماتوو هەروا بە ئاسانی ناتوانن دیمەنەکانی دوای دەرکردنی پێشمەرگە لە ناوچەکەیان لە بیربکەن. چونکە بەپێی ئامارەکان نزیکەی 500 دوکان سووتێنراون، بەشێکی زۆریشیان پێش سووتاندنیان تاڵانکراون. کوردی خورماتوو، هەم سەرچاوەی بژێوی ژیانیان، هەم شوێنی مانەوەیان لەدەستداوە. ئەوە جگە لەوەی ژمارەیەکی ئێجگار زۆریان ئاوارە بوون.

بەڵام شەلال عەبدوول دەڵێ، ئێستا هێزی بەرپەرچدانەوەی خێرا نێدراونەتە خورماتوو، ئەوان ڕەوشەکەیان ئاسایی کردووەتەوە "بە ئەمانەتەوە دەڵێم، ئەو هێزەی ئێستا لە خورماتوو هەیە، هێزێکی زۆرباشن. توانیویانە لەماوەی چەند مانگی ڕابردوو یاسا سەروەربکەن، بۆیە گەشبینین کە ڕۆژی هەڵبژاردنیش ئەو هێزە بتوانن ئازادی بۆ خەڵک فەراهەم بکەن دەنگ بدەن و نەترسن و بوار نەدەن هیچ لایەنێک پێشێلکاری بکات".

لەسەر ئاستی پارێزگای سەلاحەدین، شەلال عەبدول، تاکە کاندیدی یەکێتییە لەسەر لیستی قەڵای جەماوەری نیشتمانی، داواکارە خەڵکی خورماتوو دەنگی بدەنێ "بۆ ئەوەی شەڕی خورماتوو ببەمە پەرلەمانی عێراق و پەرلەمان بکەمە سەنگەرێک بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی خەڵکی خورماتوو".

ئەو پاڵێوراوەی یەکێتی لە خورماتوو دەڵێ، ئاوارەکانی خورماتوو بوونەتە کێشە، هەر هەندێکیان لە شوێنێکن "بە دڵنیاییەوە ئەگەر لەشوێن و ڕێگای خۆیان بوونایە پێشبینی ئەوەمان دەکرد یەکێک بووینایە لەو ڕکابەرانەی دەنگی یەکەممان لە پارێزگای سەلاحەدین بهێنایە". گوتیشی "پەیوەندیمان لەگەڵ زۆربەی سەرۆک عەشیرەتە عەرەبەکان هەیە و بەڵێنیان پێداوین دەنگمان بدەنێ".

ئەمینداری گشتی هۆزە عەرەبەکانی خورماتوو دەڵێت، لەو کاتەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکە نەماون بارودۆخی ئەمنی خراپ بووە، هەربۆیە ڕەوشەکە بۆ هەڵبژاردن گونجاو نییە. سائر ئەلبەیاتی گوتی "نەمانی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەندێک ناوچە، بەتایبەتی لە دەوروبەری خورماتوو و هەندێک ناوچەی سنووری نێوان کەرکووک و سەلاحەدین، بووەتە هۆی زیادبوونی جموجۆڵەکانی داعش و ڕوودانی پێشێلکاری ئەمنی. گوتیشی "بانگەشەی هەڵبژاردنەکان لە سەلاحەدین بەشێوەیەکی تەندروست بەڕێوەناچن، هەندێک هێز و پارت لە پارێزگاکە هەژموونیان بەسەر ویستی دەنگدەراندا هەیە و هەڕەشەش دەکەن".

لە هەڵبژاردنی ڕابردووی پەرلەمانی عێراقدا، پاڵێوراوەکەی یەکێتی، بەناوی کەریم شوکر، 16 هەزار و 98 دەنگی لە خورماتوو هێنابوو کە زۆرترین دەنگ بوو لە نێو پاڵێوراوانی پارێزگاکە، شەلال عەبدول دەڵێت "بەڵام لیستەکەمان نەگەیشتە پەرلەمان. ئێستاش زۆربەی کوردی خورماتوو لە شوێنی خۆیان نین، بەڵام خۆشبەختانە کۆمسیۆن ڕێگای داوە ئاوارەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونیان دەنگ بدەن".

### ژێر خانووە ڕووخاوەکانی مووسڵ پڕن لە تەرم

# خۆبەخشەکان مووسڵی کۆن لە دەست و پێ و کەللەسەری پەڕیو پاک دەکەنەوە



(فۆتۆ: AFP)

**ئاڵا وشیار– مووسڵ**

لە ناوچەی مووسڵی کۆن، وێنەی منداڵێکی کوردی ئێزدیمان بە دەستەوە گرتووە، منداڵەکە هەموو زانیارییەکانی لەلای ئێمە هەیە، تەمەنی 11 ساڵ بووە کە لەگەڵ خوشکێکی بچووکی و دایکی لەلایەن داعشەوە دەستبەسەر کراون، دواتر باوکی توانیویەتی دایکی و خوشکە بچووکەکەی بە پارە بکڕێتەوە، بەڵام تۆماس عەبدوڵڵا لە کەمپی ڕاهێنانی سەربازیی چەکدارانی داعش لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵی دیکەی کوردی ئێزدی ئامادەکرابوو بۆ خۆتەقاندنەوە، دواتر لە کاتی شەڕی ئازادکردنی مووسڵ، کەمپەکە بەر بۆردومانی فڕۆکە کەوتووە و 26 منداڵ لەو کەمپەدا کوژراون، بە تەنیا تۆماس ڕزگاری بووە.

ئەو ناونیشانی گەڕەکی مووسڵی کۆنی پێدابووین، بە گوتەی خۆی لەوێ لە نێو کەنیسەیەک ڕاهێنانی پێکرابوو، بە چوار دەوری کەنیسەدا گەڕاین، بەدوای کەسێکدا دەگەڕاین خاوەنی نێو وێنەکە بناسێتەوە، بەڵام کەست لەوێ دەستناکەوێ، چونکە سەرجەم خانووەکانی دەوروبەری کەنیسەکە بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەوە ڕووخاون.

ئاسەوارەکانی گەڕەکی مووسڵی کۆن، زۆرتر لە فیلمێکی ترسناک دەچن، لەوێ بۆنی مەرگ دەکەی، دەبێ بەردەوام دەمامک ببەستی، ئەگەرنا بۆنی تەرمی ژێر خانووە ڕووخاوەکان گێژت دەکەن.

لەژێر باڵەخانە و لادیوارە ڕووخاوەکاندا هەر دەستی پەڕیو یان قاچ یان کەللەسەر دەبینی، فیگۆری دەموچاوە سووتاوەکان بە حوکمی ئەوەی سووتاون، جگە لە بۆنیان، ترسناک و تۆقێنەرن. بەپێی هەندێک ئاماری نافەرمی 200 هەزار سڤیل لە نێو شاری مووسڵ کوژراون، زۆرترینیان لە گەڕەکی مووسڵی کۆنن. ئەو گەڕەکە دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە، هەموو ئەو خانووانەی کە وێران بوونە، لە ڕابردوودا شایەتی جوانیی ئەو ڕووبارە بوون کە بە نێوەڕاستی مووسڵدا تێدەپەڕی، کەچی ئێستا چاوی مردووە سووتاوەکانی ئەو گەڕەکە بەسەر ڕووبارەکەدا دەڕوانێ.

تەرمەکان چاوەڕێن کەسێکی بنەماڵەکەیان یان خۆبەخشێک بێت هەڵیانبگرێتەوە و هەر هیچ نەبێت لە ژێر گڵیان بنێ. ژنێکی بە تەمەن بە نێو خانووە ڕووخاوەکاندا دەگەڕا، لێم پرسی چی دەکەی لێرە؟ گوتی: "من جاران ماڵەکەم لێرە بوو، دەیڕوانیە ئەوبەری ڕووبارەکە. بەڵێ لە پەنجەرەی ماڵەکەمەوە ئەو مزگەوتەم دەبینی". چەند هەنگاو دەچووە دەستی چەپ و دواتر پەشیمان دەبووەوە، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و بە گریانەوە گوتی: "چۆن دەبێ مرۆڤ نەزانێ ماڵی خۆی کامەیە". هەتا ئەو کاتەی جێمانهێشت نەیتوانی بڕیار بدات کام یەک لەو کەلاوانە ماڵی ئەوە.

لە دوای گەشتێکی دوو کاژێری چەند گەنجێک دەبینین، بە دەمامک و جلی سپییەوە دەست و لاقە پەڕیوەکان دەکەنە نێو عەلاگەیەکی ڕەشەوە. ئەوان گرووپێکی خۆبەخشن، تەمەنی هیچیان لە 25 ساڵ تێناپەڕێ، بە گوتەی خۆیان دەیانەوێ پێش هاتنی وەرزی هاوین، گەڕەکەکە لە تەرم پاک بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن هەناسە بدەن و ڕزگاریان بێت لە بۆنی ئەو مردووانە.

گرووپەکە وەک ئەوەی دەست بدەنە بەردێکی تایبەت، لە نێو ئەو هەموو کەلاوەیەدا دەستێک، لاقێک و کەللە سەرێک هەڵدەگرن بێ ئەوەی سەرنج بدەن، ئاخۆ ئەو دەستە یان ئەو قاچە هی کام جەستەیە. یەکێکیان دەڵێت "ئێمە خەڵکی ئەم شارەین و دەبێ شارەکەمان پاک بکەینەوە و ئامادەی بکەین بۆ ئەوەی جارێکی دیکە خەڵک بێتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆی".

حکومەت بەهیچ شێوەیەک ئاوڕ لەو کارەساتە ناداتەوە وەک ئەوەی ئەو گەڕەکە لە دەرەوەی عێراق بێت. پرسیارم لە کەسێکی ئەندامی ئەو گرووپە کرد، سەبارەت بە ڕێوشوێنی ناشتنی تەرمەکان، بە پێکەنینەوە گوتی "لە دەرەوەی مووسڵ بە شۆفڵ دەیانکەین بە ژێر خۆڵەوە". کاتێک سەبارەت بە پشکنینی (DNA) بۆ تەرمەکان پرسیارم کرد، تەنیا گوتی "ئەو شتە بێ مانایە چییە".

تەرمی سڤیلەکان هاوشێوەی چەکداری داعش مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، چەند جارێک پرسیارمان لە گرووپەکان کرد کە چۆن و لەسەر چ بنەمایەک ئەو تەرمانە بەبێ پشکنینی دی ئێن ئەی هەڵدەگرنەوە و دەیانشارنەوە، بەڵام ئەوان دەیانگوت "ئەوانە تەرمی چەکدارانی داعشن".

کەمێک پاش ئەو قسانە تەرمی منداڵێکی سێ ساڵییان دۆزییەوە، منداڵەکە وەک پارچە کارتۆنێکی ڕەقی لێهاتبوو، دەستەکانی بە سکییەوە نووسابوون، وەک ئەوەی خەوی لێکەوتبێ، کەسێکیان لاشەی بێ گیانی منداڵەکەی بە دەستەوە گرت، بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەک لە چاوەکانیدا ببینم، لەگەڵ تەرمەکانی دیکە هەڵیدایە نێو عەلاگەیەک و کەسێک سەری عەلاگەکەی گرت و فڕێیاندایە نێو بارهەڵگرەکە! یەکێک لە ئەندامانی گرووپەکە بۆ ئەوەی شەرعیەت بداتە دیمەنەکە، گوتی: "ئەوەش دەبێ، لە شەڕدا خەڵکی بێ تاوانیش دەبنە قوربانی".

بۆ پشتڕاستکردنەوەی بێسەروشوێنبووانی نێو شاری مووسڵ پەیوەندیمان بە دادگای شاری موسڵەوە کرد، ئەوان گوتیان لە دوای نەمانی داعش و گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەند بۆ ئەو شارە تەنیا 3000 کەس لە دادگای مووسڵ داوای کەسوکاری خۆیان کردووە، بەڵام پێدەچێ لە داهاتوودا داواکاریی کەسوکاری بێسەروشوێنبووان زیاتر بێت. لە نێو دادگاکە بە ڕوونی پێیانگوتین "خەڵکی مووسڵی کۆن هەموویان ئاوارە بوون و بە تاوانی هاودەستی لەگەڵ داعش ناوێرن بگەڕێنەوە و سکاڵای خۆیان بگەیێننە حکومەت".

سەرەڕای کوشتن و بێسەروشوێنکردنی خەڵکی سوننە لە موسڵ، هیچ جموجووڵێک بەدی ناکرێ لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو شارە، ئەمەش پرۆسەی گەڕانەوەی خەڵکی بۆ ئەو شارە تا ڕادەیەکی زۆر سست کردووە.

**3000 کەس لە دادگای مووسڵ سکاڵای ونبوونی کەسوکاریان تۆمارکردووە**

**تەرمهەڵگرەوەکان جیاوازی لە نێوان تەرمی چەکدارانی داعش و خەڵکی سڤیل ناکەن**

# تورکیا دەست بە گۆڕینی دێمۆگرافیای عەفرین دەکات

**پۆڵ ئیدن**
**ڕووداو– هەولێر**

بەرەبەرە ئاماژەکانی گۆڕینی دێمۆگرافیای مێژوویی ناوچەی عەفرین لەلایەن تورکیاوە دەردەکەون، لە کاتێکدا ئاوارە سوورییەکان لە ناوچە جیاجیاکانی سووریاوە دەگوازرێنەوە شوێنی ئەو خەڵکە کوردەی بەهۆی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوونەوە لە شوێنی خۆیان هەڵکەندراون.

لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنەکەدا، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆککۆماری تورکیا، ئاماژەی بۆ گۆڕینی دێمۆگرافیای ناوچەکەی کرد، کاتێک ڕایگەیاند کە عەفرین دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو خەڵکەی ئەردۆغان بە "خاوەنە ڕەسەنەکان"ی ناوچەکە ناوی بردن. هەر ئەوکات بەو لێدوانە زەنگی خەتەری لێدا، چونکە عەفرین بەدرێژایی مێژووی خۆی شوێنی نیشتەجێبوونی زۆرینەیەکی کورد بووە.

عەفرین کە ناوچەیەکی دابڕاوی کوردستانی سووریا (ڕۆژئاوا)یە- لە ڕۆژی 18ی ئادار کەوتە دەست تورکیا و میلیشیاکانی سوپای ئازادی سووریا، ئەوەش دوای ئەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بڕیاریان دا شەڕی کۆڵان بە کۆڵان نەکەن، چونکە ئەو شەڕە دەبووە هۆی ئەوەی عەفرینیش وەکو شارەکانی دیکەی سووریا وێران ببێ. هێشتا دوو مانگ بەسەر کەوتنی عەفریندا تێنەپەڕیوە کە ئەردۆغان دەستی بە جێبەجێکردنی پلانەکەی لەو شارەدا کردووە.

هێزەکانی سوپای سووریای ئازادی سەر بە تورکیا ئاوارە سوورییەکانی قەلەموون، لەسەر سنووری لوبنان و غوتەی ڕۆژهەڵات لە عەفرین جێگیر دەکەن. بۆردومانەکانی سەر غوتەی ڕۆژهەڵات لەدوای بۆردومانی 2016ی ڕۆژهەڵاتی حەلەبەوە بێ وێنە بووە، بەهۆی ئەو بۆردومانەوە زیاتر لە 130 هەزار کەس ئاوارە بوون.

گیرسانەوەی ئاوارە و پەراگەندەکانی شەڕی نێوخۆی سووریا لە عەفرین شتێکی نوێ نییە. عەفرین دراوسێی پارێزگاکانی ئدلیب و حەلەبە و لە سەردەمی دەسەڵاتی پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) سەقامگیرییەکی ڕێژەیی بەخۆیەوە بینیبوو، بۆیەش پەناگەیەکی باش بوو بۆ ئەو خەڵکەی لە ناوچە جیاجیاکانی سووریاوە پەنایان بۆ هێنابوو. بەڵام هێرشی سوپای تورکیا سەقامگیریی ناوچەکەی تێکدا و بۆ یەکەمجار لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆی سووریاوە دەیان هەزار کەسی ئاوارە کرد.



هێزەکانی سوپای سووریای ئازادی ئاوارە سوورییەکانی قەلەموون، لە عەفرین جێگیر دەکەن (فۆتۆ: AFP)

هێزەکانی سەر بە تورکیا خانووە چۆڵەکانی کورد لە عەفرین ڕادەستی عەرەبە سوورییەکانی غوتەی ڕۆژهەڵات دەکەن. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی (سووریا دایرێکت)، ئەم خانووانە بە خۆڕایی دەخرێنە بەردەستی ئەو ئاوارانەی ڕوو لە عەفرین دەکەن. ئاوارەکانی غوتە هیچ هیوایەکیان نییە لە چەند ساڵی داهاتوودا بگەڕێنەوە سەر ژیانی جارانی خۆیان، بۆیەش دەشێ تورکیا و سوپای ئازادی سووریا ئەو ئاوارانە وەکو داشی یاری بەکاربهێنن بۆ دروستکردنی واقیعێکی دێمۆگرافیی نوێ، چونکە پێناچێ خەڵکێکی زۆر لەو ئاوارانە ئامادەبن خانوویەکی بێ بەرامبەر لە پێناو گەڕانەوە بۆ ناوچەی مەترسیدار و وێرانی خۆیان جێبهێڵن.

بەم حاڵەشەوە، هەموو ئاوارەکان ئامادە نین ئەو خانووانە قەبووڵ بکەن کە پێیان دراوە. خالید حەسەن، ئاوارەیەکی عەرەبی 29 ساڵەی خەڵکی غوتەی ڕۆژهەڵات، بە (سووریا دایرێکت)ی ڕاگەیاند "ئێمە لە ناوچەی خۆمانەوە ئاوارەی ئێرە بووین، وەکو میوانیش ڕوومان لەم ناوچەیە کردووە. ئەگەر خاوەنی خانووەکان ڕازی نەبن، ئەو خانووانە بێ بەرامبەر وەرناگرین".

بەڵام لە کۆتایی مانگی نیساندا، ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند "گۆڕانێکی دێمۆگرافی لەلایەن ئەو هێزانەوە جێبەجێ دەکرێ کە ئیدیعای پاراستنی خەڵکی سووریا دەکەن". مەبەستی ڕوانگەی سووری هێزەکانی سوپای ئازادی سووریای سەر بە تورکیا بوو.

ڕوانگەی سووری لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە سوپای ئازادی سووریا بە سپرای لەسەر موڵکەکان دەنووسێ فڵانە موڵکە بووە بە هی خۆیان. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە: "لە عەفرینی ئەمڕۆدا یەک قوتوو سپرای بەسە بۆ ئەوەی خانوویەک، زەوییەکی کشتوکاڵی و تەنانەت هەموو گوندێک بکرێتە موڵکی تایبەتی کەسێک یان گرووپێکی چەکدار".

دەستوبردی تورکیا لە حەواندنەوەی دەیان هەزار ئاوارەی سووری لە عەفرین ئاماژەیە بەوەی تورکیا دەیەوێ دێمۆگرافیای ناوچەکە لە بنەڕەتدا بگۆڕێ. لە سەرەتای 2017ەوە تورکیا توانیویەتی هێڵێکی 60 میلی لە جەرابلوسەوە بۆ ئەلباب لە دەستی داعش دەربکات. ئەو ناوچانە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی عەفرین و ماوەیەکی زۆریشە وەکو ناوچەیەکی ئارام بۆ ئاوارە سوورییەکان سەیر دەکرێن.

لە کۆتایی مانگی ئاداردا، ئەنقەرە ڕایگەیاند کە ڕاهێنانی بە 200 پۆلیسی سووری کردووە بۆ ئەوەی ئاسایشی ناوچەکە بپارێزن. بەڵێندەرەکانی تورکیا دەستیان بەبنیاتنانەوەی ناوچەکە کردووە، جیا لەمە تورکیا لە ئەلباب پشتگیری دارایی پێشکەش بە شارێکی پیشەسازی کردووە کە مەبەست لێی دامەزراندنی هەزاران گەنجی سوورییە.

ئەم ناوچانە سەقامگیرییەکی زیاتریان بەخۆوە بینیوە، ئاسایشیان باشترە و لەڕووی پێکهاتەی دانیشتووانیش یەکڕەنگترن لە عەفرین، بۆیەش پێدەچێ ئەو ناوچانە شوێنێکی گونجاوتر بن بۆ جێگیرکردنی ئاوارەکان، بەتایبەتیش ئەگەر باسی مانەوەی درێژخایەن یان هەمیشەییان بکەین.

تاوەکو ئێستا دیار نییە ئاخۆ ئەو هەوڵانەی ئێستای تورکیا و سوپای ئازاد پاکتاوێکی ڕاستەوخۆی نەتەوەیی ئەو ناوچانەی لێدەکەوێتەوە یان نا، لە کاتێکدا هاووڵاتییە کوردەکانی عەفرین تاوەکو ئێستاش بە ناچاری بۆ ناوچەکانی دیکەی سووریا رادەگوێزرێن یان ڕێگەی گەڕانەوەیان لێدەگیرێ. سەختە بۆ تورکیا ئەم ڕاگواستنە زۆرەملێیە بشارێتەوە، ئەگەر لەسەر ئەم سیاسەتەشی بەردەوام بێ، ئەوا دیارە کە ئامانجی یەکەمی لە دەرکردنی یەپەگە لە ڕۆژئاوای فوراتەوە گۆڕاوە بۆ ڕاماڵینی کورد بەگشتی بۆ ئەوبەری ڕووبارەکە.

# یەکێتی شەش کورسییەکەی لە کەرک

سروە ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسانی یەکێتی لە کەرکووک لە بانگەشەکانیاندا جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پارێزگاری لە دەنگەکانیان دەکەن و شەش کورسییەکەی خۆیان لە کەرکووک دەهێننەوە، بەڵام بەرپرسێکی یەکگرتوو ئەو ئەگەرە بەدوور دەزانێ و دەڵێت: "مەگەر بەغدا یارمەتی یەکێتی بدات".

لە هەڵبژاردنی رابردوودا یەکێتی لە کۆی 12 کورسییەکەی پارێزگای کەرکووک، 6 کورسی بەدەستهێنابوو، پارتیش دوو کورسی، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە پارتی بەهۆی رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە بایکۆتی هەڵبژاردنی لە پارێزگای کەرکووک کردووە، یەکێتیش کار بۆ ئەوە دەکات کە هەر هیچ نەبێ پارێزگاری لە دەنگەکانی بکات.

ئاسۆ مامەند، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەڵبەندی دووی یەکێتی لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت: "یەکێتی لە کەرکووک کار بۆ پاراستنی نێوماڵی کورد و چاککردنەوەی هەڵەکانی سەرکردایەتی کورد دەکات و پێگەی ئێمە و دەنگدەرانمان شەش کورسی مسۆگەر کردووە". جێگرەکەی ئاسۆ مامەندیش دەڵێت ئەوان کار دەکەن بۆئەوەی پارێزگاری لەو شەش کورسییە بکەن. رەوەند مەلا مەحموود، گوتی: "لەگەڵ ئەوەی ئێمە هەوڵەکانمان بۆ شەش کورسییە، بەڵام کاریش دەکەین بۆ سەرخستنی دەنگی کورد و بەشداریکردنی خەڵک لە دەنگدان جا دەنگ بە هەر لیستێک بدەن".

## شەش کورسییەکەی کەرکووک مسۆگەرە

یەکێتی

حیزبەکان گومانیان لەو بانگەشەیەی یەکێتی هەیە و پێیانوایە دەنگەکانی یەکێتی بەهۆی رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە لە کورتی دەدات.

یەکگرتووی ئیسلامی لە کەرکووک کە لە سێ هەڵبژاردنی رابردوودا هیچ کورسییەکیان نەهێناوە، ئەمجارە چاویان لە کورسییەکە، ئەوان بەو ئومێدەن پارتییەکانی کەرکووک دەنگیان پێبدەن.

جوان حەسەن کە کاندیدی یەکگرتووە لە بازنەی کەرکووک، لەبارەی دەنگەکانی یەکێتی دەڵێت ئەگەر یەکێتی ڕێککەوتنی نەکردبێت بۆ بردنی کورسییەکانی کەرکووک لەگەڵ بەغدا، ئەوە یەکگرتوو کورسییەک دەبات.

## یەکێتی لە کەرکووک سێ کورسی زیاتر بهێنێ، جێی گومانە

سۆسیالیست

جوان حەسەن بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە ڕۆژانە بەناو بازار و گەڕەکەکاندا دەگەڕێین و بانگەشە دەکەین. بۆمان دەرکەوتووە خەڵکە تووڕەکەش لە رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بەشێکی زۆریان دەنگ دەدەن، بەڵام کەمیان دەنگ بە یەکێتی دەدەن، مەحاڵە یەکێتی هەمان کورسیەکانی 2014 بهێنێتەوە کە شەش کورسی بوو، ئەوەی یەکێتی دەڵێت گوایە شەش کورسی دەهێنن گومان دروست دەکات، ئەوە یان بۆ بانگەشە و چەواشەکارییە، یان ڕێککەوتنێکی ژێربەژێرە لەگەڵ بەغدا".

## یەکێتی ئەگەر لەگەڵ بەغدا ڕێکنەکەوێ شەش کورسی لە کەرکووک ناهێنێ

یەکگرتوو

جوان حەسەن گومان دەخاتە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن و دەڵێت: "عێراق سیادەی نییە، هەموو جۆرە کارێکی نایاسایی تێیدا جێگەی گومان نییە، کۆمەڵێک وڵات عێراق بەڕێوەدەبەن، بۆیە ڕێککەوتن و دابەشکردنی کورسییەکان بە ئارەزووی خۆیان کارێکی ئاسانە، رەنگە بانگەشە و دەنگدانیش تەنیا سیناریۆ بێت بۆ شەرعیەتدان بەو پرۆسەیە و نیشاندانی سیمایەکی دیموکراسی بە پرۆسەکە و پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکانیش لە ڕێگەی سانتلیگۆوە هاوکاری ئەو کارە دەبێ".

کورد لەم هەڵبژاردنەشدا نەیتوانی بەرامبەر عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووک هاوپەیمانێتییەک دروست بکات، تەنیا یەک هاوپەیمانێتی هەیە، ئەویش لیستی نیشتمانە کە لە کۆمەڵ و گۆڕان و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری پێکهاتووە. ئەوانیش چاویان لەوەیە هەر هیچ نەبێ لە ڕێگەی ئەو یەکێتیانەی هەواداری د .بەرهەم ساڵحن کورسییەکی کەرکووک ببەن. ئەوان پێشبینی دەکەن کورد ئەمجارە لە کەرکووک پێنج بۆ شەش کورسی بهێنێ و زیاتر لە کورسییەک بۆ ئەوان بێ.

حەسەن بارام، ئەندامی ئەنجوومەنی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و گەشەپێدان دەڵێت: "ئەگەر پێشبینییەکانی یەکێتی بۆ بەدەستهێنانی شەش کورسی تەنیا بۆ پروپاگەندە و بەرزکردنەوەی ورەی دەنگدەران بێت، کارێکی ئاساییە، بەڵام ئێمە ترسمان لە ساختەکاری و دەستکاریکردنی ئەنجامی

## وڵاتێکی دراوسێ دەیەوێ ئەنجامی هەڵبژاردن لە کەرکووک بگۆڕێ

هاوپەیمانی

# خوێندنەوەیەک بۆ دەنگەکانی یەکێتی و گ

توێژەر: ئیسماعیل حەمەعەلی خورماڵی

یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە یەکی حوزەیرانی 1975 دامەزراوە. بزووتنەوەی گۆڕانیش لە 2009 لە یەکێتی جیابووەوە. یەکێتی لەپاش ڕاپەڕینی 1992 و بزووتنەوەی گۆڕانیش پاش دروستبوونی، بەشداری سەرجەم هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستانیان کردووە.

لێرەدا بەخێرایی تیشک دەخەینە سەر ژمارەی دەنگەکانی یەکێتی و گۆڕان لەو هەڵبژاردنانەدا کە بەشدارییان کردووە لە ساڵی 1992 تا 2014 و شیکاری ئەو داتایانە دەکەین. هەروەها شیکاری دۆخی یەکێتی و گۆڕان دەکەین لەو هەڵبژاردنانەدا، تا ئاستی هەڵکشان و داکشانی دەنگەکانیان بەجیا و پێکەوە.

### داتاکانی هەڵبژاردن:

لە عێراق و هەرێمی کوردستان سێ جۆر هەڵبژاردن کراون: (پەرلەمانی کوردستان- پارێزگاکان- ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق).

لەخوارەوە بەکورتی تیشک دەخەینە سەر شێوازی بەشداریکردنی یەکێتی و گۆڕان لەو هەڵبژاردنانە و داتاکانی.

### یەکەم: هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان خولی یەکەم 1992

یەکەمین خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 1992/5/19 بەڕێوەچوو. حەوت لیست بەشدارییان لەو هەڵبژاردنەدا کرد کە ژمارەی ئەندامانی ئەو خولەی پەرلەمان 105 پەرلەمانتار بوو، واتە کێبڕکێکە لەسەر 105 کورسی بوو. یەکێتی لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشان لیستێکی هاوبەشیان پێکهێنا، توانییان لەکۆی (971،453) دەنگ (423،833) دەنگ بهێنن، واتە ڕێژەی 43.6%. لەو هەڵبژاردنەدا جگە لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان و لیستی هاوبەشی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)، هیچ لیستێکی دیکە نەیتوانی بەربەستی هەڵبژاردن تێپەڕێنن کە 7% بوو. سەرەڕای ئەوەی پارتی 14056 دەنگی زیاتر بوو لە لیستە هاوبەشەکەی یەکێتی و زەحمەتکێشان، بەڵام کورسییەکانی پەرلەمانیان 50 بە 50 لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد، پێنج کورسییەکەی دیکەشیان دایە مەسیحییەکان (چوار کورسی بۆ بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری و یەک کورسیش بۆ لیستی یەکگرتووی مەسیحییەکانی کوردستان).

### خولی دووەمی پەرلەمان (2005)

پاش زیاتر لە 13 ساڵ، لە 2005/1/30 خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو. 13 لیست کێبڕکێیان لەسەر (111) کورسی دەکرد. لەم هەڵبژاردنەدا پارتی و یەکێتی و چەند حیزبێکی دیکە پێکەوە (لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان)یان پێکهێنا و لە کۆی (1.753.918) دەنگ (1.570.663) دەنگیان بەڕێژەی 89.6% بەدەستهێنا و (104) کورسی پەرلەمانیان بەرکەوت. لەناو لیستەکەدا (38) ئەندام بەر یەکێتی کەوت.

### خولی سێیەمی پەرلەمان (2009)

لە ڕۆژی 2009/7/25 سێیەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو کە 24 لیست کێبڕکێیان لەسەر (111) کورسی کرد. پارتی و یەکێتی پێکەوە (لیستی کوردستانی)یان پێکهێنا و توانییان لەکۆی (1.876.196) دەنگ (1.076.370) دەنگ و (59) کورسی بهێنن بەڕێژەی 57.37%، یەکێتی لەو هەڵبژاردنەدا 29 کورسی بەرکەوت.

لەم هەڵبژاردنەدا بۆ یەکەمجار بزووتنەوەی گۆڕان بە لیستی سەربەخۆ بەشداری کرد و توانی (445024) دەنگ بەڕێژەی 23.72% بەدەست بهێنێت و (25) ئەندامی پەرلەمان بەدەست بهێنێت.

### خولی چوارەم (2013)

هەڵبژاردنی 2013 دەرکەوتنەوەی دەنگی ڕاستەقینەی یەکێتی بوو، لەو هەڵبژاردنەدا کە لە2013/9/21 بەڕێوەچوو، (31) لیست بەشدارییان کرد. یەکێتی بە لیستی سەربەخۆ بەشداری کرد و لەکۆی (1.970.317) دەنگ توانی (350.500) دەنگ بهێنێ، واتە 17.8%ی دەنگەکان، یەکێتی لەو خولەی پەرلەمان خاوەنی (18) کورسییە. گۆڕانیش لەم هەڵبژاردنەدا (476.736) دەنگی بەدەستهێنا بە ڕێژەی 24.2% و بووە خاوەنی (24) کورسی.

### دووەم: هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان:

لەکوردستان دوو هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان کراوە، یەکەمیان لە ساڵی 2005 کە یەکێتی بە لیستی سەربەخۆ بەشداری کرد و لە کۆی (124) ئەندام (48) ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی بردەوە. دووەمیان لە ساڵی 2014 دا کرا، یەکێتی بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری کرد و لەکۆی (90) ئەندام (19) ئەندامی ئەنجوومەنی بردەوە.

لە خشتەی ژمارە (1) وردەکاری ئەو هەڵبژاردنانە خراوەتەڕوو.

گۆڕان تەنیا لە دووهەم هەڵبژاردنی پارێزگاکان لەساڵی 2014 دا بەشداری کردووە، لەکۆی (2.161.038) دەنگ (490.572) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی 22.7%. لەکۆی (90) ئەندام (17) ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی بەدەستهێنا کە بەمشێوەیە بوو::

هەولێر (108.117) بەڕێژەی 14.3%.
سلێمانی (309.600) بەڕێژەی 39.7%.
دهۆک (22.855) بەڕێژەی 4.6%.

### سێیەم: هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

لە عێراقدا چوار هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کراوە. لە ساڵی 2005 دوو هەڵبژاردن و پاشان لە ساڵی 2010 و 2014. لە دوو هەڵبژاردنەکەی 2005 دا، زۆربەی حیزبە کوردستانییەکان بە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بەشدارییان کرد، بۆیە دەنگەکانی یەکێتی ناتوانرێت دیاری بکرێ.



لە دوای جیابوونەوەی گۆڕان ڕێژەی دەنگەکانی یەکێتی بەردەوام ڕوو لە دابەزین بووە (فۆتۆ: ڕووداو)

خشتەی ژمارە (1)
دەنگەکانی یەکێتی لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

| پارێزگا/ساڵ | 2005 | ڕێژە | 2014 | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 244.343 | %37.7 | 168.603 | %22.4 |
| سلێمانی | 485.718 | %65.9 | 318.723 | %35.2 |
| دهۆک | 35.483 | %9.3 | 40.796 | %8.2 |
| کۆی گشتی | 765.544 | %43.3 | 528.122 | %24.4 |

خشتەی ژمارە (2)
دەنگەکانی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

| پارێزگا/ساڵ | 2010 | ڕێژە | 2014 | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 124.632 | %18.3 | 168.688 | %22.7 |
| سلێمانی | 237.379 | %28.5 | 294.265 | %32.9 |
| دهۆک | 34.226 | %8.1 | 37.457 | %7.7 |
| کۆی گشتی | 396.237 | %20.44 | 500.410 | %37.1 |

خشتەی ژمارە (3)
دەنگەکانی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

| پارێزگا/ساڵ | 2010 | ڕێژە | 2014 | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 103.397 | %15.2 | 104.059 | %14 |
| سلێمانی | 298.621 | %35.8 | 347.799 | %38.9 |
| دهۆک | 23.775 | %5.6 | 16.237 | %3.3 |
| کۆی گشتی | 425.793 | %21.96 | 469.802 | %22.08 |

خشتەی ژمارە (4) دەنگەکانی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان

| پارێزگا/ساڵ | 2005 | ڕێژە | 2014 | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| کەرکووک | 147.197 | %26.4 | 209.964 | %36.8 |
| نەینەوا | 48.653 | %4.6 | 70.145 | %7.1 |
| دیالە | 26.836 | %5.3 | 38.772 | %6.9 |
| کۆی گشتی | 222.686 | %10.5 | 318.881 | %15.05 |

**لەدوایین هەڵبژاردندا یەکێتی 52%ی دەنگی کوردی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی بردووە**

# ـــووک دەهێنێتەوە؟




یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە هیچ ڕێککەوتنێکی سیاسیی و سەربازیی لەگەڵ بەغدا هەبێت (فۆتۆ: AFP)

دەنگەکانە، چونکە پێمانوایە هەوڵێکی وڵاتانی دراوسێ هەیە بۆئەوەی دەنگدان لە کەرکووک بۆ حیزبێکی دیاریکراو یەکلایی بکاتەوە".

ئەو بەدووری دەزانێ یەکێتییەکان وەکو رابردوو دەنگ بە یەکێتی بدەنەوە و دەڵێت: "ئێمە دەزانین خەڵکی کەرکووک چەند توورەن، ئەوان دەیانەوێ لە رۆژی دەنگدان تۆڵەی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بکەنەوە، بۆیە ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کورد هەمان دەنگەکانی چوار ساڵ پێش ئێستا ناهێنێتەوە، یەکێتیش دەنگی خۆی ناهێنێتەوە".

حەسەن بارام گوتی: "بە قسەی بریقەدار دەتوانی هەموو کورسییەکان بکەیت بە موڵکی خۆت، بەڵام واقع پێچەوانەکەی دەردەخات، لە کەرکووک کە پارتی بایکۆتی کردووە و سەدان کەس بەهۆی 16ی ئۆکتۆبەرەوە ئاوارە بوونە و بەشێکی زۆری خەڵک نائومێد بوونە، چۆن دەکرێت بڵێین هەمان ڕێژەی دەنگەکان دەهێنینەوە، یان چۆن یەکێتی سەرەڕای یەکگرتوو و لیستی نیشتیمان کە سێ قەوارەی سیاسی تێدایە، شەش کورسی دەبات ئەگەر ساختەکاری نەبێ".

جگە لە لیستی نیشتیمان و یەکێتی، حیزبی سۆسیالیست و حیزبی شیوعیش لیستیان لە کەرکووک هەیە. سۆسیالیستیش گومانی لەو لێدوانانەی بەرپرسانی یەکێتی هەیە. ڕەسوڵ ڕەئوف، سەرۆکی لیستی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان دەڵێت: "لە غیابی پارتیدا لە کەرکووک، یەکێتی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هێزە سەربازییە عێراقییەکاندا هەیە، ڕاستە لە رووی ئیدارییەوە دەسەڵاتیان نەماوە بەڵام لە رووی پەیوەندییە سەربازییەکانەوە لە هەموو حیزبە کوردییەکان نزیکترن، ئەگەر ئەو قسەیەیان ڕاست بێ و شەش کورسی بەدەستبهێنن، ئەوە بۆ ڕێککەوتنی نێوان ئەوان و حەشدی شەعبی دەگەڕێتەوە کە باڵادەستن لەو پارێزگایە".

سەبارەت بە دەنگەکانی یەکێتی، ڕەسوڵ دەڵێت: "وەڵامی خەڵک بۆ کاندیدەکانی یەکێتی ئەوەیە کە یەکێتی لە سێ کورسی زیاتر ناهێنێ، ئەگەر شەش کورسی هێنا ئەوە گومان دەکرێ ڕێککەوتنی پێشوەختە کرابێ. چونکە یەکێتی هیچ ئەندامێکی مەکتەب سیاسی یان سەرکردایەتی لە کەرکووک نییە کە خاوەن پێگەی جەماوەری بن، جا نازانین چۆن دەبنە خاوەنی شەش کورسی".

بەڵام یەکێتی هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لە ڕێککەوتنی پێشوەختە دەکەن. ڕەوەند مەلا مەحموود دەڵێت: "ئێمە هیچ ڕێککەوتنێکمان لەگەڵ هیچ هێزێکی سەربازی و سیاسی عێراقیدا نەکردووە و ئیستحقاقی خۆمان شەش کورسییە، لەو باوەڕەشدا نین دەنگەکانی ئێمە کەمی کردبێ".

# ـۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستاندا

گۆڕان لە سەرجەم هەڵبژاردنەکاندا پارێزگاری لە دەنگەکانی کردووە

**خشتەی ژمارە (5) دەنگەکانی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان**

| ساڵ | ژمارەی دەنگ | ڕێژە | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| 1992 | 423,833 | %43.6 | 50 |
| 2005 | - | - | 37 |
| 2009 | - | - | 29 |
| 2013 | 350.500 | %17.8 | 18 |

لە هەڵبژاردنی 2010دا یەکێتی بەشێوەی هاوپەیمانی بەشداری کردووە، لەبەر ئەوەی لیستی کراوە بوو کاندیدەکانی لە سێ پارێزگاکەی هەرێم (396.237) دەنگ و (11) کورسییان بەدەستهێنا بە ڕێژەی 20.44%.

لە هەڵبژاردنی 2014 چوارەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، یەکێتی بە لیستی سەربەخۆ بەشداری کرد و لەکۆی (2.128.167) دەنگ لە هەرێمی کوردستان (500.410) دەنگ و بە ڕێژەی 23.51%، (11) کورسی بەدەسهێنا، وەک لە خشتەی ژمارە دوو ڕوونکراوەتەوە.

لەساڵی 2010 گۆڕان بۆ یەکەمجار بەشداری کرد لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لەسێ پارێزگاکەی هەرێم (425.793) دەنگ و (8) کورسی بەدەستهێنا بەڕێژەی 21.96%. لەو هەڵبژاردنی 2014شدا گۆڕان بە لیستی سەربەخۆ بەشداری کرد، لەکۆی (2.128.167) دەنگ لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (469.802) دەنگ و (9) کورسی بەدەستهێنا. بەڕێژەی 22.08%. نەخشەی ژمارە (3) وردەکارییەکانی ڕوون دەکاتەوە:

## هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان

سەبارەت ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. لەبەر ئەوەی زۆرجار بەشێوەی هاوپەیمانی بەشداری لەو ناوچانەدا کراوە، بۆیە داتایەکی ورد و دروست لەو بارەیەوە لەبەردەست نییە بۆ پارتەکان، بەڵام بە وردبوونەوە لەکۆی دەنگی پاڵێوراوانی لیستەکان ئەوا ئەنجامی دەنگەکانی یەکێتی لەو ناوچانە دیاری دەکرێت، لە خشتەی ژمارە (4) دا دەنگی یەکێتی و ڕێژەکەی ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (4) ڕێژەی دەنگی یەکێتی دەردەخات لەسەر ئاستی پارێزگاکانی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. ئەگەر لەو سێ پارێزگایە تەنیا دەنگی لیستە کوردستانییەکان وەرگرین ئەوا لە ساڵی 2010 یەکێتی (222.686) دەنگ و ڕێژەی 40% دەنگی کورد لەو ناوچانە پێکدەهێنێ. لە ساڵی 2014 یەکێتی بە (318.881) دەنگ و ڕێژەی 52.1% دەنگی کورد لەو ناوچانە پێکدەهێنێ.

گۆڕان لەناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ساڵی 2010 بە لیستی سەربەخۆ بەشداری کرد و تەنیا (56.263) دەنگ و ڕێژەی 2.7%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا بەم شێوەیە:

کەرکووک (36.554) بەڕێژەی 6.6%.
نەینەوا (10.715) بەڕێژەی 1%.
دیالە (8.994) بەڕێژەی 1.8%.

لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران ساڵی 2014 گۆڕان تەنیا لە کەرکووک بەشداری کرد بە لیستی سەربەخۆ و (17.944) دەنگی بەدەستهێنا کە دەکاتە 1.3 دەنگەکانی ئەو پارێزگایە.

ئەگەر تەنیا دەنگی لیستە کوردیەکان هەژمار بکەین، لە پارێزگاکانی (کەرکووک و نەینەوا و دیالە) لە ساڵی 2010 گۆڕان (56.263) دەنگی بەدەستهێناوە واتە 10.1%ی ڕێژەی دەنگی کورد لەو ناوچانە پێکدەهێنێت.. لەساڵی 2014 تەنیا (17.944) دەنگی بەدەستهێنا کە ڕێژەی 2.9% ی دەنگی کوردە لەو ناوچانە.

## شیکاری داتاکان و ئەنجامەکان

## هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان:

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان (2005 و 2009) ناتوانرێت دەنگی یەکێتی و ڕێژەکەی بزانرێت، چونکە بەشێوەی هاوپەیمانی بەشدار بووە و لیستی داخراویش پیادەکراوە. خشتەی ژمارە (5) داتای هەڵبژارنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەخاتەڕوو.

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، یەکێتی ژمارەی دەنگەکان و ڕێژەکەی و ژمارەی کورسییەکانی بەڕێژەیەکی بەرچاو داکشاوە، لەسەر ئاستی کوردستان (73.333) دەنگ کەمیکردووە، 25.8% ڕێژەکەی داکشاوە، ژمارەی کورسیەکانیشی لە (50) کورسی بۆ (18) کورسی دابەزیوە. گۆڕان لەدوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 2009 و 2013 بەشدار بووە. لە هەڵبژاردنی دووەم (31.712) دەنگ زیادی کردووە بەڕێژەی 0.48% بەڵام کورسییەک کەمی کردووە.

## دووەم: هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

ئەگەر بەراوردی دەنگ و ڕێژەی یەکێتی بکەین لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان وەک لە خشتەی ژمارە (1)دا ڕوونکراوەتەوە: لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم (237.422) دەنگ کەمیکردووە، بەڕێژەی 18.9%. ژمارەی کورسییەکانیشی لە (48) بۆ (19) دابەزیوە.

گۆڕان تەنیا لە یەک هەڵبژاردنی پارێزگاکان بەشدار بووە، بۆیە ناتوانین بەراوردی دەنگەکانی بکەین.

## سێیەم: هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

لەدوو هەڵبژاردنی 2005 ناتوانرێت دەنگەکانی یەکێتی دیاری بکرێت لەبەر ئەوەی بە لیستی سەربەخۆ بەشداری نەکردووە. هەڵبژاردنەکانیش لیستی داخراو بووە.

دەنگ و ڕێژەی یەکێتی لەهەڵبژاردنی 2010 و 2014 کە لەخشتەی ژمارە (2)دا ڕوونکراوەتەوە، لەسێ پارێزگاکەی هەرێم (104.173) دەنگ زیادی کردووە و بەڕێژەی 16.66% ڕووی لە هەڵکشان بووە.

دەنگ و ڕێژەی گۆران لە هەڵبژاردنی 2010 و 2014 کە لەخشتەی ژمارە (3)دا ڕوونکراوەتەوە، لەسێ پارێزگاکەی هەرێم (44.009) دەنگ زیادی کردووە و بەڕێژەی 0.12% ڕووی لە هەڵکشان بووە.

## ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان

سەبارەت ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، وەک لە خشتەی ژمارە (4) دا ڕوونکراوەتەوە، یەکێتی لەهەرسێ پارێزگای

**خشتەی ژمارە (6) دەنگەکانی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکاندا**

| هەڵبژاردن | ساڵ | ژ. دەنگ | ڕێژە | کۆی دەنگدەران |
|---|---|---|---|---|
| پەرلەمانی کوردستان | 1992 | 423,833 | %43,6 | 971.453 |
| ئەنجوومەنی پارێزگا | 2005 | 765, 544 | %43.3 | 1,767,993 |
| ئەنجوومەنی نوێنەران | 2010 | 396,237 | %20.44 | 1,938,754 |
| پەرلەمانی کوردستان | 2013 | 350,500 | %17.8 | 1,970,317 |
| ئەنجوومەنی نوێنەران | 2014 | 500,410 | %23.51 | 2,128,167 |
| ئەنجوومەنی پارێزگا | 2014 | 528.122 | %24,4 | 2,161,038 |

(کەرکوک، نەینەوا، دیالە) ژمارەی دەنگ و ڕێژەکەی لە هەڵکشاندا بووە. لەڕووی دەنگەوە (96.195) دەنگی زیادکردووە و بەڕێژەی 4.55% لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگاکە و 12.1% لەسەر ئاستی دەنگی لیستە کوردییەکان هەڵکشاوە.

لە ناوچە کوردستانییەکاندا یەکێتی لە دواین هەڵبژاردندا (318.881) دەنگی هێناوە، بەڕێژەی 15.05%ی دەنگی ئەو سێ پارێزگایە و 52.1%ی ڕێژەی دەنگی کوردە لەو سێ پارێزگایە.

بەپێچەوانەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، گۆڕان لە ناوچە کوردستانییەکان دەنگێکی لاوازە و لە هەڵبژاردنی ساڵی 2010 تەنیا (56.263) دەنگی بەڕێژەی 2.7% بەدەستهێنا، کەچی لە هەڵبژاردنی ساڵی 2014 دەنگەکانی بۆ (17.944) دابەزی و ڕێژەی 0.85% دەنگی ئەو سێ پارێزگایە بوو. لەسەر ئاستی لیستە کوردستانیەکانییش لە 10.1% ڕێژەکەی دابەزی بۆ 2.9%.

## هەڵبژاردنەکان بەپێی ساڵ:

لە سەرجەم هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان لە ساڵی 1992 تا 2014 یەکێتی بەشداری کردووە بەو شێوەیەی کە لەسەرەوە روون کراوەتەوە. لەبەر هاوپەیمانێتی و لیستی داخراو لەهەندێ هەڵبژاردندا دەنگی یەکێتی نازانرێت، بەڵام لەو هەڵبژاردنانەی بە لیستی سەربەخۆ بەشداری کردووە یاخود لیستی کراوە بووە، دەتوانرێت لەڕێی هەژماری دەنگی کاندیدەکانییەوە دەنگەکانی دیاری بکرێت.

لە هەڵبژاردنی 1992 تا 2014 ڕێژەی دەنگی یەکێتی لە 43% ـەوە دابەزیوە بۆ 24%

**خشتەی ژمارە (7) دەنگەکانی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکاندا**

| هەڵبژاردن | ساڵ | ژ. دەنگ | ڕێژە | کۆی دەنگدەران |
|---|---|---|---|---|
| پەرلەمانی کوردستان | 2009 | 445,024 | %23,72 | 1.876.196 |
| ئەنجوومەنی نوێنەران | 2010 | 425,793 | %21.96 | 1,938,754 |
| پەرلەمانی کوردستان | 2013 | 476,736 | %24.2 | 1,970,317 |
| ئەنجوومەنی نوێنەران | 2014 | 469.802 | %22.08 | 2,128,167 |
| ئەنجوومەنی پارێزگا | 2014 | 490.572 | %22,7 | 2,161,038 |

ئەگەر تەنیا سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان وەرگرین، ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامانەی کە لەخشتەی ژمارە (6)دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (6) دەریدەخات کە دەنگەکانی یەکێتی لەنێوان ساڵانی 1992 تا 2014 هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینیوە. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی 2013 نزمترین ئاستی دەنگ و ڕێژەی تۆمار کردووە کە (350.500) دەنگە بەڕێژەی 17.8%. بەرزترین ئاستی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ساڵی 2005 بووە کە (765.544) دەنگە. بەرزترین ڕێژەش لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی 1992 کە 43.6% بووە.

**خشتەی ژمارە (8) دەنگەکانی یەکێتی و گۆڕان لە هەڵبژاردنەکاندا**

| هەڵبژاردن | ساڵ | ژ. دەنگ | ڕێژە | کۆی دەنگدەران |
|---|---|---|---|---|
| پەرلەمانی کوردستان | 1992 | 423,833 | %43,6 | 971.453 |
| ئەنجوومەنی پارێزگا | 2005 | 765,544 | %43.3 | 1,767,993 |
| ئەنجوومەنی نوێنەران | 2010 | 882,030 | %42.40 | 1,938,754 |
| پەرلەمانی کوردستان | 2013 | 827,236 | %42 | 1,970,317 |
| ئەنجوومەنی نوێنەران | 2014 | 970,212 | %45.59 | 2,128,167 |
| ئەنجوومەنی پارێزگا | 2014 | 1.018.694 | %47,1 | 2,161,038 |

لەڕووی ڕێژەی دەنگەوە کە پێوانەیەکی دروستترە بۆ هەڵسەنگاندن، چونکە ژمارەی بەشداربووانی هەڵبژاردنەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لەپاش جیابوونەوەی گۆڕان، یەکێتی نیوەی ڕێژەکەی لەدەستداوە، لەساڵی 1992 یەکێتی ڕێژەی دەنگەکانی 43.6% بوو بەڵام لە هەڵبژاردنی 2013دا داکشاوە بۆ 17.8%. دواتر ڕێژەی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە ساڵی 2014 بەرزبووەتەوە بۆ 24.4%. سەبارەت بە بزووتنەوەی گۆڕان کە بەشداری هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2009 و پاشتری کردووە، خشتەی ژمارە (7) دەنگ و ڕێژەکانی بەپێی ساڵ ڕووندەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (7) دەریدەخات کە دەنگەکانی گۆڕان کەمێک هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە بینیوە. کەمترینی دەنگ و ڕێژەی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی 2010 یە کە (425.793) دەنگە بەڕێژەی 21.96%. زۆرترین دەنگیش هەڵبژاردنی پارێزگاکانی ساڵی 2014 یە کە (64.779) دەنگ زیاترە لەکەمترین ئاستی دەنگی و دەنگەکانی بۆ (490.572) هەڵکشاوە. بەرزترین ئاستی ڕێژەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2013یە کە 24.2%.

## دەنگی یەکێتی و گۆڕان پێکەوە:

لەپاش 2009 یەکێتی بەڕێژەیەکی بەرچاو دەنگەکانی داکشا بەهۆی جیابوونەوەی گۆڕانەوە. بەڵام گۆڕان زیاتر لەو دەنگانەی بەدەستهێناوە کە لەیەکێتی کەم بووەتەوە. خشتەی ژمارە (8) کۆی دەنگ و ڕێژەی یەکێتی و گۆڕان پێکەوە دەخاتەڕوو:

بەپێی خشتەی ژمارە (8) دەنگ و ڕێژەی دەنگەکانی یەکێتی و گۆڕان پێکەوە زۆر زیاترە لە دەنگەکانی یەکێتی پێش جیابوونەوەی گۆڕان. یەکێتی لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ساڵی 2005 بەرزترین ئاستی دەنگی (765.544) دەنگ بوو. بەڵام لە کۆتا هەڵبژاردنی ئەنجوموەنی پارێزگاکانی ساڵی 2014 دەنگەکانی یەکێتی و گۆڕان (253.150) دەنگ زیادی کردووە و بۆ (1.018694) هەڵکشاوە. بەرزترین ڕێژەشی 43.6% بووە لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی 1992 بەڵام لە کۆتا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی 2014 دەنگی هەردووکیان پێکەوە بۆ 47.1% بەرزبووەتەوە، واتە بەڕێژەی 3.5%. زیادی کردووە.

## لەکۆتاییدا:

ئەو ئەنجامانەی سەرەوە دەریدەخات کە یەکێتی هێزێکی سەرەکی بووە لە هەڵبژاردنەکانی 1992 تا 2005 و لەسەرجەم هەڵبژاردنەکان زیاتر لە 43%ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە. بەڵام لەدوای جیابوونەوەی گۆڕان لەساڵی 2009 دەنگ و ڕێژەکەی دابەزیوە. لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی 2013 نزمترین ئاستی دەنگ و ڕێژەی تۆمار کردووە کە (350.500) دەنگە بەڕێژەی 17.8%.

هەروەها لەناوچە کوردستانییەکان یەکێتی هێزێکی سەرەکییە و لەکۆتا هەڵبژاردندا لە پارێزگاکانی (کەرکوک، نەینەوا، دیالە) توانیویەتی (318.881) دەنگ بەدەست بهێنێت بە ڕێژەی 52.1% دەنگی کورد لەو ناوچانە.

گۆڕان لە سەرەتای دروستبوونییەوە وەک هێزی دووەم لە سێ پارێزگاکەی هەرێم پارێزگاری لە دەنگەکانی کردووە، ڕێژەکەی لە 22% زیاتر بووە. بەڵام لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، گۆڕان دەنگێکی کز و لاوازە و لەکۆتا هەڵبژاردنی ئەنجوموەنی نوێنەرانی ساڵی 2014 تەنیا (17.944) دەنگی بەدەستهێناوە کە کەمترە لە 3% دەنگی کورد لەو ناوچانە.

## بانکی جیهانی: کوردستان دەتوانێت ببێتە ڕێڕەوێکی گەورەی بازرگانی




**ڕووداو– هەولێر**

بەپێی ڕاپۆرتێکی بانکی جیهانی، هەرێمی کوردستان خاوەنی هەڵکەوتەیەکی جوگرافی گرینگە، ئەگەر کەڵکی لێوەربگیرێت، دەتوانێ ببێتە ڕێڕەوێکی گەورەی بازرگانی لە ناوچەکەدا. بانکی جیهانی پێیوایە گۆڕانکاری و چاکسازی لە یاسا و ڕێساکانی کاری بازرگانی و وەبەرهێنان، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کوردستان بتوانێت زۆرترین سوود لە تایبەتمەندییەکانی ببینێت. بانکی جیهانی دەڵێت کێشەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان نەبوونی یاسا و ڕێسای گونجاوی بازرگانییە کە کاری بازرگانی لەگەڵ دراوسێکانی وەک تورکیا و ئێران قورس کردووە. هەروەها نەگونجاوی ڕێگاوبانەکانی کوردستان بە بەربەستێکی گەورە دەبینێ کە کوردستان بتوانێت وڵاتانی ناوچەکە پێکەوە گرێبدات.

# فراولە.. بەرهەمێکی بەسوودی پشتگوێخراو لە کوردستان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو– هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت بەرهەمی فراولە لە بازاڕ خواستێکی زۆری لەسەرە و نرخیشی گرانە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنانی کاتێکی زۆری دەوێ و جووتیارانیش بەدوای قازانجی خێراوەن، بۆیە ئەو بەرهەمە تەنیا 1%ی بەرهەمی خانووە پلاستیکییەکانی کوردستان پێکدێنێ.

فراولە (شلک) بەهایەکی بەرزی خۆراکی هەیە، لە پێکهاتەکەیدا دەیان ڤیتامین و کانزا هەن، لەوانەش ڤیتامین (C)، دەوڵەمەندیشە بە ماددە دژەئۆکسینەکان، لە پێکهاتەی فراولەدا مەنگەنیز و ترشی فۆلیک و پۆتاسیۆم و ریبوفلسین و مەگنیسیۆم و ئۆمێگا 3 و ماددە ریشاڵییەکان هەن، جۆرە شەکرێکیشی تێدایە کە زیانی نییە بۆ جەستەی مرۆڤ.

لەڕووی بەرهەمهێنان و چاندنی فراولەوە، ئەمەریکا بە پلەی یەک و ئیسپانیا و تورکیاش بە پلەی دووەم و سێیەم دێن. لە وڵاتانی عەرەبیش میسر و مەغریب لەپێشەنگدان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش شاری سنە لەپێشەوەی شارەکانی ئێرانە.

چاندنی ئەم بەرهەمە بەشێوەی فراوان لە عێراق و کوردستان مێژوویەکی دووری نییە، پێشتر جووتیاران بەڕووبەری کەم دەیانچاند، بەڵام بەرهەمەکەی زۆر کەم بوو، بۆیە ڕێکخراوی (inma)ی ئەمەریکی لە ساڵی 2009 سێ جۆر فراولەی لە ئەمریکا هێنا و بڕیاری دا لە کوردستان و عێراق بۆ جووتیارانی بچێنێ.

کەمال محەممەد، لێپرسراوی خانووی پلاستیکی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە پێشتر سەرپەرشتی توێژینەوەی چاندنی فراولەی کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕێکخراوکە نزیکەی 3000 شەتڵ فراولەی لە جۆرەکانی روبی گام، فیستڤاڵ و چارلی بۆ هێنایین، سیستەمێکی بۆ چاندن فێرکردین کە پێشتر لە عێراق و کوردستان پەیڕەو نەکرابوو، ئەویش بریتی بوو لە هەڵکۆڵینی زەوی بە قووڵایی 60 سانتیمەتر، دواتر دابەشکردنی بەسەر چەند چینیک کە ئەوانیش بریتی بوون لە کا، یۆریا، کلس، خۆڵ و لم، ئینجا چاندنی فراولەکە بە چەند ریزێک لەسەری".


سالانە تەنیا لە 1%ی خانووە پلاستیکییەکانی کوردستان فراولە دەچێنرێ

بە گوێرەی توێژینەوەکان دەرکەوت ئەو ڕێگایە زۆر سەرکەوتوو بووە، بەڵام کەمال محەممەد دەڵێت پەیڕەوکردنی ئەو ڕێگایە تێچووی زۆرە و بۆ جووتیار ئاسان نییە.

بەپێی توێژینەوەکان کەشوهەوا و خاک و ئاوی هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی فراولە، دەتوانرێت بەشێوەی کراوە یان داخراو لەنێو خانووی پلاستیکی بچێنرێ.

کەمال محەممەد، دەڵێت "بەرهەمی فراولە لە بازاڕ خواستێکی زۆری لەسەرە و پارەیەکی باشیش دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی چاندنی تا دەگاتە بەرهەم 3 تا 5 مانگی دەوێت، جووتیارانی کوردستانیش زیاتر بەدوای قازانجی خێراوەن، بۆیە لەکۆی نزیکەی 18 هەزار خانووی پلاستیکی لە هەرێمی کوردستان ساڵانە تەنیا 1%ی خانووە پلاستیکییەکان بە فراولە دەچێنرێت".

حاجی تەها ڕەشید، جووتیارێکی پێشکەوتووی گوندی سوسێی ناحیەی پیرەمەگروونە، یەکێک بوو لەو جووتیارانەی لە سنووری پارێزگای سلێمانی لەلایەن ڕێکخراوی (inma)ی ئەمەریکی بۆ چاندنی فراولە هەڵبژێردرا، ئەو 450 شەتڵ فراولەی لە ڕێکخراوەکە وەرگرت، دوای چاندنی لە ساڵی 2010 لەسەر ئاستی عێراق پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

ڕێکخراوە ئەمەریکییەکە ڕێنمایی حاجی تەهای کردبوو کە فراولە بەشێوەی کراوە بچێنێ، بەڵام ئەو خانووی پلاستیکی تاقیکردەوە و دەرکەوت چاندنی لەنێو خانووی پلاستیکی سەرکەوتووترە لە شێوازی کراوە.

حاجی تەها تا دوو ساڵ لەمەوبەریش لەسەر ئاستی عێراق بە یەکێک لە جووتیارە پێشکەوتووەکانی چاندنی فراولە ناسرابوو، ساڵانە جگە لە 40 تۆن فراولە، 130 هەزار شەتڵی فراولەشی بە جووتیاران دەفرۆشت. بەدەیان جووتیاریش لەسەر دەست ئەو فێری چاندنی فراولە بوون، بەڵام دوو ساڵە تووشی نەخۆشی بووە، کارەکەی بە کوڕەکانی سپاردووە.

محەممەد حاجی تەها کە سەرپەرشتی کێڵگەکەی باوکی دەکات، دەڵێت: "لەسەر ڕاسپاردەی باوکم بەردەوامین لە چاندنی فراولە، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی گواستنەوەی شوێنی خانووەکان تەنیا چوار خانووی پلاستیکی گەورەمان بە فراولە چاندووە".

محەممەد حاجی تەها ئاماژە بە بەرهەمهێنانی فراولە لەژێر خانووی پلاستیکی دەکات و دەڵێت: "فراولە لەژێر خانووی پلاستیکی ئەگەر خزمەت بکرێت دووجار بەرهەم دەدات، یەکەمیان لە سەرەتای نیسان تا دەگاتە کۆتایی تەمووز، دووەمیش لە مانگی ئەیلول تاوەکو مانگی کانوونی یەکەم، بەڵام بەرهەمەکەی وەک قۆناغی یەکەم باش نییە، بەگشتی هەر خانووێکی پلاستیکی نزیکەی سێ تۆن بەرهەم دەدات و لە بازاڕیش بەگوێرەی خواست و خستنەڕوو کیلۆی نزیکەی 3 تاوەکو 4 هەزار دینار دەکات، بۆیە چاندنی فراولە ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیانە بکرێت، قازانجی لەزۆر بەرهەمی دیکە زیاترە".

ئێستا لە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی بەرهەمەکانی دیکە، ساڵانە ژمارەیەک جووتیار فراولەش لەنێو خانووە پلاستیکییەکان و بەشێوەی کراوەش دەچێنن، بەڵام ئەو جووتیارانەی تەنیا فراولە دەچێنن، ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکات.

> **قازانجی چاندنی فراولە لە خەیار زیاترە**
> جووتیارێک

شێخ بەهائەددین بەرزنجی، یەکێکە لە جووتیارە پێشکەوتووەکانی بەرهەمهێنانی فراولە، ئێستا 14 خانووی پلاستیکی بە فراولە چاندووە. ئەو دەڵێت: "سەرەتا تەنیا 1000 مەترم بەشێوەی کراوە چاند، دواتر لەنێو خانووی پلاستیکی تاقیم کردەوە، سەرکەوتوو بوو، ئەمساڵ لە 14 خانوودا فراولەم چاندووە". بە گوتەی شێخ بەهائەددین، چاندنی فراولە لەخەیار باشترە، چونکە هەمیشە لە بازاڕ کیلۆی 3 بۆ 4 هەزار دینار دەکات و هەر خانووێکی چێنراو بەفراولە بەگوێرەی خزمەت و جۆرەکەی 2 تاوەکو 3 تۆن بەرهەم دەدات.

شێخ بەهائەددین پێنج ساڵە فراولە دەچێنێ، ئێستا یەکێکە لە جووتیارە پێشکەوتووەکانی بەرهەمهێنانی فراولە، ساڵانە بۆ گەشەپێدانی کێڵگەکەشی 20 هەزار نەمامی فراولە لەکالیفۆرنیاوە هاوردە دەکات. شێخ بەهائەددین دەڵێت: "ئامانج لە هاوردەکردنی نەمام لەکالیفۆرنیاوە بۆ ئەوەیە هەموو ساڵێک گەشە بە بەرهەمی کێڵگەکەم بدەم و نەمامەکان نوێ ببنەوە. جگە لەوە ئەم نەمامانە بەرهەمیان باشترە و لە نەخۆشیش پارێزراوترن".

## ئەمساڵ دوو پرۆژەی گەورە دامەزراون

# بەرهەمی قارچک لە هەرێمی کوردستان لە گەشەی خێرادایە


توانای ڕۆژانەی کارگەکانی بەرهەمهێنانی قارچک، نۆ تۆنە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو – هەولێر**

بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر قارچک هەیە، ساڵ بە ساڵ، ژمارەی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی قارچک لە هەرێمی کوردستان زیاد دەکەن. ئەمساڵ دوو پرۆژەی گەورەی بەرهەمهێنانی قارچک دامەزراون و پرۆژەکانی دیکەش فراوان کراون.

بەرهەمهێنانی قارچک لە کوردستان بەشێوەیەکی هاوچەرخ مێژوویەکی درێژی نییە، بەڵام خواستی بەردەوام و ئاسانیی بەرهەمهێنانی، وای لە وەبەرهێنەران کردووە لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا 5 کارگەی هاوچەرخ دامەزرێنن کە ڕۆژانە لەتوانایاندا هەیە نزیکەی 9 تۆن قارچک بخەنە بازاڕەوە، ئەمە جگە لە چەندین پرۆژەی بچووک.

کارگەی شلێر بۆ بەرهەمهێنانی قارچک، نوێترین کارگەیە لە قەزای بنەسڵاوەی شاری هەولێر لەسەر ڕووبەری 10 هەزار مەتر دووجا دامەزراوە، کارگەکە 40 ڕۆژە دەستی بەکار کردووە و ڕۆژانە قارچک دەخاتە بازاڕەوە.

بەهائەددین ئەحمەد، بەڕێوەبەری کۆمپانیا و کارگەی شلێر بۆ بازرگانی و بەرهەمهێنانی قارچک بە (ڕووداو)ی گوت: "پێنج ساڵ لەمەوبەر مۆڵەتی دامەزراندنی کارگەکەمان لە وەزارەتی کشتوکاڵ وەرگرت، سەرەتا حەوت هۆڵمان دروستکرد و هەندێ بەرهەممان خستە بازاڕ، بەڵام لەبەر ئەوەی سیستەمی هۆڵەکان زۆر پێشکەوتوو نەبوون، نەمانتوانی خواستی کڕیارەکانمان پڕبکەینەوە، بۆیە هۆڵەکانمان رووخاند و 21 هۆڵمان بەسیستەمی هاوچەخ دامەزراند".

کارگەکەی بەهائەددین ڕۆژانە لەتوانایدا هەیە 2.5 تۆن قارچک بخاتە بازاڕەوە، بەڵام ئێستا ڕۆژانە تەنیا 1.5 تۆن قارچک بەرهەمدێنێ.

بەهائەددین ئەحمەد دەڵێت: "بەهۆی دابەزینی نرخی تومەن، ڕۆژانە بەفەرمی و بەقاچاخ بەلێشاو قارچکی کارگەکانی ئێران دەگاتە شارەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی نرخ دابەزێت، بۆیە ئێستا کەمتر لەتوانای کارگەکەمان کاردەکەین".

لە کوردستان لە مانگی ئەیلولەوە تاوەکو کۆتایی نیسان خواست لەسەر خواردنی قارچک زیاد دەبێت، بۆیە بەهائەددین بەنیازە چوار هۆڵی دیکە بۆ کارگەکەی زیاد بکات و کارگەیەکیش بۆ لە قووتوونانی بەرهەمەکانی بهێنێ.

قارچک بۆ ڕووان و پێگەیشتنی، پێویستی بەکەشێکی لەبار هەیە کە پلەی گەرمییەکەی لەنێوان 25 تاوەکو 27 پلەی سەدیدا بێت و ڕادەی شێ بگاتە 85% ، بەتایبەتی لە دووەم هەفتەی تەمەنیدا، دواتر دەبێت پلەی گەرمییەکەی بۆ 19 پلەی سەدی دابەزێنرێت و بەدابینکردنی ئەو کەشە لەبارە، دەتوانرێت بەدرێژایی ساڵ قارچک بەرهەم بهێنرێ. قارچک بە ماوەی 35 ڕۆژ پێدەگات و بۆ ماوەی سێ هەفتە بەرهەم دەدات.

کارگەی کوارگی سپی، یەکێکی دیکەیە لەکارگە تازە دامەزراوەکانی سنووری شاری هەولێر، کارگەکە لەنزیک گوندی دۆڵەبەکرەی سەر بە ناحیەی قوشتەپە دامەزراوە و لە 19 هۆڵ پێکهاتووە. ڕۆژانە نزیکەی دوو تۆن قارچک دەخاتە بازاڕەوە، شوێنی کارگەکە پێشتر کارگەی بەرهەمهێنانی زاهی بووە، بەڵام بەهۆی بێ بازاڕی کراوەتە کارگەی بەرهەمهێنانی قارچک.

زەردەشت ئەنوەر، بەڕێوەبەری کارگەی کوارگی سپی لە شاری هەولێر، بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی بەرهەمی زاهی بەهۆی زۆریی کارگەکان باش ساغ نەدەبووەوە، سەیرمان کرد لە کوردستان خواست لەسەر قارچک باشە، بۆیە کارگەکەمان لەزاهییەوە گۆڕی بۆ قارچک، خۆشبەختانەش سەرکەوتووبووین لە بەرهەمهێنانی، ئێستا ڕۆژانە دوو تۆن بەرهەم دەخەینە بازاڕەوە".

پرۆژەی بەرهەمهێنانی قارچک لە سێ بەش پێکدێت. بەشێکی تایبەتە بە بەرهەمهێنانی تۆو و سپۆراتی قارچک. بەشی دووەمیان تایبەتە بەدابینکردنی کۆمپۆست کە ناوندێکی بنەڕەتییە بۆ ڕووان و گەشەکردنی قارچک، بەشی کۆتاییش تایبەتە بە بەرهەمهێنان، بەڵام بەشی زۆری کارگەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەشی یەکەم و دووەم پشت بە بەرهەمی ئێران دەبەستن.

زەردەشت ئەنوەر، دەڵێت: "بۆ کەمکردنەوەی تێچوو و کێبڕکێی نرخی بازاڕ، بۆ دروستکردنی کەمپۆست سوودمان لە قەسەڵی گەنمی جووتیاران بینیوە، بۆ دروستکردنی سپۆری قارچکیش تاقیگەیەکمان دامەزراندووە و خۆمان تۆوەکە بەرهەمدێنین".

قارچک یان کوارگ، بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە، ڕێژەیەکی باش پرۆتین لە پێکهاتەکەیدا هەیە، بۆیە لەهەندێ وڵات وەک جێگرەوەی گۆشتی سوور بەکاردێت و زۆر گرنگی بە بەرهەمهێنانی دەدرێت، بەدەیان جۆریشی هەیە، بەڵام لە پرۆژەکانی هەرێمی کوردستاندا تەنیا قارچکی جۆری دوگمەیی بەرهەمدێ.

کارگەی قارچکی پێنجوێن یەکێکە لە کۆنترین کارگە هاوچەرخەکانی بەرهەمهێنانی قارچک لە هەرێمی کوردستان، کارگەکە لە سنووری گوندی نزارەی قەزای پێنجوێن لەسەر ڕووبەری چوار دۆنم دامەزراوە، ماوەی پێنج ساڵە ڕۆژانە 1500 کیلۆ قارچک دەخاتە بازاڕەوە.

یوسف نامق، بەڕێوەبەری کارگەی قارچکی پێنجوێن دەڵێت: "بەهۆی دابەزینی نرخی تومەنەوە، ئێستا بەلێشاو قارچکی ئێرانی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، بۆیە ئێستا وەک پێویست بەرهەممان بۆ ساغ نابێتەوە و بە ناچاری بەرهەمهێنانمان لە چوار هۆڵ ڕاگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە 1500 کیلۆ قاچک دەخەینە بازاڕەوە".

یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی ئەم کارگانە، هێنانی قارچکی لەقوتوونراوە کە مانگانە نزیکەی 100 تۆنی لە ئێران و وڵاتانی دیکەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت و 70%ی لە ناوخۆی کوردستان بەکاردێت و ئەوەی دیکەش هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێ.

بۆ پاراستنی بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ و هاوسەنگکردنی نرخ، وەزارەتی کشتوکاڵ بڕی هەزار دینار گومرگی خستووەتە سەر هەر کیلۆیەک قارچکی هاوردەکراو.

یوسف نامق دەڵێت: "ئەگەر حکومەت سنوورێک بۆ بەقاچاخ هاوردەکردنی قارچکی ئێرانی دانەنێت و هاوشێوەی قارچکی فرێش، گومرگ نەخاتە سەر قارچکی لە قوتوونراو. لەداهاتوودا بەهۆی زیادبوونی کارگەکان گرفتی زیاترمان لە ساخکردنەوەی بەرهەم بۆ دروست دەبێت، چونکە کارگەکانی ناوخۆ کە ئێستا ڕۆژانە نزیکەی 7 تۆن بەرهەمیان هەیە، ئەگەر بەتەواوی کاربکەن، ڕۆژانە 9 تۆن بەرهەمیان دەبێ، 90%ی ئەو بەرهەمەش بە ماڵان دەفرۆشن و چێشتخانەو ڕێستۆرانتەکان بۆ بەشی زۆری پێداویستییەکانیان پشت بەبەرهەمی هاوردە دەبەستن".

حسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و دارستان و پاوان لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "بۆ پاراستنی بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ و هاوسەنگکردنی نرخ، هەزار دینار گومرگمان بەشێوەی بەردەوام خستووەتە سەر هاوردەکردنی هەر کیلۆیەک قارچک، ئەگەر بۆمان دەربکەوێت کارگەکان دەتوانن بەرهەمەکانیان لە قوتوو بنێن و پێویستیی ڕێستورانتەکان و بازاڕ پڕبکەنەوە، گومرگ دەخەینە سەر هاوردەکردنی قارچکی لە قوتوونراویش".

# گەڕانەوەی گەمارۆ بۆ سەر ئێران نرخی نەوت دەگەیەنێتە 80 دۆلار



کاردۆ کەمال

لە چوارچێوەی بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی نەوت کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە دەستی پێکردووە، بەشێک لە بازرگانان و وەبەرهێنەران بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێن کە ئایا کەمبوونەوەی خستنەڕووی نەوت بووەتە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، یان کێشە جیۆسیاسییەکان پاڵپشتی بەرزبوونەوە دەکەن. ئایا ئەو نرخەی لە بازاڕدا هەیە گوزارشت لە نرخی ڕاستەقینەی نەوت دەکات؟

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەستبکەوێت، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ 20ی کانوونی دووەمی 2015، ئەو کاتەی کە نرخی نەوت دابەزی بۆ نزمترین ئاستی لە ماوەی 13 ساڵی ڕابردوودا، پاشان بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەو دابەزینانە و گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ بازاڕی نەوت، لە ساڵی 2016دا ئەندامانی ئۆپێک لەگەڵ بەرهەمهێنەرانی دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە بڕیاریان دا ڕێککەوتننامەیەک واژۆ بکەن بەمەبەستی کەمکردنەوەی خستنەڕووی نەوت و گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ بازاڕی نەوت. لە ئەنجامدا ڕێککەوتننامەکەی ئۆپێک بووە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا تا گەیشتن بەو ئاستەی کە بازاڕ وەریدەگرێت، بەڵام کەمکردنەوەی خستنەڕووی نەوت و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بووە هۆکارێک بۆ زیادبوونی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەیی لە ئەمریکا، بۆ یەکەمجار لەمانگی نۆڤەمبەری 2017 ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئەمریکا 10 ملیۆن بەرمیلی تێپەڕاند.

بەشێک لە شارەزایانی ئابووری پێیانوایە، ئەگەر بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن ئەمریکاوە بەردەوامبێت لە زیادبوون، ئەوا ساڵی داهاتوو ئەمریکا دەبێتە گەورەترین هەناردەکاری نەوت لە جیهاندا.

لەسەرەتای ئەمساڵەوە، دوو فاکتەری سەرەکی کە بریتی بوون لە سەپاندنی گەمارۆ لەسەر چەندین کەسایەتی و دامەزراوەی ڕووسی و خراپیی ڕەوشی ڤەنزوێلا، نرخی نەوتیان گەیاندە ئاستێکی نوێ.

ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ڤەنزوێلا بەبڕی 500 هەزار بەرمیل کەمی کرد و دابەزی بۆ نزمترین ئاستی لەماوەی 30 ساڵی ڕابردوودا، بەشێکی زۆر لە پاڵاوگەکانی ئەو وڵاتە داخران و دەستی کاری شارەزاش لە سێکتەری نەوتی ڤەنزوێلادا بەرەو وڵاتانی دیکە کۆچیان کرد، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی خستنەڕووی نەوت لە بازاڕدا زیاتر کەم ببێتەوە، بەجۆرێک کە ئۆپیک پێشبینی نەکردبوو، بەوجۆرە کێشە جیۆسیاسییەکانی ڤەنزوێلا نرخی نەوتیان گەیاندە ئاستێکی نوێ کە سەرووی 68 دۆلارە.

لەدوای جێگیربوونی نرخی نەوت لەسەرووی 68 دۆلار، ڕێکخراوی ئۆپیک کۆمەڵێک ئاماری ئەرێنی بڵاوکردەوە سەبارەت بە گەشەکردنی خواست لەسەر نەوت، بەپێی ئامارەکان لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا خواست لەسەر نەوت بەرزبووەتەوە بۆ 97 ملیۆن و 400 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، پێشبینیش دەکرێت لە چارەگی دووەمی ئەمساڵدا خواست بگاتە 97 ملیۆن و 840 هەزار بەرمیل، لە چارەگی سێیەمدا بگاتە 99 ملیۆن و لە چارەگی چوارەمی ئەمساڵیشدا بگاتە 100 ملیۆن و 130 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. بەم شێوەیە و بەپێی پێشبینییەکانی ئۆپیک، لە کۆتایی ئەمساڵدا ئەو نەوتەی دەخرێتە بازاڕەوە یەکسان دەبێت بەو خواستەی کە لەسەر نەوت هەیە. بەم شێوەیەش پێشبینییەکانی گەشەکردنی خواست نرخی نەوتی برێنتی گەیاندە سەرووی 70 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک.

لەلایەکی دیکەوە و بەپێی ئامارەکانی لیژنەی چاودێریکردنی پابەندبوونی ئەندامانی ئۆپێک و بەرهەمهێنەرانی دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە بە ڕێککەوتنەکە، ڕێژەی پابەندبوون گەیشتووەتە 149%، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزی پابەندبوونە، بۆیە ژمارەی گرێبەستەکانی کڕینی نەوت لەلایەن بازرگانان و وەبەرهێنەرانەوە ڕووی لە زیادبوون کردووە. بەپێی ناوەندی تۆمارکردنی گرێبەستەکانی نەوت لە بۆڕسەدا، زیاتر لە 58%ی گرێبەستەکانی کڕینی نەوت لەلایەن بازرگانانەوە گرێبەستی درێژخایەنن و وادەکەی نزیک دەبێتەوە لە چارەگی چوارەمی ئەمساڵ.

ئەگەرچی ڕووسیا ئێستا بەڕێژەی 92% پابەندی ڕێککەوتننامەکەی ئۆپێک بووە و ڕۆژانە بڕی 300 هەزار بەرمیل نەوت کەمتر دەخاتە بازاڕەوە، بەڵام ئەوەی کە جێی پرسیارە، ئەوەی ئاخۆ لەدوای کۆتاییهاتنی ڕێککەوتننامەکە لە کۆتایی 2018، جارێکی دیکە ڕووسیا دەچێتەوە نێو هەمان ڕێککەوتننامە کە پێشتر ڕەخنەیەکی زۆری لێی هەبوو؟ چونکە ڕووسیا پێیوایە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت ڕێگە بە ئەمریکا دەدات ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی زیاتر بکات و ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەمریکاش زیاد بکات.




گرافیکی پێشبینییەکانی ئۆپێک بۆ گەشەکردنی خواست لەسەر نەوت تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ

لەماوەکانی ڕابردوودا هەوڵێکی سعودی- ڕووسی هەبوو بۆ دروستکردنی مەنزومەیەکی نەوتی نوێ لەنێوان ئۆپیک و سعودیە کە بتوانن لەڕێگەیەوە ڕێککەوتننامەی درێژخایەن لەنێوان ڕووسیا و ئۆپیکدا بکرێ، بەڵام هێشتا هەوڵی جدی لەوبارەیەوە دیار نییە.

ئەوەی کە ئێستا بازرگانان و وەبەرهێنەران چاوەڕوانی دەکەن، بریتییە لە گەڕانەوەی گەمارۆی سەر ئێران لەلایەن ئەمریکاوە. ئەمەش لەو کاتەدا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر نرخی نەوت دروست کردووە و بووەتە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، ئەمریکا هەموو 90 ڕۆژ جارێک دووبارە چاو بە ڕێککەوتننامەکەدا دەخشێنێ، بەم شێوەیەش لە 12ی ئایاردا دەبێت ترەمپ دوا بڕیار بدات لەسەر ئەوەی کە ئایا بەردەوام دەبێت لە ڕێککەوتننامەکە یان دەکشێتەوە.

بەگەڕانەوەی گەمارۆ بۆ سەر ئێران، ڕاستەوخۆ 550 هەزار بەرمیل نەوت لە بازاڕدا کەم دەکات، ئەمەش نرخی یەک بەرمیل نەوت بە بڕی 8 — 10 دۆلار لە بازاڕەکاندا بەرز دەکاتەوە، هەربۆیە پێشبینی دەکرێ لەمساڵدا نرخی نەوت بگاتە 80 دۆلار. لەلایەکی دیکەوە سعودیە چاوەڕێیە نەوت بگاتە ئەو نرخە، بۆ ئەوەی پشکەکانی کۆمپانیای ئارامکۆ بخاتە بازاڕەوە، چەندینجارە سعودیە وادەی خستنەڕووی پشکەکانی ئارامکۆ دوادەخات و چاوەڕوانی گەیشتنی نرخی نەوتە بە 80 دۆلار.

ئەگەر ئەمریکا گەمارۆ بخاتەوە سەر ئێران، ئەوا ڕەوشی دارایی ئەو وڵاتە خراپتر دەبێت. ئێستا ئێران لەهەوڵدایە بۆئەوەی بازاڕی نوێ بۆ ساخکردنەوەی کاڵاکانی بدۆزێتەوە، هەروەها پشکەکانی خۆی لە بازاڕەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و قەتەر زیاد بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت قەرەبووی ئەو کەمبوونە بکات کە لە داهاتیدا پەیدا دەبێت، لە ئەگەری گەڕانەوەی گەمارۆ بۆ سەری.

گەڕانەوەی گەمارۆ بۆ سەر ئێران دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی خێرای نرخی نەوت، چونکە جگە لە کەمبوونی خستنەڕووی نەوت بە بڕی 300 تا 700 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، گرێبەستەکانی ئەو بازرگانانەی کە بەشێوەی جامبازی مامەڵە دەکەن لە بازاڕدا، بەشێوەیەکی خێرا نرخی نەوت بەرزدەکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەگەر ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەکە بکشێتەوە، ئەوا لە چەند کاژێری یەکەمی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەدا نرخی نەوت ناسەقامگیرییەکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێ، ئەمەش هانی بازرگانانی نەوت دەدات کە بەشێک لە گرێبەستە نەوتییەکانیان بە کانزا سەلامەتەکان داپۆشن، بۆ ئەوەی ئەگەر بازاڕ بەهەرلایەکدا ئاراستە وەربگرێت، ئەوا کاڵا سەلامەتەکانی وەک زێڕ و یەنی ژاپۆنی و فرەنکی سویسری قەرەبووی بکەنەوە، هەربۆیە لەئەگەری گەڕانەوەی گەمارۆ بۆ سەر ئێران نرخی زێڕیش بەرز دەبێتەوە.

ئەوەی کە دەمێنێتەوە بڕیارەکەی ترەمپە سەبارەت بە ئێران کە ئاراستەی نرخی نەوت دەستنیشان دەکات، مانەوە لە ئاستی 70دۆلار یان هەنگاونان بەرەو 80 دۆلار؟



لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا خواست لەسەر نەوت بەرزبووەتەوە بۆ 97 ملیۆن و 400 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا

# دۆسیەی نەوت لە کارنامەی هەڵبژاردنی حیزبەکاندا



بیلال سەعید

یەکێک لە بەهێزترین کارتەکانی بانگەشەی بەردەستی پێنج حیزبەکەی کوردستان (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان و عێراقدا، دۆسیەی نەوت بووە، بەڵام ئێستا کە عێراق و کوردستان لەبەردەم پرۆسەیەکی دیکەی هەڵبژاردندان، پێنج حیزبەکە چۆن باسی ئەو دۆسیەیە دەکەن.

بە وردبوونەوە لە کەرتی نەوتی کوردستان لە قۆناغی ڕابردوودا، زۆربەی حیزبەکانی کوردستان بە تایبەتی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ و بەشێکی زۆری یەکێتیش، کەرتی نەوتی کوردستان لەسەر پارتی ئەژمار دەکەن و دەڵێن پارتی بەپلەی یەکەم لە بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوتی کوردستان لە ناوخۆ و لەگەڵ عێراق و دەرەوەش بەرپرسیارە، بۆیە شکست و سەرکەوتنەکان لەو دۆسیەیەدا بەرەوڕووی پارتی دەکرێنەوە.

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەکاتێکدا بەڕێوەدەچێ کە عێراق لەبەردەم گۆڕانێکی سیاسی و ئابووری و ئەمنیدایە، هەروەها بارودۆخی کوردستان زۆر جیاوازە لە ڕابردوو، چەندین پرسی چارەسەرنەکراو لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا ماون. لەسەرووی هەمووشیانەوە دۆسیەی نەوت.

بە وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی بەرنامە و ئامانجی هەریەک لە پێنج حیزبە سەرەکییەکەی کوردستان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەبینین بزووتنەوەی گۆڕان بەپلەی یەکەم و یەکگرتووی ئیسلامی بە پلەی دووەم و یەکێتی بەپلەی سێیەم لە کارنامەکانیاندا بەشێوەی جۆراوجۆر ئاماژەیان بە دۆسیەی نەوت و سامانی سروشتی کردووە، کۆمەڵی ئیسلامیش بە پەرەگرافێکی بچووک، ئاماژەی بە دۆسیەی نەوت کردووە، ئەویشی پەیوەست کردووە بە ئاستی عێراق نەک تەنیا هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە، پارتی دیموکراتی کوردستان کە کارنامەکەی لە 14 خاڵ پێکدێ، بە یەک وشەش باسی دۆسیەی نەوتی نەکردووە!

## ● گۆڕان: بەشداربوونی هەرێم لە داڕشتنی سیاسەتی نەوتی عێراق

بەرنامەی لیستی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە نۆ تەوەر پێکهاتووە، تەوەری شەشەمی کە لە 14 خاڵ پێکهاتووە، تایبەت کراوە بە دۆسیەی سامانی سروشتی، شەش خاڵی ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بەکەرتی نەوت و گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان:

1- چارەسەرکردنی کێشە پەیوەندیدارەکان بە نەوت و غاز و سامانە سروشتییەکانی دیکە، لەڕێگەی دانانی یاسایەکەوە، کە بنەما دەستوورییەکان لەخۆ بگرێت و مافی هەرێم و پارێزگاکان لە بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوت و غاز و سامانە سروشتییەکان تێیدا پارێزراو بێت. وەک لە مادەکانی (111) و (112)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە.

2- سووربوون لەسەر بەشداربوونی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەکان لە داڕشتنی سیاسەتی نەوتی عێراق.

3- گرێبەستەکانی نەوت و غاز کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەوە دەکرێن، بخرێنە ژێر چاودێریی پەرلەمان.

4- چەسپاندنی شایستەی پترۆدۆلار بۆ ئەو پارێزگایانەی نەوت و غاز و پاڵاوگەیان هەیە، ڕەنگدانەوەی لە یاسای بودجەی ساڵانەی عێراقدا.

5- فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کۆمپانیای (سۆمۆ) و دانانی نوێنەری هەمیشەیی هەرێم لەو کۆمپانیایەدا.

6 - دابینکردنی مووچە و پێداویستییە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و پێداویستیی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت.

## ● یەکگرتوو: هەمەجۆرکردنی چالاکییە ئابوورییەکان



گۆڕان بەپلەی یەکەم و یەکگرتوو و یەکێتی بە پلەی دووەم و سێیەم لە کارنامەکانیاندا ئاماژەیان بە دۆسیەی نەوت کردووە

ئامانجەکان لە بەرنامەی یەکگرتووی ئیسلامیدا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە پێنج بەش پێکهاتووە، خاڵی چوارەم کە تایبەتە بە بنیاتنانی ئابووریی وڵات، باسی هەمەجۆرکردنی چالاکییە ئابوورییەکان دەکات:

1- هەمەجۆریی چالاکییە ئابوورییەکان لە پێناو کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت و ڕەخساندنی خۆشگوزەرانی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گونجاو بۆ هاووڵاتیان.

2- باشترکردنی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز و شەفافکردنی داهاتەکانی و بەکارهێنانی لە گەشەپێدانی ئابووریی وڵات و باشترکردنی گوزەرانی هاووڵاتیان.

3- دامەزراندنی تۆڕی بۆری گاز بۆ شارەکان، بۆ بەکارهێنانی لە کاروباری ناو ماڵدا لەسەرتاسەری عێراقدا.

## ● یەکێتی یاسای نەوت و گازی دەوێ

بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە 12 تەوەر پێکهاتووە کە تەوەری سێیەمی تایبەت کراوە بە دۆسیەی ئیداری و ئابووری و لە 6 خاڵ پێکهاتووە و 2 خاڵی پەیوەندیدارە بەکەرتی نەوت و گاز:

1- دەرکردنی یاسای نەوت و غاز لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەشێوەیەک کە دەسەڵاتی دەستووریی تەواو بەهەرێم بدات لە بواری نەوت و وزەدا و داهاتەکانی لە خزمەتی گەلی کوردستاندا بێت.

2- چاودێری داهاتەکانی فیدراڵی بکرێت بەجۆرێک کە زەمانەتی دابەشکردنی عادیلانەی سامان لەنێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا بکات.

## ● کۆمەڵ: داهاتی نەوت بۆ تاکەکانی عێراق

بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی، لە حەوت تەوەر پێکهاتووە، هیچ تەوەرێکی تایبەت نییە بە پرسە ئابوورییەکان و دۆسیەی نەوت ، بەڵام لە تەوەری پێنجەمدا کە تایبەت بە دادگەری، داوای دیاریکردنی ڕێژەیەکی گونجاو بۆ هەر تاکێکی عێراقی لە داهاتەکانی فرۆشتنی نەوت بەشێوەیەکی ساڵانە دەکات.

## ● نەوت لە کارنامەی پارتیدا نییە

پارتی دیموکراتی کوردستان کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەستەوەیە و قسەی یەکەم و کۆتایی لەبارەی دۆسیەی نەوتەوە دەکات، لە کارنامەکەیدا باسی دۆسیەی نەوتی نەکردووە.

بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 14 خاڵدا کۆکراوەتەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی بە دۆسیەی نەوت نەکردووە، لە خاڵی سێی کارنامەکەدا هاتووە:" پیادەکردنی دەستوور بە تەواوی مادە و بڕگەکانییەوە کە تاکە زامنی بەردەوامیی یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی خاک و گەل و سەروەریی عێراقە و پابەندبوون بە دەق و ناوەڕۆکەکەی کە لەسەر پرەنسیپەکانی شەراکەت و هاوسەنگی و تەوافوق داڕێژراوە".

دوای 12ی ئۆکتۆبەر و دانیشتنی نوێنەرانی کورد لەسەر کورسییەکانی نێو هۆڵی پەرلەمان، ڕوون دەبێتەوە کە ئایا ئەو حیزبانە چارەسەری دۆسیەی نەوت کە بڕبڕەی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدایە، لەسەرووی دۆسیەکانی دیکەوە دەبێ، یان تەنیا دەبێتە مەرەکەبی سەر کاغەز؟

## ژنانی شەڕڤان دەچنە کان

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

فیلمی فەرەنسی Girls of the Sun کە باس لە شەڕڤانانی کچ لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکات لە پێشبڕکێی سەرەکی فێستیڤاڵی کان بەشداری دەکات. ماڵپەڕی نیویۆرک تایمیز لەبارەی ئەم فیلمەوە نووسیویەتی "یەکێکە لەو فیلمە دەگمەنانەی باس لە ژنانی شەرڤان دەکات". ئێڤا حەسوونی دەرهێنەر دەڵێت " فیلمەکەم باس لە ئەزموونی چەند ژنێکی شەرڤان دەکات، کە لە نێو ڕووداوی زۆر ناخۆش ژیان دەگوزەرێنن". فیلمەکە لەگەڵ 21 فیلمی دیکە کێبڕکێی وەرگرتنی خەڵاتی چلەدارخورمای زێڕینی خولی 71مین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی کان دەکات کە لە ڕۆژی 8 تاوەکو 19ی ئایار بەردەوام دەبێت.



ڕووداو
هونەری
ژمارە (504) - دووشەممە 2018/5/7



### ئازیتا لوقمان، یەکەمی بەرنامەی کوردستان کیدس ڤۆیس بۆ (ڕووداو):

# چەند گۆرانییەکم ئامادە کردووە و بڵاویان دەکەمەوە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

خێزانەکەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و لە باشوور نیشتەجێن، خۆی لە هەولێر لەدایک بووە و باوکی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتە، ئازیتا لوقمان یەکەمی بەرنامەیەکی پێشبڕکێی دەنگخۆشی بوو بەناوی "کوردستان کیدس ڤۆیس". خەونی هەرە گەورەی ئەو ئەوەیە ببێتە هونەرمەندێکی بەناوبانگ لەکاتێکدا پێشبینی ئەوەی نەکردبوو کە یەکەمی بەرنامەکە بێت. ئازیتا دوای ئەوەی بووە یەکەمی بەرنامەکە، ناوبانگی بڵاوبووەتەوە. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی پلانەکانی خۆی دوای پێشبڕکێیەکە دەکات.

> دەست بە لایڤ میوزیک دەکەم

**ڕووداو: دوای ئەوەی لە بەرنامەی (کوردستان کیدس ڤۆیس) بەشداریت کرد و یەکەم بووی، چ گۆڕانکارییەک بەسەر ژیانتدا هاتووە؟**

**ئازیتا لوقمان:** باوەڕم نەدەکرد یەکەم بم، چونکە بەڕاستی کەسانی بەهێز لە قۆناغی کۆتاییدا بوون، بەڵام یەکەمبوون هەستێکی زۆر خۆشی پێدام. کە دەڵێم باوەڕم نەدەکرد یەکەم بم مەبەستم ئەوە نەبوو کە متمانەم بەخۆم نەبوو، بەڵام ڕکابەرییەکە بەهێز بوو.

**ڕووداو: ئێستا تا ڕادەیەک ناسراویت، ئەمە کاریگەری نەکردووەتە سەر خوێندنەکەت؟**

**ئازیتا لوقمان:** مامۆستا و قوتابییە هاوڕێکانم لە قوتابخانە منیان خۆشدەوێت، زۆر جار داوام لێدەکەن گۆرانییان بۆ بڵێم، کاریگەری خراپی نەکردووەتە سەر خوێندنەکەم، بگرە خۆشەویستتری کردووم.

**ڕووداو: دەتەوێت لە داهاتوودا لە بواری هونەردا بخوێنی؟**

**ئازیتا لوقمان:** جارێ ئەوە نازانم، دڵنیام حەز دەکەم زۆر بە باشی لە کاری هونەریدا پێشبکەوم و سەرکەوتوو بم، حەز دەکەم بوارەکە بە شێوەیەکی ئەکادیمی بخوێنم، بەڵام زۆر بۆچوونی جیاواز دەبیستم لەو بارەیەوە، بۆیە نامەوێت ئێستا هیچ بڵێم.

**ڕووداو: لە بۆنەکان و بەرنامەکاندا گۆرانی چەند هونەرمەندێکت**



> لەیلا فەریقی بۆ گوتنەوەی گۆرانییەکەی دەستخۆشی لێکردم

**گوتووەتەوە، کەسیان تێبینییان هەبووە لەسەری؟**

**ئازیتا لوقمان:** لەیلا فەریقیم بینی، زۆر دەستخۆشی لێکردم لە بارەی دەنگم، گوتی کە گۆرانییەکەی ئەوم باشی گوتووەتەوە و بەگشتی دەستخۆشی لێکردم، هیچکام لە هونەرمەندەکانیش بۆچوونی خراپیان نەگوتووە، هەموو ئەوانەی قسەیان کردووە و پێمگەیشتوون دەستخۆشین.

**ڕووداو: تۆ تەمەنێکی بچووکت هەیە، کێ لە کارەکان یارمەتیت دەدات؟**

**ئازیتا لوقمان:** براکەم بە تایبەتی و باوکیشم، ئەوان زۆر بە منەوە ماندوون، بۆ هەموو شوێنێک کە پێویستە دەمبەن و دەمهێنن، زۆر هاوکاریم دەکەن و پلانی کارەکانم بۆ دادەنێن، ئەگەر ئەوان نەبوونایە من نەمدەتوانی تا ئەم ئاستەی ئێستا بێم و بەردەوام بم.

**ڕووداو: ناوبانگ و کاری هونەری تا ئێستا داهاتێکی ماددی بۆ پەیداکردووی؟**

**ئازیتا لوقمان:** ڕاستییەکەی نەخێر، تا ئێستا هیچ داهاتێکم لەو بوارەدا دەستنەکەوتووە، بەڵام داواکاری زۆر هەبووە بۆ ئەوەی لایڤ میوزیک بکەم.

**ڕووداو: بۆچی نەتکردووە؟**

> باوکم و براکەم نەبن ناتوانم بەردەوام بم

**ئازیتا لوقمان:** پێشتر ئامادە نەبووم بۆ ئەو کارە، بەڵام ئێستا پلانمان هەیە کە لە داهاتوودا دەست بە لایڤ میوزیک بکەم.

**ڕووداو: چەند پارە وەردەگری بۆ لایڤ میوزیک؟**

**ئازیتا لوقمان:** نازانم، باوکم دەزانێت

**ڕووداو: بەنیاز نیت گۆرانی بڵاوبکەیتەوە؟**

**ئازیتا لوقمان:** ئێستا کارێکی گۆرانی ئامادەیە، دەمانەوێت کلیپی بکەین و بڵاوی بکەینەوە، لە داهاتووشدا چەند گۆرانییەک بۆ منداڵان و نیشتمان تۆمار دەکەم و بڵاویان دەکەمەوە.

**ڕووداو: گۆرانیی خۆشەویستی ناڵێیت؟**

**ئازیتا لومان:** با دەیڵێم، بۆچی نا، ئامادەکاریشمان کردووە، ئەو گۆرانییەی کە ئامادەکراوە گۆرانییەکی عاشقانەیە، بەڵام نازانم کە دەبێتە یەکەم گۆرانی بڵاوکراوەی من یاخود نا.

**ڕووداو: خەون بە چییەوە دەبینی؟**

**ئازیتا لوقمان:** حەز دەکەم ببمە هونەرمەندێکی سەرکەوتوو، خوێندن تەواو بکەم، بەڵام لە هونەر دانەبڕێم و کارەکانم بە باشی بکەم.

### خانمە هونەرمەندی کورد ڕەوشەن چالکەر بۆ (ڕووداو):

# کەمانچەیەک تەواوی ژیانی گۆڕیم



هەر لە منداڵییەوە گوێیەکانی ئاشنابوون بە میوزیک و گۆرانی، ئەویش لەڕێی ئەو دەنگبێژانەی دەهاتنە ماڵی خاڵی و بەردەوام بەستە و لاوکیان دەگوت. ڕەوشەن چالکەر، خانمە هونەرمەندی باکووری کوردستان، زۆر لەژێر کاریگەریی گۆرانی و میوزیکی ئەرمەنیدایە، بۆیە تێکهەڵکێشی میوزیک و گۆرانیی کوردی کردووە و شتێکی تازەی لێ خولقاندووە. ڕەوشەن لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی چۆنیەتی ئاشنابوونی بە میوزیک و گۆرانی دەکات.

**هەڤپەیڤین:**
**ئیمرا ئەکبولاک**
ڕووداو – هەولێر

**ڕووداو: ژیانی میوزیکی و هونەریت چۆن دەستی پێکرد؟**

**ڕەوشەن:** من زۆر بچووک بووم، گوێم لە بەستە و لاوکی دەنگبێژانی کورد دەگرت کە هەموویان لە ماڵی خاڵم کۆدەبوونەوە، دیوەخانی ماڵی خاڵم هەمیشە پڕبوو لە هونەرمەندی هەر چوار پارچەی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا من بە دەنگی ڕادیۆی یەریڤان تێکەڵی میوزیک و گۆرانی کوردی بووم، بنەماڵەکەشمان هەموویان یان هونەرمەند بوون یان هونەردۆست، ئەمەش هاوکار بوو بۆئەوەی دەرگای جیهانی هونەر بەسەر مندا بکرێتەوە.

**ڕووداو: چۆن فێری ژەنینی ئامێرەکانی میوزیک بوویت؟**

**ڕەوشەن:** سەرەتا لە ئێران فێری ژەنینی ئامێری تەمبوور بووم، زۆر شەیدای دەنگی تەمبوور بووم، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ گۆرانیگوتن زۆر هاوکارم بووە، دواتر برا گەورەکەم کەمانێکی بەدیاری بۆ هێنام، ئیدی ئەم کەمانە تەواوی ژیانی منی گۆڕی و دەستپێکێکی باش بوو لە بواری میوزیک و گۆرانی کوردی.

**ڕووداو: بەشێوازێکی ئەکادیمی فێری ژەنینی میوزیک بووی؟**

**ڕەوشەن:** بەڵێ ئەو کاتەی لە زانکۆ بەشی سایکۆلۆژیم دەخوێند، خۆم فێری ئامێری کەمان دەکرد، دواتر چوومە زانکۆی هونەریی پەرا لە ئیستانبوڵ لە بەشی ئامێری کەمان و ڤیۆلا و هارمۆنی وانەم وەرگرتووە، هەروەها لەگەڵ ئۆرکێسترا جاز کارم کردووە، پاشان کارم لەسەر دروستکردنی میوزیکی فیلم لە ئیستانبوڵ دەکرد، بڕوانامەی لیسانسم لە بواری ئەکتەری لە زانکۆی بەهچەشەهیر لە بەشی شانۆی میوزیک ئامێز یان میوزیکاڵی وەرگرتووە.

> هەرێمی سەرحەد سەرچاوەی دەنگبێژی و لاوکی کوردییە

**ڕووداو: لە مەقامات تا چەند شارەزای؟**

**ڕەوشەن:** گەلی کورد لە بواری مەقاماتدا زۆر دەوڵەمەندە، پێویستە سەرەتا هەموو هونەرمەندێک بەشێوەیەکی باش شارەزای میوزیک و گۆرانی ڕەسەنی نەتەوەکەی خۆی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا نرخ بۆ هونەرەکەی خۆی دابنێت، هەرێمی سەرحەد لە باکووری کوردستان بە ناوەند و سەرچاوەی مەقامی دەنگبێژانی کورد دادەنرێ و زۆرترین مەقام لەم دەڤەرەدا سەری هەڵداوە.

**ڕووداو: چۆن بیرت لەوە کردەوە میوزیکی کوردی و ئەرمەنی تێکەڵکێش بکەی؟**

**ڕەوشەن:** ساڵی 2011 بۆ پرۆژەیەکی ئۆرکێسترای سەمفۆنیای ئاشتی سەردانی یەریڤانم کرد. لەوێ تێبینیم کرد، نزیکایەتییەکی زۆر لە نێوان میوزیکی کوردی و ئەرمەنی هەیە. هەردوو نەتەوەکە سوودیان لە میوزیک و گۆرانی یەکدی وەرگرتووە، بۆیە من هەر لەوێ بڕیارمدا گۆرانی ئەرمەنی بڵێم و ئاوێتەی میوزیکی کوردی بکەم.

**ڕووداو: گۆرانییەکانت زیاتر تێکەڵێکە لە میوزیکی کوردی خۆراسانی و لاتینی، ئایا ئەمە تایبەتمەندی دەنگی تۆیە یاخود سروشتییە؟**

**ڕەوشەن:** بێگومان تایبەتمەندی دەنگی من هەڵقوڵاوی ناوچەی سەرحەدە کە من لەو دەڤەرە لەدایکبوومە، بۆیە هەمیشە سروشتی ئەم ناوچەیە کاریگەری لەسەر میوزیک و گۆرانییەکانی من هەبووە و بەردەوامیش دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا شارەزایی من لە میوزیک و گۆرانی هاوکار بووە بۆ ئەوەی بەشێوەکی جیاواز گۆرانی بڵێم.



> نزیکایەتیی زۆر لە نێوان میوزیکی کوردی و ئەرمەنیدا هەیە

**ڕووداو: ماوەیەکە تێکەڵییەک لە نێوان میوزیکی کوردی و ڕۆژئاوایی بەدی دەکرێ، ئایا ئەمە لە ڕووی هونەرییەوە ئەرێنییە؟**

**ڕەوشەن:** ئەم کاریگەرییە بە تەنیا لەسەر میوزیکی کوردی نییە، بەڵکو لەسەر هەموو میوزیکی وڵاتانی دیکەش هەیە، ڕۆژئاواییەکان کاتێک گوێ لە میوزیکی ڕۆژهەڵاتی دەگرن، زۆر سەرسام دەبن، بۆیە ئەوانیش ئێستا گرنگی بە میوزیک و گۆرانی ڕۆژهەڵاتی دەدەن و پێشوازییەکی باشی لێ دەکەن. ئەمەش مانای وایە هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر میوزیکی کوردی نابێت.

**ڕووداو: ڕەوشی میوزیک و گۆرانیی کوردی چۆن دەبینی؟**

**ڕەوشەن:** گرنگە سەرەتا باس لە دیسیپلینی میوزیکی کوردی بکەین کە لەبەرامبەر میوزیکی ڕۆک و پۆپ لە چ ئاستێکدایە. من پێموایە میوزیکژەنەکانی کورد دەستپێشخەربوون بۆ چەسپاندنی ستایل و ڕیتمی جیاواز لەگەڵ میوزیکی ڕەسەنی کوردی. دواتر ئەوە دەگەڕێتەوە سەر گوێگری کورد ئایا چۆن پێشوازی لەم جۆرە ستایلانە دەکەن.

**ڕووداو: کامە هونەرمەندی کورد و جیهانی کاریگەری لەسەر تۆ هەبووە؟**

**ڕەوشەن:** هونەرمەندانی ڕادیۆی یەریڤان، هەروەها جوان حاجۆ. هونەرمەند گۆمیداس کە هونەرمەندێکی ئەرمەنییە زۆر کاریگەریان لەسەر من هەبووە.

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە (504) - دووشەممە 2018/5/7



## لە سوێد 2000 کۆچبەر خۆیان شاردووەتەوە

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

پۆلیسی سوێد نەیتوانیوە سەرجەم ئەو کۆچبەرانە بنێرێتەوە وڵاتەکانیان کە دەزگای کۆچی ئەو وڵاتە بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی داون، چونکە زۆربەیان خۆیان حەشارداوە. پار لۆڤێنباری بەرپرسی گروپ لە پۆلیسی سنوور بە ڕادیۆی سوێدی ڕاگەیاندووە "دەتوانین بڵێین توانراوە تەنیا نزیکەی یەک لە سەر سێی ئەو پەنابەرانە بنێردرێنەوە کە بڕیاری ناردنەوەیان هەبووە، ئەوانەشی کە نەنێردراونەتەوە بەهۆی ئەوەیە پۆلیس نازانێ لە کوێ دەژین". حکومەت ئەرکی ناردنەوەی ئەو پەنابەرانەی دایە پۆلیس، دەبوایە لە ماوەی سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا بیاننێرنەوە، بەڵام لە کۆی 3000 کۆچبەر کە بڕیاری دیپۆرتکردنەوەیان دراوە، 2000یان دیار نین.

## ژمارەی دەنگدەری کورد زیادی کردووە

# کوردی سوێد ئەمساڵ بەشداریی پێنج هەڵبژاردن دەکەن

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

کوردی سوێد تەواوی ئەمساڵ سەرقاڵ دەبن بە هەڵبژاردنەوە، ئەوان بەشداریی پێنج پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن کە سێیان تایبەتن بە سوێد، دووەکەی دیکەش تایبەتن بە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام بەشێکیان دەڵێن زۆر گرنگی بە هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان نادەن، بەشێکیشیان دەڵێن چاوەڕێی هەڵوێستی دەنگدەرانی عەرەبن.

ڕۆژی 12ی ئایار هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەدەچێ، وا بڕیارە لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵیش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێ. هەر لە مانگی ئەیلولدا هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوێد و هەڵبژاردنی کۆمۆنەکان و هەڵبژاردنی هەرێمەکان لە یەک ڕۆژدا دەکرێن، بۆیە کوردی سوێد لەو مانگەدا تەواو بە هەڵبژاردنەوە سەرقاڵ دەبن.

سیاوەش بەهرام، 16 ساڵە لە سوێد نیشتەجێیە. ئەوە دووەم هەڵبژاردنە لە سوێد کە سیاوەش بۆی هەیە دەنگ بدات، بەڵام گرنگی بە دەنگدان نادات و دەڵێت: "ئەوە کەی کێشەی منە چ حیزبێک دەبێتە دەسەڵاتدار لە سوێد؟".

سەبارەت بە دەنگدانیشی بۆ پەرلەمانی عێراق، سیاوەش دەڵێت: "تا ئێستا بۆم ڕوون نەبووەتەوە، گۆڕانکاری باش و ڕاست دەکرێت یان نا، هەر کات ئەوەم بۆ ڕوون بووەوە و زانیشم حیزبەکان ڕاست دەکەن و ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە تەزویر ناکرێت، ئەوکات بیرێکی لێ دەکەمەوە".

شیار وەرزێر، تەمەن 20 ساڵ، یەکەم هەڵبژاردنە مافی دەنگدانی هەیە، بەڵام گرنگی پێنادات. ئەو دەڵێت: "ئاگاداری هەڵبژاردنی سوێد نیم و نازانم چی دەکەم، بۆ کوردستان و عێراقیش هەر ئاگام لێی نییە و بە کێشەی خۆشمی نازانم".

لەگەڵ بێئومێدبوونی کوردی ئەو وڵاتە و ساردبوونەوە لە دەنگدان، بەڵام هەندێکیان کە حەماسەتی عەرەبەکانی عێراق لە سوێد دەبینن، گەرموگوڕ دەبن بۆ دەنگدان.

مەهاباد محەممەد کە چالاکڤانێکی کوردی دانیشتووی سوێدە، دەڵێت: "کوردی ئێرە هەموو جارێک دەڵێن بەشداری ناکەین، بەڵام لەگەڵ گەرمبوونی بانگەشەی هەڵبژاردن و بینینی حەماسەتی عەرەبەکان، ئیدی ئەوانیش گەرم دەبن و دەبێتە شەڕ لەسەر دەنگدان".

پێدەچێت سیروان ڕەحیم یەکێک بێ لەوان. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەگەر ببینم عەرەبەکان دەنگ دەدەن ئەوە ئێمەش دەچین، ئەگەر وا نەبوو، بەخوا پێموانییە دەنگ بدەین و زۆریش بۆم گرنگ نییە".



لە 150 هەزار کوردەکەی نیشتەجێی سوێد، 90 هەزاریان مافی دەنگدانیان هەیە

بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەم ساڵەدا ئەگەرێکی بەهێزە و دەنگدانی سوێدییەکانیش بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی، هەرێمەکان و پەرلەمانی سوێد لە مانگی 9ی دادێ بەڕێوەدەچێ.

عێراقییەکانی سوێد ڕۆژی 10 و 11ی ئەم مانگە بۆیان هەیە دەنگ بدەن. لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا تەنیا حەوت بنکەی دەنگدان بۆ دەنگدەرە عێراقییەکان لە سوێد کرابوونەوە، بەڵام بۆ ئەم هەڵبژاردنە زیادکراون بۆ 15 بنکە. زیادبوونی بنکەکانی دەنگدان و ئاسانکارییە لۆجستییەکانیش، هێشتا دەنگدەرانی بە باشی گەرم نەکردووە.

ڕیاز حەمید کە نوێنەری حیزبێکی کوردستانە لە سوێد، دەڵێت: "ئەو هەموو هەڵبژاردنە لە یەک کاتدا سەریان لە خەڵک تێکداوە، بە زەحمەت دەتوانین خەڵک هان بدەین بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن".

ڕیاز پێیوایە هەڵبژاردنەکانی سوێد هێندەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق بۆ کوردی سوێد گرنگن. ئەو دەڵێت: "کوردی سوێد دوو ئەرکیان لەسەرە، یەک بۆ سوێد کە دەتوانن نوێنەری خۆیان بەهێز بکەن و ببێتە لۆبییەکی بەهێز، ئەویدی دەستنیشانکردنی نوێنەرایەتیی خۆیانە لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق".

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، تا ئێستا 30 کورد خۆیان کاندید کردووە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوێد، بەڵام دەنگدەرانی کورد تەنیا دەتوانن 4-5 لەو کاندیدانە بگەیەننە پەرلەمان.

ڕیاز دەڵێت: "بەو ژمارە زۆرەوە کێبڕکێی (ئەفغانی) و (فارس) و (تورک)مان پێ ناکرێت کە ئەوان لە لۆبی و کارایی لە سیاسەت زۆر لە ئێمە بەهێزترن، لە کاتێکدا ژمارەی ئێمە زیاترە".

ڕیاز تەنانەت بێهیوایە لەوەی کورد وەک خۆی لە پەرلەمان بمێنێتەوە و دەڵێت: "لەو باوەڕەدا نیم ژمارەی ئەندامانی کورد لە پەرلەمانی سوێد لە دوو کەس تێپەڕێنێ کە ئێستا پێنج ئەندامان هەیە".

### کۆچبەرانی نوێ هیچی لێ نازانن

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی (KYEO) لە سوێد کە کاری لەسەر کورد و هەڵبژاردنەکان کردووە، نزیکەی 15 هەزار کوردی سوێد بۆ یەکەمین جاریانە دەنگ دەدەن و نزیکەی 1000 کەسیش بۆیان هەیە دەنگ بۆ شارەوانییەکانیان بدەن. ئەو هەزار کەسەش کۆچبەرە تازەکانن.

هاژە ڕەحیم سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە لە ڕێکخراوی (KYEO) بە (ڕووداو)ی گوت: "زۆرینەی کۆچبەرە تازەکان هۆشیاری سیاسییان بەهێزە، بەڵام زانیاریی ئەوەیان نییە کە بۆیان هەیە دەنگ بدەن".

گوتیشی: "لە هەوڵی ئەوەداین لە ڕێگەی خول، یان هەڵمەتی میدیایی و چاپەمەنی، بە چۆنێتی دەنگدان و مافەکانیان ئاشنایان بکەین".

### فەیلییەکان نازانن دەنگ بە کێ بدەن

تەنیا لە سوێد زیاتر لە 15 هەزار کوردی فەیلی هەن و زیاتر لە 10 ڕێکخراو و سەنتەری کولتووری و کۆمەڵایەتی بەهێزیان هەیە، ئەوان زیاتر لە کوردی دیکە بایەخ بە هەڵبژاردن دەدەن.

سەلیم موراد، چالاکڤانی سیاسی و کولتووری فەیلی دەڵێت: "بەداخەوە بۆمان هەیە بەس بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەین، نەک کوردستان". سەبارەت بە دەنگدان، سەلیم گوتی: "ئێمە لەوەتەی هەین لەسەر دەستی حکومەتەکانی عێراق دەچەوسێنرێینەوە، چۆن دەنگ نادەم!".

### کۆمیسیۆن خۆی ئامادە کردووە

نووسینگەی سوێدی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاسانکاری زۆری بۆ دەنگدەران کردووە و 15 بنکەی دەنگدانی لە شارەکانی ستۆکهۆڵم، یۆتۆبۆری، مالموێ، ئۆپسالا، ئۆریبرۆ، ڤێستەرۆس، لینشۆپینگ و هێلسینگبۆری کردووەتەوە.

ڕەنج شوکری کە بەرپرسی بەشی تەکنیکە لە نووسینگەی کۆمیسیۆن لە سوێد، بە (ڕادیۆی سوێد)ی گوت: "ئامانجی ئێمە لەم هەنگاوەمان ئەوەیە کە دەمانەوێت بنکەکان نزیک لە دەنگدەران بن و پێویست نەکات چەند کاژێر بە ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر ببڕن، بۆ دەنگدان".

### دوو کورسیی کورد لە سوێدە

بەپێی ئاماری ڕێکخراوێکی کوردی سوێدی، نزیکەی 150 هەزار کورد لە سوێد نیشتەجێن، لەوانەش نزیکەی 90 هەزاریان بۆیان هەیە دەنگ بدەن، بۆیە ئەگەر بەشداریی دەنگدان بکەن، لانیکەم دەتوانن 1-2 کاندیدی کورد بگەیەننە پەرلەمانی عێراق، بەڵام ڕیاز حەمید کە نوێنەری حیزبێکی کوردستانییە لە سوید، دەڵێت: "خەڵک متمانەی زۆر بە حیزبەکان نییە بتوانن لە بەغدا شتێک بکەن، هەروەها کەمیی هۆشیاریی سیاسیش ئەو هیوایەی نەهێشتووە".

# کۆچبەرانی دێرین بە پارە ڕێنمایی کۆچبەرانی نوێ دەکەن

**شوان سدیق**
**ڕووداو – ڕۆما**

کاکەڕەش، زەحمەتیی زۆری چەشت تا لە تورکیاوە گەیشتە یۆنان و لەوێشەوە گەیشتە ئیتاڵیا، سەرەتا زۆر دڵخۆش بووە کە گەیشتووە و وای هەست دەکرد ئیدی ڕزگاری بووە لە دەست سەرانە و پارەدان بە قاچاخچییەکان، بەڵام لە ئیتاڵیاش بۆ ڕاییکردنی هەر کارێکی دەبێ پارە بدات.

ئەوەی کاکەڕەش و زۆر لە کۆچبەرە تازەکانی نیگەران کردووە، ئەوەیە کە کۆچبەرانی دێرین بە پارە نەبێ چاوساغی ناکەن. کۆچبەرانی تازەی نەشارەزا لە زمان و ڕێسا و یاسای ئەورووپا، بوونەتە سەرچاوەیەکی دارایی باش بۆ کۆچبەرانی دێرین و هەندێکیان ئەوە بە دەرفەت دەزانن بۆ کۆکردنەوەی پارە. دیاردەکە تەنیا لە نێو کۆچبەرانی کورددا نییە، بەڵکو کۆچبەرە فارس و ئەفغان و ئەفریقییەکانیش هەمان چیرۆکیان هەیە.

ناشارەزایی لە ڕێسا و یاساکانی وڵاتانی ئەورووپا و نەزانینی زمان، کۆچبەران بەرەوڕووی ئاستەنگی زۆر دەکاتەوە. هەر کۆچبەرێکی تازەهاتوو زمانێکی بیانی نەزانێت، لە ترسی دەستگیرکردنی هانا بۆ کۆچبەرانی دێرین دەبات، بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ بکەن، بەڵام بەشێک لە کۆچبەرە دێرینەکان ئامادەنین شارەزایی خۆیان بەبێ پارە پێشکەش بکەن. زۆرجاریش لەسەر پارە کێشە دەکەوێتە نێوان کۆچبەرانی کۆن و نوێ.

لە سەرەتای مانگی شوباتی ئەمساڵ کەشتییەک کە نزیکەی 71 کۆچبەری نایاسایی هەڵگرتبوو کە زۆربەیان کورد بوون و لە یۆنانەوە بەرەو ئیتاڵیا هاتبوو، بەر لەوەی بگاتە کەناراوەکانی نزیک هەرێمی سیچیلیای ئیتاڵیا، بەرەوڕووی مەترسیی شەپۆلەکانی دەریا بووەوە، ئەگەر هێزی دەریاوانی ئیتاڵیا نەبوایە نغرۆ دەبوو، کاکەڕەش یەکێک بوو لە سەرنشینانی نێو کەشتییەکە کە پۆلیس ڕزگاری کرد.

کاکەڕەش کە گەنجێکی تەمەن 25 ساڵە، بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای پێنج مانگ مانەوەمان لە یۆنان ناچاربووین بەهەر ڕێگایەک و چەند پارەش بێت بدەین، بۆ ئەوەی بگەینە ئیتاڵیا، هەر بۆیە لە یۆنان هەر یەکەمان 5000 یۆرۆمان بەقاچاخچی دا، بەداخەوە ئەوان ڕاستگۆ نەبوون لەگەڵمان، خەریک بوو نوقمی دەریا ببین".

کاکەڕەش پاش گەیشتنی بە ئیتاڵیا لەلایەن پۆلیسەوە ڕەوانەی کەمپێکی پەنابەران کرا، بەڵام چیرۆکەکەی دوایی نەهاتووە. ئەو دەڵێت: "هەر سەرەتا نەماندەویست لە ئیتاڵیا بمێنینەوە، بۆیە ناچاربووین لەدەست پۆلیس ڕابکەین، ئێمە حەوت کەس بووین پەیوەندیمان بە چەند کۆچبەرێکی کوردەوە کرد، یەکێکیان بە ئۆتۆمبێلی خۆی بەدواماندا هات، ئێمەی برد بۆ شاری کۆسینزای سەر بە هەرێمی کالابریا، 2100 یۆرۆی لێوەرگرتین کە ماوەکەی تەنیا سێ کاژێر بوو، ئێمە دەمانزانی ئەو پارەیە زۆرە، بەڵام نەشارەزا بووین و زمانیشمان نەدەزانی، بۆیە ناچاربووین پارەکە بدەین".

لە وڵاتێکی وەکو ئیتالیا هەندێ کەس وەها خۆیان بە کۆچبەرانی تازە دەناسێنن، گوایە دەستیان دەڕوات و لەگەڵ پارێزەر و کاربەدەستانی ئەم وڵاتە پەیوەندیی باشیان هەیە و بە پارە کارئاسانییان بۆ دەکرێ بۆ پێشخستنی پەنجەمۆر و کارئاسانی بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری، بەڵام زۆرجار ئەو کەسانە ناتوانن بەڵێنەکانی خۆیان ببەنە سەر، بۆیە لەگەڵ کۆچبەرانی تازە تووشی کێشە دەبن.

کۆچبەرێکی کورد کە ماوەیەکی کەمە گەیشتووەتە ئیتاڵیا، بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ کۆچبەرێکی دێرین دەگێڕێتەوە کە وەکو چاوساغێک پێشیکەوتووە بۆ ئەوەی کاروبارەکانی لە دەزگای کۆچ و شوێنەکانی دیکە بۆ بکات. ئەو کۆچبەرە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "کە هاتمە ئیتاڵیا کوڕێکی کوردم ناسی، گوتی 250 یۆرۆم بدەرێ هەموو کارەکانت بۆ دەکەم، بەڵام هیچی بۆ نەکردم و خۆشی لێ شاردمەوە، نەشمتوانی سکاڵای لەسەر تۆمار بکەم، چونکە هەردووکمان تووشی کێشە دەبووین، بەهۆی ئەوەی کارەکەمان نایاسایی بوو".

ئەو کە پێشتر لە وڵاتانی دیکەی باکووری ئەورووپا بووە، گوتیشی: "کوردەکانی خۆمان فێڵمان لێ دەکەن، هەندێ کەس کە دێتە ئیتاڵیا دوای ساڵێک ڕیکلام بۆ خۆی دەکات، گوایە دەستی دەڕوات و بە پارە هەموو شتێک دەکرێ، ئیدی کەسانێکی نەشارەزای وەکو من تووشی ئەو جۆرە کەسانە دەبن، هیچیان بۆ ناکرێت و پارەکەشیان دەفەوتێ".



کۆچبەرانی کۆن ئیستغلالی نەشارەزایی کۆچبەرانی نوێ دەکەن

ئیتاڵیا کە سێیەم گەورە وڵاتی ناوچەی یورۆیە لەڕووی دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ کۆچبەران زۆر لەدواوەیە، وەکو پێویست هاوکاریی کۆچبەران ناکرێ، بۆیە کۆچبەرانی تازەهاتوو دووجار دەبنە قوربانی، جارێک قوربانی کەمیی خزمەتگوزاری و جارێکیش بەڵێنی درۆیینی هەندێک لە کۆچبەرانی دێرین".

ئێنریکۆ ڕینزی، پیاوێکی ئیتاڵییە و زۆر ئاگاداری ڕەوشی پەناخوازانە، زۆرجار ناڕەزایی دژی پێشێلکردنی مافی پەنابەران لەسەر ئاستی حکومی و کۆمەڵگەش دەربڕیوە، دەڵێت "بەداخەوە ڕەوشی پەنابەران لە ئیتاڵیا خراپە، بەتایبەتی بۆ کۆچبەرانی نایاسایی حکومەت درەنگ هاوکارییان دەکات، یان نایکات. ئەوەش وادەکات کەسانێکی فێڵباز بەناوی کارئاسانی و وەرگرتنی ئیمتیاز فێڵ لە کۆچبەران بکەن، ئەگینا کەسێک یاساکانی وەرگرتنی مافی پەنابەری بخوێنێتەوە، ئیقامە وەرگرتن بەپارە و بەرتیل کارێکی ئاسان نییە لە دەرەوەی یاسا".

ئێستا وەرزی ئەکتیڤبوونەوەی تۆڕە قاچاخچییەکانە کە لە تورکیاوە درێژ دەبنەوە بەرەو وڵاتانی دیکەی ئەورووپا، چونکە بەهۆی ئەوەی پلەکانی گەرما بەرز دەبنەوە و بەفر و باران کەمدەبێتەوە، ئیدی وەرزی کۆچکردن لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەفریقاوە دەستپێدەکاتەوە.

هەر کۆچبەرێک لە تورکیاوە لەسەر ناوی قاچاخچییەک بەڕێدەکرێ بۆ وڵاتانی دیکە، ئیدی ئەو کۆچبەرە پێ بەپێ کڕین و فرۆشتنی پێدەکرێ، لەو قاچاخچی دەدرێتە ئەو قاچاخچی، لە زۆربەی حاڵەتەکانیش دەبێ کۆچبەرەکە پێشەکی پارەکەی خۆی بداتە قاچاخچی، یان کەسێکی متمانەپێکراوی قاچاخچییەکە. زۆرجاریش کۆچبەر ناگاتە شوێنی مەبەست و پارەکەی دەفەوتێ.



## کچێک بە بڕنەو خۆی دەکوژێ

**رووداو — رانیە**

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین رایگەیاند رۆژی 2018/5/6 کچێکی دانیشتووی ناحیەی سەر کەپکانی قەزای رانیە، بەناوی (ە.ح.ب) بە چەکی بڕنەو خۆی کوشتووە. پۆلیس دەڵێت کچەکە تەمەنی 18 ساڵانە و خوێندکار بووە، دانیشتووی گوندی قەڵای سەیدەی سەر بە ناحیەی سەرکەپکانە. پۆلیسی بەڵگە و تاوان چوونەتە شوێنی رووداوەکە و لەوێ دەستیان بەسەر ئەو چەکەدا گرتووە کە بەکارهێنراوە، چەکەکەش لە جۆری بڕنەو بووە. بەگوێرەی قسەی کەسوکاری، کچەکە بەتەنیا لە ژوورێکی ماڵەکەی خۆیاندا دوای ئەوەی دەرگای لەسەر خۆیدا داخستووە و بەچەکی بڕنۆ یەک فیشەکی ناوە بەخۆیەوە و بەو هۆیەشەوە گیانی لەدەست داوە.

## 20 ساڵ بوو لە پرسەکاندا قورئانی دەخوێند

# لە هەولێر ژنە قورئانخوێنێک خۆی دەسووتێنێ

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

کوردستان محەممەد، تەمەن 58 ساڵ، وەک ژنە قورئانخوێنێکی دەنگخۆش ناوبانگی دەرکردبوو، نزیکەی 20 ساڵ بوو لە پرسەی ژناندا قورئانی دەخوێند، هەفتەیەک پێش ئەوەی خۆی بسووتێنێ، ئامۆژگاریی ژنانی کردبوو کە خۆیان نەسووتێنن، بەڵام بەهۆی کێشەیەکی خێزانی نەوتی بەخۆیدا کرد و ئاگری لە خۆی بەردا. کوردستان 11 رۆژ لە ژێر چاودێریی پزیشکدا مایەوە و لەوە زیاتر بەرگەی نەگرت.

بەپێی هەندێ زانیاری، کوردستان بەهۆی کێشەیەک کە لە نێوان کوڕەکەی و هاوژینەکەیدا بووە، تووڕە بووە و خۆی سووتاندووە. بەڵام دانا مزەفەر کە کوڕی کوردستانە، دەڵێت دایکی تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتبوو. دانا بە (رووداو)ی گوت: "دایکم ماوەی دوو ساڵ بوو تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتبوو، بەردەوام تووڕە دەبوو، پزیشک دەیگوت پێویستی بە شوێنی ئارامە، لە هیچ جێگایەک ئۆقرەی نەدەگرت و دەچووە هەر شوێنێک نەیدەتوانی بمێنێتەوە، رۆژێک پێش ئەوەی خۆی بسووتێنێ بەبێ هیچ هۆکارێک هەموو جلەکانی سووتاند، بۆ رۆژی دواتر براکەم دەمەقاڵەیەکی کەمی لەگەڵ باوکم ببوو، دایکیشم دەچێتە نهۆمی دووەم و گاڵۆنی نەوتی سۆپا دەردەکات و ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات".

بە گوتەی دانا، باوکیشیان دوای ئەو رووداوە، حاڵی زۆر باش نییە. دانا دەڵێت: "باوکم پێیگوتم کاتێک لەگەڵ زانای برات دەمەقاڵێمان بوو، کوردستان تووڕە بوو، چووە نهۆمی سەرەوە و ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا". دانا گوتیشی: "ئەوەی باوکمی تاساندووە، بینینی دایکم بووە کاتێک ئاگری لە خۆی بەرداوە، دایکم بەبێ جووڵە و هاوارکردن وەستاوە و سەیری باوکمی کردووە، نە هاواری کردووە، نە پەلەقاژە و هەوڵی خۆکوژاندنەوە و خۆڕزگارکردنی داوە".

بە گوتەی دانا، لە کاتی رووداوەکەدا زانای براشی کە تەمەنی 28 ساڵە و خێزاندارە، لەوێ بووە، هەوڵیداوە ئاگری سەر جەستەی دایکی بکوژێنێتەوە، بەو هۆیەوە دەستەکانی سووتاون.

دانا دەڵێت: "رێژەی سووتانەکەی دایکم کەم بوو، تەنیا 45% بوو، بەڵام جۆری سووتانەکەی پلە سێ بوو، برینەکەی زۆر قووڵ بوو، بۆڕیی هەناسە و سییەکانی گرتبوو. بۆیە 11 رۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە، چەند نەشتەرگەرییەکیشیان بۆ کرد، بەڵام سوودی نەبوو".

دانا پێیوایە تاکە هۆکاری خۆسووتاندنی دایکی نەخۆشیی دەروونی بووە و دەڵێت کە لێیان پرسیوە بۆچی خۆی سووتاندووە، گوتوویەتی خەونم بینیوە.

(س.ت) کەسێکی نزیکی کوردستانە، دەڵێت ئەو ژنە پێشتریش هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام نەیانهێشتووە. ئەو زۆر پەسنی کوردستانی دا و گوتی: "ئافرەتێکی رێکوپێک بوو، شەش منداڵەکەی زۆر بە باشی پەروەردە کردبوو".

گوتیشی: "کوردستان دوو جار خۆی دەرمانخوارد کرد و گەدەیان بۆ شووشت، من سێ شەو لەسەریەک خەونم پێوە بینی، پەیوەندیم پێوەکرد و پێمگوت وەزعت چۆنە؟ کێشەت چییە؟ گوتی هیچ کێشەم نییە و تەنیا دڵم توندە".

بە گوتەی (س. ت)، کوردستان یەکێک بووە لە هەرە دەنگخۆشەکانی هەولێر کە لە پرسەنامەکاندا قورئانی دەخوێند، هەفتەیەک پێش خۆسووتاندنی چووبووە پرسەیەک کە ژنەکە خۆی سووتاندبوو، زۆر ئامۆژگاریی ژنەکانی کردبوو کە بیر لە خۆسووتاندن نەکەنەوە.

رێباز زێوەر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "دوای ئاگادارکردنەوەمان لەلایەن نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوای هەولێر لە حاڵەتێکی سووتان کە ژنە قورئانخوێنێک بوو بەناوی کوردستان محەممەد و خۆی سووتاندبوو، تیمەکانمان دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە کرد، دواتر بەپێی راپۆرتی پزیشکی داد دەرکەوت ئەو ژنە نەخۆشیی دەروونی هەبووە و راپۆرتەکەمان رەوانەی دادگا کردووە".

ئەو گوتی کە هیچ کەسێک لەسەر ئەو کەیسە دەستگیر نەکراوە.



کوردستان هەفتەیەک پێش خۆسووتاندنی ئامۆژگاری ژنانی کردبوو خۆیان نەسووتێنن

## بۆ ئازادکردنی براکەی کەوتە داوی شۆفێرێکی تاکسی

# 20 هەزار دۆلاری لێوەرگرت و گوللەیەکیشی لێدا



ئەو کەسەی سارای هەڵخەڵەتاند پێشینەی تاوانی هەیە

**دیمەن بورهان**
**رووداو — هەولێر**

سارای تەمەن 37 ساڵان، دەستی بۆ تاکسییەک بەرز کردەوە بۆ ئەوەی بیبات بۆ لای براکەی لە گرتووخانەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر. سارا لەگەڵ شوفێری تاکسییەکە دەکەوێتە گفتوگۆ و باسی گرتنی براکەی بۆ دەکات، شوفێری تاکسییەکە بەڵێنی پێدەدات کە براکەی بۆ ئازاد بکات، بەڵام نەک ئازادی ناکات، بەڵکو کێشەی زۆریش بۆ سارا دروست دەکات.

سارا کە کچێکی دانیشتووی هەولێرە، بە شۆفێری تاکسییەکەی گوتبوو "براکەم بە بێتاوان لە زیندانە، زۆر هەوڵمان داوە ئازادی بکەین، بەڵام بێسوود بووە". شۆفێری تەکسیەکە یەکسەر پێیدەڵێت "هیچ خەمت نەبێ، لەڕێگەی خزمێکمانەوە تا ئێستا زۆر کەسم لە زیندان ئازاد کردووە، براکەشت ئازاد دەکەم، بەڵام بە پارە".

بە گوتەی سارا، ئەو شۆفێرە هەڵیخەڵەتاندووە و دوای گەیاندنی بۆ ماڵەوە ژمارە تەلەفۆنی یەکتریان وەرگرتووە، شۆفێرەکە دەکەوێتە چاودێریکردنی ئەو خێزانە و زانیارییان لەسەر کۆدەکاتەوە، رۆژانە کە پەیوەندی دەکات، بە سارا دەڵێت ئێوە دەناسم و دەزانم براکەت و کەسوکارت کێن، ئەمەش دڵنیاییەکی زیاتر بە قسەکانی ئەو شوفێرە لەلای سارا دروست دەکات و بڕیار دەدات ئەو بڕە پارەیە بداتە شۆفێرەکە کە بۆ ئازادکردنی براکەی داوای دەکات و بڕی 20 هەزار دۆلار بووە.

سارا لەلای پۆلیس گوتوویەتی: "ئەو بڕە پارەیەم لەبەرامبەر ئازادکردنی براکەم بەو پیاوە داوە و هیچ پەیوەندییەکی دیکەمان نەبووە، ئەو بەجۆرێک قسەی دەکرد کە متمانەم پێکرد".

دوای ماوەیەکی زۆر، نازم کە شۆفێری تاکسییەکەیە، پەیوەندی بە ساراوە دەکات و یەکتر دەبینن، نازم داوای 1400 دۆلاری دیکەی لێدەکات کە گوایە ئەو پارەیە دەداتە پارێزەر بۆ ئازادکردنی (م)ی برای، بەڵام سارا دەڵێت: "پێم نییە، کاتێکی زۆری پێچووە و هیچ دیار نییە تۆ راست دەکەی یان دەستی دەستیم پێدەکەی، براکەمت ئازاد نەکردووە، بۆیە پارەکەم دەوێتەوە". هەر لەوێدا نازم و سارا دەبێت بە شەڕ و دەمەقاڵێیان، نازم گوللەیەک بە سینگی ساراوە دەنێت. دوای ماوەیەک مانەوە لە نەخۆشخانە، تەندروستیی سارا باشتر دەبێت و برینەکەی بەرەو ساڕێژبوون دەچێت، بەڵام لە بارێکی دەروونیی خراپدایە.

(ع.ر) کە پارێزەری سارایە، بە (رووداو)ی گوت: "ئەم کەیسە هێشتا لە لێکۆڵینەوەدایە و کچەکە دەڵێت شوفێری تاکسییەکە 20 هەزار دۆلاری لێوەرگرتووم، تاوانباریش نکوڵی لێدەکات".

لەبارەی یەکتر ناسینی سارا و نازمیشەوە، ئەو پارێزەرە دەڵێت: "بەدڵنیاییەوە ئەوان یەکتریان ناسیوە، بەڵام هێشتا نازانین چۆن، چونکە سارا دەڵێت نازم تەنیا شۆفێرێک بووە و بۆ هاوکاریکردنم لە ئازادکردنی براکەم پەنام بۆ بردووە".

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی ئەم کەیسەوە بە (رووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی لەلایەن بنکەی پۆلیسی بنەسڵاوە ئاگادار کراینەوە لە حاڵەتێکی تەقەکردن لەڕێگای کۆیە کە شۆفێرێکی تاکسی تەقەی لە کچێک کردبوو، پۆلیس توانی تاوانبار دەستگیر بکات".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتیشی "تۆمەتبارەکە پێشینەی تاوانی هەبووە و پێشتریش بەپێی ماددەی 446ـی دزیکردن بە پێنج ساڵ حوکمدراوە، ئێستاش بەپێی ماددەی 405ـی هەوڵدان بۆ کوشتن دەستگیرکراوە".

# بەبێ جیابوونەوە لە مێردەکەی، شوو دەکاتەوە

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

هێڤی، تەمەن 25 ساڵان، ماوەی حەوت ساڵە لەگەڵ نەوزادی تەمەن 36 ساڵان پێکەوەن و خاوەنی سێ منداڵن. بەڵام بەیانییەک هێڤی دیار نامێنێ و دوای رۆژێک لە دیارنەمانی، مێردەکەی دەچێتە بنکەی پۆلیس و هەواڵی ونبوونی خێزانەکەی بە پۆلیس دەدات، دواتر دەردەکەوێ کە هێڤی لەگەڵ پیاوێک رۆیشتووە و شووی پێکردووە.

نەوزاد ئیفادەی بۆ پۆلیس داوە و گوتوویەتی: "هاوژینەکەم ماوەیەک بوو بەردەوام بە مۆبایلەکەیەوە سەرقاڵ بوو، پاسوۆردی سەر مۆبایلەکەشی گۆڕیبوو، هەستم دەکرد لەگەڵ کەسێکدا نامە و وێنە دەگۆڕێتەوە، بەڵام دڵنیا نەبووم و لەو باوەڕەدا نەبووم دوای حەوت ساڵ پێکەوەبوون، ناپاکیم لەگەڵ بکات".

نەوزاد نەیشاردووەتەوە کە چەند جارێک لەگەڵ هاوژینەکەی تووشی کێشە هاتوون و هاوژینەکەی لێی زیز بووە و چووەتەوە ماڵی باوکی.

هێڤی تەنیا هەفتەیەک لەلای ئەو پیاوە مایەوە و خۆی رادەستی پۆلیس کرد. ئەو کە ئێستا لە گرتووخانەیە، باسی ناسینی ئەو پیاوە دەکات کە شووی پێکردووە. هێڤی گوتی: "لەگەڵ هاوژینەکەم هیچ کێشەیەکمان نەبوو، کەسێک بەناوی عەلی لە فەیسبووک داوای هاوڕێیەتی لێکردم، زۆر هەوڵی لەگەڵدام تا رازیبووم کە هاوڕێیەتییەکەمان تەنیا بە نامە بێت، دوای چەند رۆژێک پەیوەندییەکە لە نامە گۆڕینەوەوە بوو بە پەیوەندی تەلەفۆنی و دواتر عاشقی بووم و بینین و ژوان دەستی پێکرد".

هێڤی بە ترس و پەشیمانییەوە باس لە چیرۆکی پەیوەندییە کورتەکەی لەگەڵ عەلی دەکات و دەڵێت: "کەمتر لە شەش مانگ پێکەوەبووین، خۆشم نازانم چۆن وا زوو خۆشمویست و عاشقی بووم، هەستکردنم بە کەمسۆزی هاوژینەکەم، منی تووشی دڵەڕاوکێ کردبوو".

هێڤی دەشڵێت: "من ژنی ماڵەوە بووم، بێزاربووم کە هەموو رۆژەکانی ژیانم دووبارە و وەکو یەک بوو، هاوژینەکەم هەفتەیەک لە ماڵەوە و هەفتەیەکیش لە دەوام بوو، هەستم بە تەنیایی و بێزاری دەکرد، بۆیە کاتێک عەلی نامەی نارد، بیرم لە هیچ نەکردەوە و حەزم بەو قسە رۆمانسی و خۆشانە بوو کە بۆی دەکردم".

هێڤی باسی ئەو رۆژە دەکات کە لەگەڵ عەلی هەڵاتوون و دەڵێت: "عەلی گەنجێکی دوکاندار بوو، ژنی نەبوو، منی زۆر بەدڵ بوو، پێیگوتم دەمەوێت هاوسەرگیری بکەین، سەرەتا تاسام، بەڵام دواتر پێیگوتم ژیانێکی خۆشت بۆ دابین دەکەم کە شایەنی تۆ بێت. هاوژینەکەم لە دەوام بوو، بۆ رۆژی دواتر دەگەڕایەوە، ئەو رۆژە لەگەڵ عەلی بڕیاری رۆیشتنمان دا و پێکەوە بەرەو دەرەوەی هەولێر هەڵاتین، لە ماڵی هاوڕێیەکی



هێڤی لە ترسی کوشتنی لەلایەن کەسوکارییەوە، خۆی رادەستی پۆلیس کرد

کە چۆڵ بوو ماینەوە، شەوەکەی عەلی پیاوێکی هێنا و گوتی ئەوە مەلایە، تۆ هیچ مەڵێ با لەیەکتریمان مارە بکات و دواتر خۆم لەڕێگەی هاوڕێیەکم لە دادگا جیابوونەوەت لە هاوژینەکەت بۆ دەکەم".

ماوەی هەفتەیەک وەک ژن و مێرد پێکەوە دەبن، دوای هەفتەکە بەو ژنەی گوتووە کەسوکارت بەدواتدا دەگەڕێن، بڕۆ خۆت رادەستی پۆلیس بکە با نەتکوژن "ئیتر بەجێیهێشتم و رۆیشت، منیش چووم خۆم تەسلیمی پۆلیس کرد".

سەرچاوەیەک لە یەکێک لە بنکەکانی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "ئەو ژنە خۆی هاتە بنکەی پۆلیس و خۆی بەدەستەوەدا. لێکۆڵینەوەمان لە رووداوەکە دەستپێکرد و توانیمان عەلی دەستگیر بکەین و هەردووکیان رووبەڕووی دادگا بکەینەوە. ئێستا عەلی و هێڤی بەپێی مادده 377 بەندن و هێشتا لێکۆڵینەوە لەو کەیسە بەردەوامە، چونکە گومان دەکەین ئەم کەیسە لەلایەن نەوزاد کە هاوژینی هێڤییە پلانی بۆ دانرابێت، ئامانجەکەش وەرگرتنی پارە بێت لە عەلی، چونکە وتەکانی نەوزاد لەبارەی هاوژینەکەیەوە لەسەرەتاوە جێگەی گومان بوون".

ئەو سەرچاوەیەی پۆلیس باسی لەوەش کرد کە لە ماوەی چوار مانگی ئەمساڵدا تەنیا لە بنکەی پۆلیسی ئەوان 86 کەیسی کۆمەڵایەتی هەبوونە و زیاتر لە 20ـیان کەیسی ناپاکیی هاوژینی بوون.

لەنجە عەلی، توێژەری کۆمەڵایەتی، لەبارەی هۆکاری ناپاکیی هاوژینی بە (رووداو)ی گوت: "ناپاکی هاوژینی روو لە زیادبوونە، هەمووان بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی دەیگەڕێننەوە، بەڵام ئەمە تەنیا بیانووە، بەبڕوای من نەبوونی رۆشنبیری و ئاگادارنەبوونی هاوژینەکان لەیەکتری، زۆربەی ژنان و پیاوانی بەهەڵەدا بردووە، بۆیە رێکخستنەوەی خێزان و گرنگیدانی هاوژینەکان بەیەکدی و مامەڵەی دروست لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەمانگەیەنێت بە خێزانێکی بەختەوەر و دوور لە رەفتار و کرداری نابەجێ".

### لە دهۆک کەسێک براکەی خۆی دەکوژێت

**ڕووداو - دهۆک**

لە گەڕەکی سەرهەڵدانی دهۆک کەسێک براکەی خۆی دەکوژێت، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک دەڵێت، بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بووە. ڕائید هێمن سلێمان، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شەوی 2018/5/2 لە گەڕەکی سەرهەڵدانی دهۆک کەسێکی تەمەن 37 ساڵ برایەکی خۆی کە تەمەنی 43 ساڵە دەکوژێت". بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دهۆک دەشڵێت: "بەپێی بەدواداچوونەکانی ئێمە و ئەو زانیارییانەی بەدەستمان گەیشتووە، ئەو دوو برایە کێشەی کۆمەڵایەتییان هەبووە و پەڕاوی لێکۆڵینەوەش بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە".

هەر هەمان ڕۆژ، لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحموود لە سلێمانی تەقە لە هاووڵاتییەک کراو کوژرا.



# ئەندازیارێک لە هەولێر خۆی دەکوژێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

مەنسوور عەبدولڕەحمان بە تەنیا لە شوقەیەکدا دەژیا، ماوەی چوار ڕۆژ بوو هیچ هەواڵی نەبوو، پاش ئەوەی کەسوکارەکەی سەردانی شوقەکەی دەکەن، دەبینن خۆی کوشتووە. کەسوکارەکەی و هاوڕێکانی و پۆلیس، هۆکاری خۆکوشتنەکەی بۆ نەخۆشیی دەروونی دەگەڕێننەوە.

مەنسوور عەبدولڕەحمان، تەمەن 39 ساڵان، خەڵکی هەولێر بوو، ئەندازیار و سەڵت بوو. دەگوترێ ماوەیەک لەمەوبەر باری دەروونی تێکچووە.

مەنسوور ڕۆژی 2018/4/15 خۆی کوشت و دوای پێنج ڕۆژ تەرمەکەی لە شوقەکەی هێنرایە خوارەوە.

هاوڕێیەکی مەنسوور کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "مەنسوور گەنجێکی زۆر خۆشەویست و ڕەوشتبەرز بوو، بەڵام بێزار بوو لە ژیان، ئەو تەمەنێکی هەبوو، بەڵام بڕیاری پێکهێنانی خێزانی بۆ نەدەدرا، ماوەیەکیش بوو باری دەروونی ناجێگیر بوو، پێشبینی ڕووداوی ناخۆشی دەکرد، گومانیشی نەبوو لەوەی ئەو ڕووداوانە ڕوودەدەن، یەکێک لەو ڕووداوانە کە باسی دەکرد گرتنەوەی کەرکوک بوو، بەڵام کەس بڕوای پێنەکرد، ئەم ماوەیەش خەونی زۆری دەبینی و دەیگوت ئەو باڵەخانەی تێیدا نیشتەجێم دەڕووخێت و منیش دەمرم، هەڵسوکەوتی زۆر سەیر بوو، هەرچەند قسەمان بۆ دەکرد سوودی نەبوو، دەیگوت بەمزووانە دەمرم".

مامۆستا عەبدولڕەحمان، باوکی مەنسوور، خاوەنی پێنج منداڵە و دەڵێت منداڵەکانی هیچ کاتێک کێشەیان بۆ کەس نەبووە، باوکی مەنسوور هۆکاری خۆکوشتنی کوڕەکەی بۆ نەخۆشیی دەروونی گەڕاندەوە و بە (ڕووداو)ی گوت: "کوڕەکەم ماوەیەک بوو تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتبوو، دەرمانیشی بەکاردەهێنا. کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێک نەبووە، لە کۆمپانیا کاری دەکرد و باری ئابووریشی زۆر باش بوو".

مامۆستا عەبدولڕەحمان هەروەها گوتی: "مەنسوور هیچ کاتێک باسی ئەوەی نەکردووە کە کێشەیەکی هەبێ تا بۆی چارەسەر بکەین، تەنیا دەروونی ماندوو بوو، نەخۆش بوو، لە کۆتاییشدا خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا".

ئەو دەڵێت کە کوڕەکەی کەسێکی گۆشەگیر بوو، حەزی دەکرد بە تەنیا بژی، بۆیە ئەوانیش زۆر بەلایدا نەدەچوون تا بەهۆی هاوڕێکانییەوە زانیویانە کە لە شوقەکەی خۆیدا خۆی کوشتووە.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی ئەم کەیسەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "گەنجێکی تەمەن 39 ساڵان لە شوقەکەی خۆیدا بە دەمانچە گوللەیەکی بەسەری خۆیەوە ناوە و دوای چەند ڕۆژێک لە خۆکوشتنی، تەرمەکەی دۆزرایەوە کە لەسەر قەنەفەیەک کەوتبوو".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتیشی: "دوای لێکۆڵینەوە بۆمان ڕوون بووەوە کە ڕووداوەکە بەهۆی ناجێگیری باری دەروونیی پیاوەکە بووە و لە ژوورەکەیدا دەرمانی چارەسەری دەروونی هەبووە".


دوای تێپەڕبوونی چوار ڕۆژ بەسەر خۆکوشتنیدا، تەرمی مەنسوور لە شوقەکەیدا دۆزرایەوە

### بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی درابوو

# کۆچبەرێکی کورد لە ئەڵمانیا خۆی دەکوژێ


فەرەیدوون حەوت ساڵ بوو لە ئەڵمانیا چاوەڕێی وەرگرتنی ئیقامەی دەکرد

**ڕووداو- ڕانیە**

زۆربەی کەسە نزیکەکانی کۆچیان کردبوو بۆ ئەورووپا، ئیدی فەرەیدوونیش بڕیاری دا جانتای سەفەر بکاتە شانی و ڕێگەی قاچاخ بگرێتەبەر. ئەو توانی بەبێ مەترسی ڕێی قاچاخ ببڕێ، بەڵام ئەو بەهەشتەی ئەو لە خەیاڵی خۆی دروستی کردبوو، لێی بوو بە دۆزەخ. دوای حەوت ساڵ مانەوە لە غوربەت، خۆی لە باڵەخانەیەکی چوار نهۆمی هەڵدایە خوارەوە و کۆتایی بە ژیانی هات.

فەرەیدوون سەلام عەزیز، 35 ساڵ و خەڵکی دەڤەری ڕانیە، حەوت ساڵ لەمەوبەر ڕێگەی کۆچی گرتەبەر و لە ئەڵمانیا گیرسایەوە، بەڵام لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا هەواڵێکی دڵخۆشکەری لە دەزگای کۆچی ئەو وڵاتە پێنەدرا، تەنانەت دواجار ئاگادار کرایەوە کە بەو نزیکانە دیپۆرت دەکرێتەوە، بۆیە بەرەبەیانی ڕۆژی 2018/5/1 لە باڵەخانەیەکی چوار نهۆمی خۆی فڕێدایە خوارەوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

بەکر مستەفا کە خاڵی فەرەیدوونە، هەفتەیەک پێش ڕووداوەکە قسەی لەگەڵ خوشکەزاکەی کردبوو، دەڵێت فەرەیدوون لە قسەکانیدا بێزار دەردەکەوت، بەڵام لەو باوەڕەدا نەبووە خۆی بکوژێ.

بەکر گوتی: "پێشتر سێ برا و خوشکی و دایکی فەرەیدوون چووبوونە دەرەوە، بۆیە فەرەیدوونیش بڕیاری دا بچێتە دەرەوە، بەڵام خراپیی مامەڵەی دەزگای کۆچ و پۆلیسی ئەڵمانیا لەگەڵ فەرەیدوون، بێزاریان کرد. حەوت ساڵ بوو لە ئەڵمانیا بوو، هێشتا جوابی کۆتایی وەرنەگرتبوو، هەر دەستی دەستییان پێدەکرد، مووچەی سۆشیالەکەیان کەمکردبووەوە، ئەو شوێنەشی تێیدا دەژیا زۆر خراپ بوو، لە زیندانی نازییەکان دەچوو، ئەوانەش فەرەیدوونیان زۆر بێزار کردبوو".

سەبارەت بە گەڕاندنەوەی تەرمەکەی بۆ کوردستان، بەکر گوتی: "تەرمەکەی ناگەڕێنینەوە بۆ کوردستان، چونکە زۆربەی کەسوکارەکەی لە دەرەوەن، ئەوان بڕیاریان داوە تەرمەکە لە شارەوانی وەربگرنەوە و هەر لە ئەڵمانیا بینێژن".

بەکر بنگردی، سەرۆکی کۆمەڵەی پەنابەرە گەڕاوەکانی ئەورووپا لە کوردستان، ئاگاداری دۆسیەی خۆکوشتنی ئەو کۆچبەرەیە، بەکر بە (ڕووداو)ی گوت: "فەرەیدوون کوڕێکی زۆر بێ کێشە بوو، لە نزیکەوە دەمناسی، دوای ئەوەی چووەتە ئەڵمانیا لەلایەن ڕەگەزپەرستانی ئەو وڵاتەوە ئەشکەنجەی دەروونی دراوە. ئەو چەند جارێک ڕەفزی وەرگرتووە. لە شارۆچکەیەک دەژیا، ئەوێی جێهێشت و چووە لای براکەی لە شارۆچکەیەکی دیکە، دووبارە دەگەڕێتەوە شارۆچکەکەی و قبوڵی کاتی وەردەگرێ".

بە گوتەی بەکرد بنگردی، فەرەیدوون ئیقامەی کاتی پێدرابوو، بەڵام لێی سەندرابووەوە، مۆڵەتی مانەوەشی بۆ کرابوو بە هەفتانە، مووچەی سۆشیالەکەشی کەم کرابووەوە، ئەم ڕێکارانەش بێزاریان کردبوو.

بەکر دەڵێت: "هەفتەیەک پێش ئەوەی خۆی بکوژێ، پۆلیس فەرەیدوون ئاگادار دەکاتەوە کە چیدی مافی مانەوەی لە ئەڵمانیا نییە و دیپۆرتی دەکەنەوە، ئەمەش باری دەروونی تێکدابوو، بۆیە لە پەنجەرەی شوقەکەوە خۆی هەڵداوەتە خوارەوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە".

شاکر یاسین، بەرپرسی بەشی کۆچ و کۆچبەران لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت، ئەوان ئاگاداری خۆکوشتنی ئەو گەنجە نین، بەڵام بەدوایدا دەچن و لە هۆکاری خۆکوشتنەکەی دەکۆڵنەوە، هەروەها ئەگەر پێویست بکات و کەسوکارەکەی داوا بکەن، کار بۆ گەڕاندنەوەی تەرمەکەی بۆ کوردستان دەکەن.

### سکاڵای لەسەر پزیشکەکە تۆمار کردووە

# نەشتەرگەریی غودەی کرد، دەنگی لەسەر دانا


سەردار ساڵێک و پێنج مانگە توانای قسەکردنی لەدەستداوە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

سەردار بەو نیازە خۆی خستە ژێر تیغی نەشتەرگەری کە کێشەی غودەکەی چارەسەر ببێ، بەڵام نەک چارەسەر نەبوو، بەڵکو دوو ساڵە هاوژین و منداڵەکانی گوێیان لە دەنگی نەبووە. کەسوکارەکەی دەڵێن بەهۆی ئەو نەشتەرگەرییەوە دەنگی نەماوە، بۆیە سکاڵایان لەسەر ئەو پزیشکە تۆمار کردووە کە نەشتەرگەرییەکەی بۆ کردووە.

سەردار عەلی، تەمەن 48 ساڵ، دانیشتووی شاری هەولێر، خێزاندارە و باوکی پێنج منداڵە، نزیکەی دوو ساڵە توانای قسەکردنی نەماوە. هاوژینەکەی دەڵێت بەهۆی نەشتەرگەرییەک وای بەسەرهاتووە.

هاوژینی سەردار کە بەدیار سەرییەوە دانیشتووە، بە (ڕووداو)ی گوت "مێردەکەم کێشەی غودەی هەبوو. بردمان بۆ لای پزیشکێک، پشکنینی بۆ کرد و گوتی پێویستی بە نەشتەرگەرییە، سەردار ڕازی بوو نەشتەرگەرییەکەی بۆ بکرێ".

وەک هاوژینەکەی باسی دەکات، سەردار ڕۆژی 2016/12/21 دەچێتە ژووری نەشتەرگەری. دوای نەشتەرگەرییەکە، پزیشکەکە بە کەسوکارەکەی دەڵێت سەردار هەفتەیەکی دیکە چاک دەبێتەوە، بەڵام نەک چاک نەبووەوە، بەڵکو ئەوە ساڵێک و پێنج مانگە توانای قسەکردنیشی نەماوە.

هاوژینی سەردار گوتی: "دوای ئەوەی سەردار لە نەشتەرگەرییەکەی هاتە دەرەوە، پزیشکەکەی پێیگوت دوای هەفتەیەک دەتوانی قسە بکەی، بەڵام مانگێک زیاتر تێپەڕی و نەیتوانی قسە بکات، باری تەندروستی زۆر خراپ بوو، هەناسەی توند دەبوو، ڕەنگی زەرد دەبوو، نەیدەتوانی هیچ شتێک بخوات".

پێشتر سەردار پاسەوان بووە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەکەی ماوەی ساڵ و نیوێکە مۆڵەتی وەرگرتووە. هاوژینەکەی گوتی: "باری ئابووریمان زۆر خراپە، ناتوانین پێداویستییەکانی منداڵەکانمان دابین بکەین".

عەزیمە کە دایکی سەردارە، باسی ڕەوشی کوڕەکەی دەکات و دەڵێت: "سەردارمان بردەوە لای پزیشکەکەی. پێیگوتین کوڕەکەتان جگەرەی کێشاوە، بۆیە چاک نەبووەتەوە، بەڵام کوڕەکەی من جگەرەکێش نییە، هەفتەی پێنج ڕۆژ ئێمە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنین".

دوای ئەو نەشتەرگەرییە، سەردار پێنج پزیشکی دیکەی بینیوە، بەڵام نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن.

ڕزگاری عەلی کە برای سەردارە بە (ڕووداو)ی گوت: "شەوێک کاژێر سێی شەو براژنەکەم پەیوەندی پێوەکردم و گوتی سەردار هیچ هەناسە نادات، دڵی لە لێدان کەوتووە، بەپەلە گەیاندمانە نەخۆشخانەی ڕزگاری، پزیشکەکان پێیانگوتین دوو دەماری قوڕگیان بڕیوە و دوو دەماریشی شەلەل بوون، پێویستە بە زووترین کات بیبەنە تورکیا و لەوێ نەشتەرگەری بۆ بکەن، ئەگەرنا نەخۆشەکەتان دەمرێت.

نەخۆشکەوتنی سەردار، کەسوکارەکەی خستووەتە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوە، ڕزگار گوتی: "10 هەزار دۆلارمان لە خزمان و دۆستان قەرز کرد و بردمان بۆ تورکیا، لەوێ لێزەریان لە قوڕگی دا، پاش دوو مانگی دیکە دەبێ دووبارە بیبەینەوە تورکیا".

کەسوکاری سەردار ئەو پزیشکە بەهۆکاری لە قسەکەوتنی سەردار دەزانن کە نەشتەرگەرییەکەی بۆ کردووە، بۆیە لە پۆلیس سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووە و ئێستا دۆسیەکەیان لە دادگایە. ئەوان دەڵێن ئەگەر پزیشکەکە دانی بە هەڵەکەیدا نابا، ئەوا لێی خۆشدەبوون. بەڵام ئەو نەک هەر ئەوەی نەکردووە، بەڵکو بێمنەتی کردوون و پێیگوتوون بڕۆن سکاڵا تۆمار بکەن.

دکتۆر (ب) کە نەشتەرگەرییەکەی بۆ سەردار کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت: "من دوو ساڵ پێش ئێستا نەشتەرگەریم بۆ ئەو نەخۆشە کردووە و نەشتەرگەرییەکەش سەرکەوتوو بووە و هیچ کێشەی نەبووە، کەچی ئەوان ئێستا هاتوون سکاڵایان لەسەر من تۆمار کردووە. من هیچ ناڵێم، دەبێت لێژنەی زانستی بڕیار بدات، ئایا من هەڵەم کردووە یان نا، ئەوکاتیش من قسەی خۆم دەبێ".

هەر لەوبارەوە دکتۆر خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت "لەو حاڵەتانە کاتێک خانەوادەی نەخۆشەکە سکاڵا تۆمار دەکەن، ئێمە وەک وەزارەتی تەندروستی لێژنەیەک پێکدێنین کە نوێنەری داواکاری گشتیشی تێدا دەبێت، لەگەڵ کەسێکی شارەزا لەو بوارە بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە، ئەگەر دەرکەوت پزیشکەکە هەڵەیە، سزای دەدەین".

ئێستا هاوژین و منداڵ و کەسوکاری سەردار چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەن کە ئایا سەردار بەهۆی هەڵەی پزیشکییەوە وای بەسەرهاتووە، یان تووشی نەخۆشیی دیکە بووە.

## یوسف باپیری، سەرۆکی بەشی هەرێمی کوردستان لە ژووری بازرگانیی هاوبەشی ئێران و عێراق:

# 10%ی کاڵای هەناردەکراوی هەموو ئێران بۆ هەرێمی کوردستانە



یوسف باپیری، سەرۆکی بەشی هەرێمی کوردستانە لە ژووری بازرگانیی هاوبەشی ئێران و عێراق. یەکێک بوو لە ئامادەبووانی کۆنفرانسی پەرەپێدانی ئابووری لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران کە هەفتەی رابردوو لە هەولێر بەڕێوەچوو. باپیری لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) گوتی کە 10%ی کاڵا هەناردەکراوەکانی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان دێت. سەبارەت بە خراپیی کواڵیتی کاڵا ئێرانییەکانیش، دەڵێت ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نادروستیی کاری ئەو کەسانەی کە لە سنوور و دەروازەکان کار دەکەن.

هەڤپەیڤین: عومەر ئەحمەد
رووداو- هەولێر

**رووداو: ئامانجتان لە سازدانی ئەم کۆنفرانسە چی بوو، بەتایبەتیش لەو کاتەدا کە داعش تێکشکاوە؟**

**یوسف باپیری:** کۆمپانیا ئێرانییەکان، حکومەتی ئێران و حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریان دا کۆنفرانسێک بەناوی کۆنفرانسی پەرەپێدانی ئابووری لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران ساز بکرێ، ئێمەش لەسەر داوای لایەنی کوردستانی لەم کۆنفرانسەدا ئامادە بووین و دەمانەوێ قسە بکەین لەسەر چۆنێتی پەرەپێدانی ئابووریی نێوانمان.

**رووداو: بەراورد بە رابردوو، روانگەی حکومەتی ئێران سەبارەت بە بازاڕی هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟**

> پێنج بۆ شەش ملیار دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانیمان لەگەڵ عێراق هەیە

**یوسف باپیری:** ئێمە هەردەم روانگە و دیدێکی زۆر باشمان بەرامبەر بازاڕی عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی هەبووە، هەموو کاتێکیش ئامادەی پەرەپێدانی بووین، بەڵام ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەی یەکەمت، ئەوە دەبێ بڵێم هەندێک هۆکار هەبوون کە وایان کرد باڵانسی ئابووریمان لەگەڵ کوردستان یان عێراق بە گشتی سەرەوخواری هەبێ.

**رووداو: سستبوونی پەیوەندیی بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران، هۆکارەکەی بۆ ئێران دەگەڕایەوە یان بۆ هەرێمی کوردستان؟**

**یوسف باپیری:** بەشێوەیەکی گشتی یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکان هاتنی داعش بوو بۆ ناوچەکە. ئەمە هۆکارێکی گرنگ بوو لە بابەتی (پەیوەندییە) ئابوورییەکان لە نێوان ئێران و عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، بەڵام بابەتە سیاسییەکانی دواییش بێ هۆ نەبوون.

**رووداو: با بێینە سەر کواڵیتی کاڵا ئێرانییەکان. لێرە هەندێک گلەیی و رەخنە هەیە کە هەندێکجار کاڵا هاوردەکراوەکانی ئێران بۆ کوردستان، لەبەر کواڵیتییەکەیان رەوانەی ئێران دەکرێنەوە، بۆ نموونە تانکەری بەنزین لەبەر کواڵیتییەکەی دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئێران. ئایا ستراتیژێکی بازاڕدۆزی هەیە بۆ کاڵای ئێرانی تاوەکو ئەمانە رێکبخرێن و بەکارهێنەرانی کوردستان متمانەیەکی زۆریان بە کاڵای ئێرانی هەبێ؟**

**یوسف باپیری:** ئێمە وەکو ئێران پێنج بۆ شەش ملیار دۆلار لەگەڵ هەموو عێراق و لە ساڵی رابردووش لە ملیارێک و چوارسەت ملیۆن بۆ ملیارێک و حەوسەت ملیۆن دۆلار لەگەڵ هەرێمی کوردستان کارمان کردووە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەناردەی ئێمە (بۆ ئێرە) و هاوردەی ئێوە لە ئێرانەوە 10%ی هەناردەی کاڵاکانی ئێران بووە بۆ وڵاتانی دیکە، تەنانەت کەمتر لە ٪10یش. کواڵیتی کاڵای ئێرانی زۆر باشە، ئێمە کواڵیتی کۆنترۆڵمان هەیە. وابزانم ئەو شتانەی کە ئاوها (واتە بەو کواڵیتییە) دێن، لە خاڵە سنوورییەکانەوە بەبێ کۆنترۆڵ لە ئێران دەردەچن و دێنە نێو هەرێمی کوردستانەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نادروستیی کاری ئەو کەسانەی کە لەو سنوور و دەروازانە کار دەکەن. ئەگینا ئەگەر بەشێوەیەکی بازرگانی و رێکوپێک چاو لە بازرگانی نێوانمان بکەین، دەبینین 6 یان 7 ملیار دۆلار لەگەڵ هەموو عێراق ناتوانێ کواڵیتی نزم بنێرێتە دەرەوە.

> دەتوانین ببینە هاوبەشێکی باش بۆ کارگەکانی کوردستان

**رووداو: حەز دەکەم باسی هاوکاریی بازرگانی و پیشەسازی لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران بکەین. ئایا پڕۆژەی گەورە لە نێوان هەردوولا جێبەجێ کراون. خۆت دەزانی کوردستان بازاڕێکی پڕ لە رکابەرییە، ئایا روانگەیەکی ستراتیژیتان هەیە کە ئەم روانگەیە بگۆڕن بۆ ئەوەی بەهاوبەشی لەگەڵ بازرگانەکان کارگە لە کوردستان دابنێن، تاوەکو ئامادەبوونێکی بەردەوامتان لە بازاڕی هەرێمی کوردستاندا هەبێ؟**

**یوسف باپیری:** ئەمە داواکاریی ئێمەیە وەکو لایەنی ئێرانی کە بێین و ببینە هاوبەشی یەکدی لە بازاڕی خۆتاندا. ئێمە ئەزموونێکی زۆرمان لە وەبەرهێناندا هەیە، جیا لەمەش ئەزموونمان لە بازرگانی و بازرگانی نێودەوڵەتی هەیە، بۆیە دەتوانین ببینە هاوبەشێکی باش بۆ کارگەکانی ئێوە. ئەم بابەتەش لەم کۆنفرانسەدا تاوتوێ کرا.

## محەممەد حوسێن موقیمی، پارێزگاری تاران بۆ (رووداو):

# کۆمپانیاکانمان لە 150 پرۆژەی کوردستاندا کار دەکەن



محەممەد حوسێن موقیمی، پارێزگاری تاران یەکەمجارە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات، مەبەستی سەردانەکەی بەشداریکردن بوو لە کۆنفرانسی پەرەپێدانی ئابووریی هەرێمی کوردستان و ئێران کە هەفتەی رابردوو لە هەولێر بەڕێوەچوو. (رووداو) لە پەراوێزی کۆنفرانسەکەدا هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ ساز کرد. موقیمی دەڵێت کۆمەڵێک پرۆژەیان هەیە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان هەردوولا، لەوانەش دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی گەشتیاریی تەندروستی لە هەولێر. هەروەها توێژینەوە لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی کوردستان و راهێنانی جووتیاران.

هەڤپەیڤین: عومەر ئەحمەد
رووداو- هەولێر

> بیر لە دامەزراندنی ناوەندێکی گەشتیاریی تەندروستی دەکەینەوە

**رووداو: ئەوە یەکەمجارە بەڕێزت بێیتە هەرێمی کوردستان، ئەو کۆنفرانسەی بەشداریتان تێدا کرد دەیەوێ چ پەیامێک بگەیەنێ؟**

**محەممەد حوسێن موقیمی:** بە لەبەرچاوگرتنی نزیکی و دراوسێیەتی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان و ئەو پێشینە مێژوویی و کولتوورییە زۆرەی لە نێوان هەردوولادا هەیە، بە بۆچوونی من گرنگترین پەیامێک کە ئەم کۆنفرانس و سیمینارە هەیەتی، هاوکاریی هەمەلایەنە لە نێوان ئێمە و هەرێمی کوردستان. ئێمە دەتوانین لە بوارەکانی کولتوور، ئابووری و کۆمەڵایەتی زەمینەی هاوکاریی زیاتر فەراهەم بکەین، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی هاوبەشیی ئاینی و قەومی و ئیمکاناتی جوگرافیی زۆر لە نێوان ئێمەدا هەیە. ماوەیەک بوو جموجۆڵەکانی داعش لەو ناوچەیەدا کاریگەرییان لەسەر کارەکانمان دانابوو، خۆشبەختانە بە هەوڵ و ئازایەتیی خەڵکی موسوڵمانی عێراق داعش بەلاوەنرا. هاوکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لەم بوارەدا، بەتایبەتیش لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، یارمەتیدەر بوو. ئەمڕۆ هەلومەرج لەبارە بۆ ئەوەی ئەم هاوکارییانە لەبواری ئابووریدا درێژە پێبدەین. ئەم کۆنفرانسەش هەر بەو ئامانجە بەستراوە و یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی بتوانین لە ئەزموون و ئیمکاناتی یەکدی و شیانەکانی ناوچەکە کەڵک وەربگرین. لەبەر ئەوەی ئێمە لە بواری پیشەسازی، بواری کشتوکاڵ، گەشتیاری و خزمەتگوزارییەکان ئەزموونێکمان هەیە و ژمارەیەک سەرکەوتنمان بەدەستهێناوە، هەروەها لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستانیش لە بواری جیاوازدا ئەزموونی بەنرخی بەدەستهێناوە، بۆیە دەتوانین بە هاوکاریی یەکدی قەرەبووی کەموکوڕییەکان بکەینەوە. لە بواری پیشەسازیدا دەتوانین لە بەشی زانستی تەکنیکی، یان بەشی تەکنیکی ئەندازیاری بۆ دیزاین، بنیاتنان و جێبەجێکردنی پڕۆژەکان یارمەتی هەرێم بدەین. لە بواری کشتوکاڵیشدا دەتوانین کاری هاوبەشمان هەبێ، واتە ئێرە کەڵک لە شارەزایانی ئێمە وەربگرن و ئێمەش لە سامانە سروشتییەکەی ئێرە وەکو خاک و ئاوەکەی سوود ببینین، لەو رێگەیەشەوە کاری هاوبەشمان هەبێ بۆ کشتوکاڵی مۆدێرن.

**رووداو: تاوەکو ئێستا هیچ دانوستاندنێکی جدی لە نێوان پارێزگای تاران و هەولێر، سلێمانی و دهۆک هەبووە؟**

**محەممەد حوسێن موقیمی:** ئێستا هەندێک کۆمپانیای تەکنیکی و ئەندازیاری ئێمە لە هەولێر

> ئامادەین راهێنان بە جووتیارانی کوردستان بکەین

و سلێمانی کاردەکەن، ئەو کۆمپانیایانە کار لەسەر 140 بۆ 150 پڕۆژە دەکەن، هەڵبەت ژمارەیەک لەو کۆمپانیایانە لە پارێزگاکانی دیکەی ئێرانەوە هاتوون، بەڵام بەو پێیەی ژمارەی کۆمپانیا تەکنیکی و ئەندازیارییەکانی ئێمە لە پارێزگای تاران یەکجار زۆرن، بۆیە کۆمپانیاکانی تاران پشکێکی زیاتریان بەردەکەوێ. یەکێک لەو کارە گرنگانەی کە دەتوانین تێیدا هاوبەشی یەک بین بەشی گەشتیارییە، بەتایبەتیش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سروشتە جوانەی هەرێمی کوردستان هەیەتی، کە هەم لە سلێمانی و هەم لە هەولێر بەدی دەکرێ و راستییەکەی هەموو ناوچەکانی لەڕووی دیمەنەوە جوانن.

**رووداو: یەکێک لەو بابەتانەی باسی دەکرێ گەشتیاریی تەندروستییە، وەکو خۆشتان دەزانن ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی شارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەری روو لە ئێران، بەتایبەتیش تاران دەکەن. لەم بوارەدا ئاسانکاری یان بەرنامەیەکی نوێتان بۆ پێشخستنی ئەم بەشە لە پەیوەندی و هاوکاری هەیە؟**

**محەممەد حوسێن موقیمی:** بە بڕوای من پێویستە گەشە بەم بوارە بدەین، مەبەستم گەشتیاریی تەندروستییە، بەوپێیەی کە ئێمە لەڕووی نەخۆشخانە و چارەسەرییەکانی پەیوەندیدار بە پێست و موو و جوانکاری ئیمکاناتێکی زۆرمان هەیە، هەروەها ئەو نەخۆشیانەش کە چارەسەرکردنیان سەختە. بەڕای من ئەگەر بتوانین کۆمەڵگەیەکی پێشوازیی سەرەتایی لە هەولێر بکەینەوە، ئەمە دەکرێ لە رێگەی پارێزگای تاران یان پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا، واتە ورمێ بێت، بۆ ئەوەی یەکەمجار هەر لێرە نۆڕینێکی سەرەتاییمان بۆ نەخۆشەکان هەبێ و لێرەشەوە رێنوێنییان بکەین بۆ کوێ بچن، بۆ ئەوەی هەم تێچوونەکان کەمتر ببێتەوە و ئەو شارەزاییەیان پێشکەش بکرێ کە پێویستیان پێیەتی. مەبەستم ئەوەیە نۆڕینێکی سەرەتایی هەر لێرە و لە رێگەی پزیشکەکانی خۆمان بکرێ، واتە ناوەندێک هەبێ نەخۆشییەکان دەستنیشان بکات.

**رووداو: هیچ بەرنامەیەکتان هەیە بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو ناوەندە بکەنەوە؟**

**محەممەد حوسێن موقیمی:** وابزانم دەبێ هەر لەم دانوستاندنانەدا باسی بکەین و رێکارێکی بۆ بدۆزینەوە، ئەو ناوەندە ئێستا نییە و دەبێ دایمەزرێنین.

**رووداو: لە بەشەکانی دیکەی وەک ئەندازیاری و پیشەسازی، چ پۆتانسیەلێک لەنێوان ئێران و هەرێمدا بەدی دەکەن، کام بەش هەیە کە دەتوانن بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی پێبدەن و فۆکەسیان لەسەر بکەن؟**

**محەممەد حوسێن موقیمی:** من پێموایە یەکێک لەو بەشانەی دەکرێ کارێکی زۆری تێدا بکرێ بەشی جیۆلۆجیا و دۆزینەوەی کانگا و هەروەها پەرەپێدانی ژێرخانی کانەکانە، چونکە هەرێمی کوردستان کانگای زۆرە کە بە بڕوای من کارێکی زۆریان لەسەر نەکراوە، بۆیەش دەتوانین لە رێگەی رێکخراوی جیۆلۆجی کاری جیۆلۆجی بکەین، بۆ ئەوەی بزانین توانای کانگاکانی ئێرە چەندە، لە چ بوارێکیدا یەدەکیان هەیە، دواتریش بەهاوکاریی یەکدی کاری دۆزینەوەیان بۆ بکەین و ئەو کانگایانە بگەیەنینە قۆناغی دەرهێنان و لەو رێگەیەشەوە بە هاوکاریی یەکدی پیشەسازیی کانگاکان دابمەزرێنین.

**رووداو: دوو ساڵ لەمەوبەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان هەموو نەخشەی کانگاکانی هەرێمی کوردستانی خستە موناقەسەوە، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانیشی بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی بێن و پڕۆژەکانی خۆیان بۆ پەرەپێدانی کەرتی کانگاکانی کوردستان بخەنەڕوو. ئایا کۆمپانیایەکی ئێرانی خۆی لەو بابەتە داوە و نزیک بووەتەوە؟**

> هەلومەرجەکان لەبارن بۆ پەرەپێدانی هاوکاریی ئابووری لە نێوانمان

**محەممەد حوسێن موقیمی:** ئێستا ئاگاداری ئەوە نیم، بەڵام دەزانم کە هەست بە پێویستی ئەمە دەکرێ. ئەگەر پێشتریش کارێک لەمبارەیەوە کرابێ، بێگومان کۆمپانیاکانی ئێرانیش بەشدارییان کردووە، بەڵام ئێستا زانیاریی وردم لەبەردەست نییە، بەڵام پێموایە یەکێک لەو بەشە گرنگانەی دەبێ بەشێوەی هاوبەش لەگەڵی بڕۆین کەرتی کانگاکانە.

**رووداو: باسی خاکی بەپیت و زەمینەی گونجاوت کرد، لە بواری کشتوکاڵدا ئێران و هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانن پەیوەندییەکانیان باشتر بکەن؟**

**محەممەد حوسێن موقیمی:** ناوەندی توێژینەوەی کشتوکاڵیی ئێمە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زۆری کردووە، دەتوانین ئەمانە لە چوارچێوەی رێککەوتنێکدا بخەینە بەردەستیان، راهێنان بە جووتیاران بکەین، ئەگەریش لێرە لێکۆڵینەوە کرابێ، ئەوە دەتوانین ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەوان وەربگرین.

**رووداو: ئێوە لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دانیشتنتان هەبووە، ئایا هیچ پڕۆژە یان پێشنیازێکی تایبەتتان سەبارەت بە کەرتی کشتوکاڵ هەبووە؟**

**محەممەد حوسێن موقیمی:** بەڵێ، وەزیری پیشەسازی و کانگاکان و بازرگانی ئێمە لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی هەرێم قسەی کردووە، ئێستا ئەم بابەتە دەبێ لە ئاستی شارەزاکاندا پەرەی پێبدرێ.

**رووداو: لە بەشێک لە قسەکانتاندا باسی سەرچاوەکانی ئاو و چۆنێتی پەرەپێدانی ئەو سەرچاوانەتان کرد، وەکو خۆتان دەزانن هەندێک لە سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان و ئێران هاوبەشن، ئایا لەم بوارەدا هیچ گفتوگۆیەکی تایبەت کراوە؟**

**محەممەد حوسێن موقیمی:** پرسی ئاو دەبێ لەسەر ئاستی وەزارەتەکانی هەردوو وڵات باسی بکرێ، بۆیەش من زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەر هاوکارییەکان نییە، بەڵام بێگومان هاوکاری لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەیە.

**رووداو: بەڕای ئێوە ئەم هاوکارییانە دەبێ چۆن بن کە ببنە هۆی نزیکبوونەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان و خەڵکی ئێران؟**

**محەممەد حوسێن موقیمی:** دەبێ هاتوچۆ زیاتر بن، پەیوەندیی نێوان زانکۆکانمان زیاتر بکرێن، نوخبەکانی هەردوو وڵات، واتە وڵاتی ئێمە و هەرێمی کوردستان، پەیوەندییان زیاتر بێ.

# میوزیک: چارەسەری چەندین نەخۆشی

**ڕووداو – هەولێر**

زۆربەمـان حـەز دەکەیـن گۆرانـی بڵێین، چونکـە گۆرانیگوتـن چالاکییەکـی بەچێژە و جۆرێکیشـە لـە بەسـەربردنی کات، بەڵام بۆ هەندێ کەس چارەسەری نەخۆشیشە.

ئەوانەی بەشـداریی کۆرسـەکانی چارەسەر بە مۆسـیقا دەکەن، هەفتانە ڕۆژێک سەردانی سـەنتەرە تایبەتمەندەکانـی فێربوونـی ئـەم چارەسـەرییە لـە ئەمریـکا دەکـەن و فێـری تەکنیکەکانـی هەناسـەدان دەبـن. ئامانجـی هەرەگرنگـی وانەکانی چارەسـەر بە مۆسـیقا ئەوەیە کە بەشداربووان فێر بکرێن بەشێوەیەکی کارا سییەکانیان بەکاربهێنن.

لەنێـوان بەشـداربوواندا، جـۆن کامیرۆنی تەمەن 77 ساڵان هەیە کە پێشتر جگەرەکێش بـووە. کامیرۆن دەڵێت: "لێرەوە تا ماڵی ئێمە سەرەولێژە و 800 مەتر دەبێت، جاران بۆ هەر 100 مەترێک دەبوو پشـوویەک بدەم، ئێسـتا وانیم".

لە خولەکاندا موزیکژەنی پرۆفیشـناڵ هەیە و بەشـداربووەکان بریتیـن لـە تووشـبووانی نەخۆشـییە درێژخایەنەکانـی کۆئەندامـی هەناسـە. د.نیکۆلاس هۆپکینسـن، پزیشـکی ڕاوێـژکاری کۆئەندامـی هەناسـە دەڵێـت: "مەبەست لە ڕاهێنانەکانی هەناسە و تەکنیکە سرووشتییەکان و گۆرانیگوتن ئەوەیە، کرداری هەناسـەوەرگرتن هێواش بکرێتـەوە و کاتێکی زیاتر بدرێتە کرداری هەناسەدانەوە، بەر لەوەی دووبارە هەناسە وەربگرێتەوە".

چارەسـەر بە میوزیـک و گۆرانی، جگە لە ئەنجامدانی ئەرکەکە، چێژوەرگرتنیشی تێدایە، ئەمەش وا لە بەشداربووان دەکات بەردەوام بن.

ئەکتەری پێشـوو ماریا لیندسـەی یەکێکە لە بەشـداربووانی خولی چارەسـەر بە گۆرانی و پێیوایە ئەم جۆرە چارەسەرییە بەشێوەیەکی بەرچاو سـوودی بۆ ئـەو هەبووە. لیندسـەی دەڵێ: "ئەگەر بەشداریی ئەم خولەم نەکردایە، هەناسەدانم زۆر خراپتر دەبوو، هەستەوەریشم زیاتر دەبوو".

دکتۆر نۆرمان ئیدیلمان سـەرۆکی کۆمەڵەی ئەمریکـی تایبـەت بە نەخۆشـیی سـییەکان ئامـۆژگاری ئەوانـە دەکات کـە نەخۆشـیی درێژخایەنـی سـییەکانیان هەیـە، کاتێـک بە هەورازدا سەردەکەون، هەناسەی قووڵ هەڵمژن.

پسـپۆڕان دەڵێن لەگەڵ سـوودەکەی، نابێ چارەسەر بە گۆرانی بکرێتە بەدیلی چارەسەری سروشـتی و ئەو دەرمانانەی بۆڕییەکانی هەوا خاو دەکەنەوە و هەوکردنی نێو بۆڕییەکان کەم دەکەنەوە.

د.نەسـرەو مستەفا، پسـپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکانـە لـە هەرێمـی کوردسـتان، لەگـەڵ ژەنینـی پیانۆکەیدا باس لە سـوودە دەروونییەکانـی گوێگرتن لە مۆسـیقا دەکات "میوزیـک توانایاکـی سەرسـوڕهێنەری هەیە لـە ئارامکردنـەوەی دەروون و پشـوودان بـە مێشک". د.نەسرەو دەڵێت: نوێترین توێژینەوە پزیشکییەکان دەریانخستووە بۆ ئەو کەسانەی ئامـادە دەکرێن بۆ نەشـتەرگەری، گوێڕادێران لە میوزیک هێندە ئاستی هۆرمۆنەکانی گوشار دادەبەزێنـێ کـە زۆرترە لـەوەی دەرمانەکانی دژە-دڵەڕاوکێ دەیکەن.



پسپۆڕە گەنجەکە بەڵێنی پێداین لەگەڵمان بێتـە نەخۆشـخانەی نانەکەلـی بـۆ ئـەوەی بەشداربێت لە ژەنینی میوزیک و چڕینی گۆرانی بۆ تووشبووانی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە.

د.نەسـرەو لەنێـو باخچـە نوێیەکـەی نەخۆشـخانەی نانەکەلـی دانیشـتووە و باس لە سوودەکانی مۆسـیقا دەکات، ئەو پێیوایە لەڕێگەی ڕێکخستنی باڵانسی کیمیایی مێشک و دەمارەکانـەوە، میوزیـک دژی دڵەڕاوکـێ، خەمۆکی و گوشاری دەروونییە.

د. نەسـرەو مامۆسـتای زانکۆی پزیشکیی هەولێـرە، هەرچەنـدە زۆر سـەرقاڵە، بـەڵام ڕۆژانە کاتێک هەر تەرخان دەکات بۆ گوێگرتن لـە میوزیـک. د.نەسـرەو باسـی هەژاریـی کەرتـی تەندروسـتیی کوردسـتان دەکات لە بەکارهێنانـی مۆسـیقا وەکـو چارەسـەر و دەڵێـت: "دەرکەوتـووە میوزیـک لـە ڕێگەی ڕێکخستنی ئاستی ئیمیونۆگلۆبیولینی جۆری ئەی، دەبێتـە هۆی بەهێزکردنـی کۆئەندامی بەرگری". د.نەسرەو بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت ئەگـەر ئێمـە لەگەڵ ڕەوڕەوەی پێشـکەوتنی زانسـت هەڵمانبکردایـە حاڵمـان وا نەدەبوو "چۆن دەکرێت لەو هەموو سـوودەی میوزیک بێبەش بین؟".

پسـپۆڕان دەڵێـن میوزیک و دانـس وا لە تووشبووانی پارکینسۆن دەکەن جووڵەگەلێک بکەن کە بەشـێوەیەکی ئاسـایی لەدەستیان داون. لە تووشـبووانی جەڵتەی مێشکیشـدا گوتنـەوەی گۆرانـی ئاسـانترە لـە گفتوگۆی ئاسـایی و کۆمەکیان دەکات بۆئەوەی توانای دەربڕینیان باشتر بکەن.

# 6 نیشانەی سادەی نەخۆشییەکانی دڵ

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

ئەگـەر هەسـتت بە یەکێـک یـان زیاتر لەم نیشانانە کرد، مانای ئەوە نییە تۆ بە دڵنیاییەوە نەخۆشـیی دڵـت هەیـە، بـەڵام ئـەوە دەهێنێ سـەردانی پزیشک بکەیت و ئەو نیشانانەی وەک کلیلێک پێ ببەخشـیت تا بەدوای هۆکارەکەیاندا بگەڕێت کە یەکێکیان نەخۆشییەکانی دڵە.

**نیشانەکان ئەمانەن:**

**1 هەستکردن بە ماندوێتی:**

زۆرکات ئـەم هەسـتە بۆیە دروسـت دەبێت چونکە ئۆکسـجینی پێویسـت ناگاتە ئەندامانی جەستە، دڵیش زۆر لەخۆی دەکات و خۆی ماندوو دەکات تا زۆرترین بڕی ئۆکسـجینی بەردەسـت بنێرێـت. ئەگـەر ئـەم گرفتـەت هەیـە، لەگەڵ پزیشـکەکەت بدوێ و هۆکارەکەی بزانە. چونکە چەنـد حاڵەتێکـی دیکـەش ماندوێتی دروسـت دەکەن، وەک کەمیی ماددەی ئاسن.

**2 ئاوسانی پێیەکان:**

چەندیـن هـۆکار دەبنـە هـۆی ئاوسـانی پێیـەکان وەکوو دووگیانـی و دەوالی. بەڵام یەکێـک لـە هـۆکارە گرنگەکان سسـتبوونی دڵـە کە تێیدا دڵ توانـای ناردن و وەرگرتنی خوێنـی بە کارایی نییە. هـەروەک ناتەواویی زمانە (صمامە)کانی دڵ دەبنە هۆی ئاوسانی پێیەکان.

**3 ئازاری توندی قاچ لەکاتی ڕێکردن:**

ئەگـەر ران و پوزەکانـت تووشـی ئازاری تونـد دەبـن لەکاتـی ڕۆیشـتن و بـە هەوراز سـەرکەوتندا و لەگەڵ پشـوودان باش دەبی، لەوانەیە تووشـی تەسکبوونەوەی بۆڕییەکانی خوێنی پەلەکان بووبیت. ئەوەش لە ئەنجامی کەڵەکەبوونـی چەوریـی لەسـەر دیـواری بۆڕییەکانـی خوێـن پەیدا دەبێت. پسـپۆڕان دەڵێـن ئەگەر ئـەم حاڵەتەت هەبێـت، ئەوا ئەگەری تووشـبوونت بـە گیرانی بۆڕییەکانی خوێن (جەڵتە)ی دڵ 50%یە.

**4 گێژبوون:**

سەرسـوڕان و گێژبـوون کـە چەندینجـار ڕوودەدات، گەلێـک هـۆکاری هەیـە، وەک: وشکبوونەوە و کەمخوێنی و نەخۆشیی دڵ.

**5 تەنگەنەفەسی:**

ئەگـەر بـە چالاکیـی جۆراوجۆر هەناسـەت تەنگ دەبێت کە لە خەڵکی ئاسـاییدا بەو جۆرە نییـە، ئەوا پێدەچێت نەخۆشـیی زمانەکانی دڵ یان سسـتبوونی دڵت هەبـێ، بەڵام ئەم حاڵەتە چەند هۆکارێکی دیکەشـی هەیە، وەکوو: ڕەبو، کەمخوێنی و هەوکردنی سییەکان.

**6 دڵەکوتێ:**

بـۆ نموونـە کاتێـک دەچیتە سـەر جێگا بـۆ نووسـتن، هەست بە لێدانـی دڵـت دەکەیت. یان کاتی پشوودان و ئاسایی هەست بە توندلێدانی دڵت دەکەیت.



# ئەم سوودانەی گوێزت زانیون؟



**ڕووداو– ئاژانسەکان**

گوێز، خۆراکە دۆستەکەی مرۆڤ، لە چیاکانی کوردستان بەگشتی و هەورامان بەتایبەتی لە کۆنەوە سەرچاوەیەکی خۆراکی و بژێویی خەڵک بووە، توێژینەوە زانستییەکان بەردەوام سوودی نوێی گوێز دەدۆزنەوە، گرنگە لەسەر گوێز ئەم زانیارییانە بزانی.

چارەگـە کوپێـک کاکڵەگوێز (30 گرام) نزیکەی 196 کالۆری وزە دەدات (کەسـێکی ئاسایی ڕۆژانە پێویستی بە 2000 کالۆری وزەیە).
ئەگەر ڕۆژانە چارەگە کوپێک کاکڵە گوێز بخۆیت ئەمانەت پێدەبەخشێ:

**3.80** گرام کاربۆهیدرات.

**1.9** گرام ریشاڵی خۆراکی.

**4.32** گرام پرۆتین

- چەوری بەسوودی ئۆمیگا: نزیکەی تەواوی پێداویستی ڕۆژێک دابین دەکات
- مس: 22%ی پێداویستی ڕۆژێک دابین دەکات
- مەنگەنیز: 51%ی پێداویستیی ڕۆژێک دابین دەکات
- مۆلبدینۆم: 20%ی پێداویستیی ڕۆژێک دابین دەکات
- بایۆتین: 19%ی پێداویستیی ڕۆژێک دابین دەکات
- مەگنیسیۆم: 12%ی پێداویستیی ڕۆژێک دابین دەکات
- ئاسن: 6%ی پێداویستیی ڕۆژێک دابین دەکات
- فۆسفۆر: 10%ی پێداویستیی ڕۆژێک دابین دەکات
- پۆتاسیۆم: 4%ی پێداویستیی ڕۆژێک دابین دەکات

بێگومـان ئەگـەر پەیـڕەوی پرۆگرامێکـی خۆراکیی تەندروسـت بکەیـت، لە پێکهاتە خۆراکییەکانـی دیکـەی ڕۆژ بەها خۆراکییەکانی دیکە وەردەگریت و جەسـتەت لە ماددە خۆراکییە پێویستەکان تێر دەکەیت.

**سوودەکانی گوێز:**

- بۆ دڵ و لوولەکانی خوێن بەسوودە.
- دەبێتـە هۆی دابەزاندنی چەورییە زیانبەخشـەکانی خوێن و بەرزکردنەوەی ئاسـتی چەورییە سوودبەخشەکانی خوێن.
- دەبێتە هۆی ڕێکخستنی کاری شانە ناوپۆشەکانی بۆڕییەکانی خوێن و هانی فراوانبوونی لوولەکانی خوێن دەدات.
- ئەگەری کەڵەکەبوونی خەپلەکانی خوێن و کڵۆبوونی خوێن کەم دەکاتەوە.
- ئەگەری هەوکردنی بۆڕییەکانی خوێن کەم دەکاتەوە.
- گوێز دژی شێرپەنجەیە.
- بۆ پتەویی ئێسک بەسوودە.

# بۆ پەیوەندیی سێکس درێژیی چووک چەند بێت؟



**ڕووداو – ئاژانسەکان**

درێژیی چووک لە کاتی ئاساییدا نـۆ سـانتیمەترە، بـەڵام لەکاتـی سێکسـدا دەگاتـە زیاتـر لـە 13 سانتیمەتر.

بەپێـی توێژینەوەیـەک کـە لـە جۆرناڵـی زانسـتیی (BJUI) بڵاوکراوەتـەوە، درێژیـی چـووک لـە کـاتی ئاساییدا لـە پیاوێکـەوە بـۆ پیاوێکـی دیکـە دەگۆڕێت، بـەڵام لەکاتی سێکسـدا زۆرینەیان هاوشێوەن. توێژینەوەکـە کۆکـراوەی ئەنجامـی 17 توێژینەوەی پێشـترە کە زیاتر لە 15 هەزار پیاو بەشدارییان تێدا کـردووە، بەپێی ئەنجامـەکان 95%ی پیاوە بەشـداربووەکان لە کاتی سێکسدا چووکیان نزیکەی 16 سانتیمەتر بووە.

گۆڤارەکـە ئامـاژەی بـە توێژینەوەیەکی پێشـتر کـردووە کـە لـە گۆڤـاری پڵـەس وەن بڵاوکراوەتـەوە، تیمـی توێژینەوەکـە 33 چووکـی پلاسـتیکی قەبـارە جیاوازیان خستبووە بەردەستی ئافرەتە بەشداربووەکان و داوایـان لێکردبـوون یەکێکیان هەڵبژێرن، پڵـەس وەن دەڵێـت زۆرینـەی خانمان ئەو چووکەیـان هەڵبـژاردووە کـە درێژییەکەی 16.2 سانتیمەتر بووە.

جۆرناڵە پزیشکییەکە دەڵێت کاریگەرییە دەروونییـەکان زاڵـن بەسـەر بابەتەکـەدا، ئەگەرنـا 98%ی پیاوان قەبـارەی چووکیان گونجـاوە بـۆ سـێکس، جگە لـە 2%ی ئەو پیاوانـەی کـە درێژیـی چووکیـان لەکاتـی سێکسـدا حـەوت سـانتیمەتر کەمتـرە و پێویستیان بە چارەسەری پزیشکی هەیە.

پوختەی ئەنجامـی توێژینەوەکەی BJUI دەریخسـتووە ئـەو پیاوانـەی کـە قەبارەی چووکیان بە بچووک دەزانن، تووشی کێشەی جیاوازی سێکسـی دەبن، گۆڤارەکە خانمان بە کلیلی چارەسەر دەزانێت، ئەویش بەوەی بەردەوام ئەو پەیامە بە هاوژینەکەیان بدەن کە قەبارەی چووکیان تەواوە.

بـەڵام گۆڤارەکـە ئـەوە ڕەتدەکاتـەوە قەبـارەی چـووک پەیوەنـدی بـە ئاسـتی چێژوەرگرتنـی خانمانـەوە هەبێـت لـە کاتـی سێکسـدا "چونکـە زۆرتریـن چڕیـی خانـە هەسـتەوەرەکان لـە سـەرەتای زێدا کۆبوونەتەوە"

درێژیی چووک بەپێی گۆڤارە بەریتانییەکە چێـژی زیاتـر دەداتـە پیاوەکـە لـەڕووی سایکۆلۆژییەوە، بەڵام بۆ هاوژینەکەی چەند سـانتیمێک جیـاوازی لـە درێژیـی چووک، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر چێژوەرگرتنی نابێت.

# سعودیە دەست بۆ پەیوەندیی ئایین و سیاسەت دەبات

ڕووداو - هەولێر

ماوەی دوو ساڵە پرۆژەی چاکسازیی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئاینی لە سعودیە دەستپێکردووە، هەموو ئەو چاکسازییانە بەشێکن لە پاکێجی "روانگەی 2030"ی سعودیە کە شازادەی جێنشین خۆی سەرپەرشتی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی دەکات. لە نێوان چاکسازییەکاندا ئەوەی کاریگەریی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە هەموویان زیاتر دەبێ، چاکسازیی ئاینییە کە بەرەنگاربوونەوەی وەهابیزم و سەلەفیزمی جیهادی لەخۆدەگرێ.

لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا، کەم بۆنە هەبووە کە محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشین تێیدا باسی ئەوەی نەکردبێ سعودیە بەرەو "ئیسلامی میانرەو" دەگەڕێنێتەوە، یان وەکو بە (گاردیەن)ی بەریتانی گوتووە، دەیەوێ ئیسلامێکی کراوە بەڕووی جیهان و ئاینەکانی دیکەدا بهێنێتە ئاراوە. بن سەلمان بەردەوام دەڵێ ئەو نموونەیە لە ئیسلام کە بە "وەهابیزم" ناوی دەرکردووە ئیسلامێکی سعودی نییە، بەڵکو ریشەکانی بۆ بڵاوبوونەوەی "ئیسلامی سیاسی" لەدوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەگەڕێتەوە، واتە سیاسیبوونەوەی ئایین لە سعودیە و ئاوێتەبوونی بە دامەزراوەکان بەشێکە لە کاردانەوەی سعودیە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی "شیعەگەرایی" لە ناوچەکەدا.

ڕەگوڕیشەی مێژووی ئایدیۆلۆژیای سیاسی و ئایینی سعودیە بۆ بیرۆکەکانی محەممەد عەبدولوەهاب دەگەڕێتەوە کە سێ سەدە لەمەوبەر ئەولقەی ئیسلامی دامەزراند و هاوپەیمانی محەممەد بن سعود بووە. بن سعود ئەمیری دەرعیە بووە و بە دامەزرێنەری یەکەم دەوڵەتی سعودیە و بنەماڵەی سعود لەقەڵەم دەدرێ. لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەتی سعودیەی مۆدێرن لە سەتەی بیست، وەهابیزم وەکو بناغەیەکی شەرعی بۆ دەوڵەت مایەوە. بۆیەش پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بن سەلمان چۆن بەرەنگاری خوێندنەوەیەکی ئاییینی دەبێتەوە کە لە سەت ساڵی رابردوودا بە دامەزراوەیی بووە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکیی سعودیە هەبووە؟

لە یەک ساڵی رابردوودا حکومەتی سعودیە کۆمەڵێک هەنگاوی ناوە کە گوزارشت لە روئیای بن سەلمان بۆ داهاتووی سعودیە دەکەن، لەوانەش کردنەوەی سینەما، ڕێگەدان بە شوفێریکردنی ئافرەتان و سەردانی یاریگەکان، لە هەمووشیان گرنگتر جڵەوکردنی پۆلیسی شەرعیی سعودیە کە چەندین دەیە چاودێری رەفتاری کۆمەڵگای سعودیەیان کردووە.

حکومەتی ریاز پلانێکی درێژخایەنیشی بۆ داخستن یان پێداچوونەوە بە پرۆگرامی هەموو ئەو قوتابخانە و زانکۆیانە راگەیاندووە کە پەرە بە بیری توندئاژۆیی دەدەن، لە پاڵ ئەمەدا کۆمەڵێک ناوەندی نوێ بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەی "حەدیس" دەکاتەوە، نموونەی هەرە دیاریشیان ناوەندی شا سەلمانە لە شاری مەدینە.

## پاڵنەرە نێوخۆییەکان

وەکو لە ڕاپۆرتێکی ناوەندی (ستراتفۆر)دا هاتووە، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم چاکسازییە ئاینییە ئەوەیە کە دەستی شای سعودیە لە بڕیاردا کراوە بێ. حاڵی حازر تەنیا خێزانی شاهانە و کەسایەتییە ئاینییەکان کاریگەرییان لەسەر بڕیار و هەڵوێستەکانی شای سعودیە هەیە. بن سەلمان کە لە حوزەیرانی 2017ەوە بووە بە شازادەی جێنشین، لە یەک ساڵی رابردوودا هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەردوو لایەنەکەی داوە.

هۆکارێکی دیکەی ئەو بڕیارە (کە لە قازانجی هەوڵەکانی بن سەلمانە) بۆ ئەو گۆڕانکارییە، دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی کە لە چەند دەیەی رابردوودا لە کۆمەڵگای سعودیدا ڕوویداوە. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ڕێگەی بە گەنجانی نەوەی لەدایکبووی پاش هەشتاکانی سعودیە داوە جیهانی دەرەوە ببینن، لەوێشەوە ڕێگە بۆ سەرەتاکانی گۆڕانکارییەکی کولتووری لە سعودیە خۆش ببێ.

بە گوێرەی ڕاپرسییەکی ناوەندی ڕاپرسیی گەنجانی عەرەب، ٪62ی گەنجانی وڵاتانی کەنداو پێیانوایە ئایین ڕۆڵێکی لەڕادەبەدەر زۆری لە ژیانی ڕۆژانەیاندا هەیە. ناوەندی ستراتفۆر پێشبینی دەکات بن سەلمان ئەو پشتگیرییە بەرفراوانەی توێژی گەنجی وڵاتەکەی بۆ برەودان بە چاکسازییەکانی بەکاربهێنێ.

## پاڵنەرە دەرەکییەکان

لە ماوەی دەیە و نیوی رابردوودا مەترسیی گروپە سەلەفییە جیهادییەکان ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە، بە تایبەتیش لەدوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر. لەدوای ئەو هێرشانەوە کۆمەڵگای نێودەڵەوتی و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەدوای سەرچاوە دارایی و ئایدیۆلۆژییەکانی "تیرۆریزمی نێودەوڵەتی"یەوە بوون، هەموو پەنجەکانیش بۆ لای وڵاتانی کەنداو درێژکراون.

هێرشە تیرۆریستییەکانی دەیە و نیوی رابردوو، وڵاتانی ڕۆژئاوایی هانداوە بە چاوێکی رەخنەگرانەترەوە سەیری وێنەی سیستەمی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی وڵاتانی کەنداو، بەتایبەتیش سعودیە بکەن. لە ساڵی 2016 کۆنگرێسی ئەمریکا بە پاڵپشتی کۆمارییەکان و دیموکراتەکان پڕۆژە یاسای بەرنگاربوونەوەی وڵاتانی سپۆنسەری تیرۆریان پەسند کرد کە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەرەوە هەبوو.

ئەو کات ڕۆڵی سعودیە لە هێرشەکان لە چەقی دیبەیتی پرۆژەکەدا بوو. ئەگەر باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، پرۆژەکەی رەت نەکردبایەوە، ئەگەری زۆر بوو بەرپرسانی باڵای حکومەتی سعودیە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە بن و وەبەرهێنانی ئەمریکا لە سعودیەش بوەستێ.

محەممەد بن سەلمان دەزانێ پڕۆژەی روئیای 2030 پێویستی بە وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوایی هەیە، بۆ ئەمەش دەبێ وێنەی شانشینەکە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەستکاری بکرێ و وێنەیەکی جیاوازی سعودیە پیشانی نوخبەی سیاسی و رای گشتی ڕۆژئاواییەکان بدرێ. پەیوەندی بن سەلمان لەگەڵ کۆمپانیا تەرفیهییەکانی ئەمریکا و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی ئەو کۆمپانیایانە بەشێکە لە چاککردنەوەی ئەو وێنەیە.

پرسیارێک کە لە چەند ساڵی داهاتوودا وەڵام دەدرێتەوە ئەوەیە ئەم چاکسازییانە چ کاریگەرییەک لەسەر ئەو شەڕ و ململانێ مەزهەبی و تایفییانە دادەنێ کە ئێستا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی خستووەتە سەر ئاگر، لە کاتێکدا تاران و ریاز سەرکردایەتی دوو بەرە دژبەرەکەی ململانێکان دەکەن.

## چاکسازییەکان تاوەکو کوێ دەڕۆن؟

زۆربەی بەرپرسانی سعودی پێیانوایە تاوەکو ئێستا دیار نییە چاکسازییەکانی بن سەلمان تاوەکو کوێ بەردەوام دەبن و داینامۆ نیوخۆیی و دەرەکییەکان و هێڵە سوورە نێوخۆییەکان چ کاریگەرییەک لەسەر ئاکامی کۆتایی چاکسازییەکان دادەنێن. بەڵام ناوەندی ستراتفۆر بەدووری دەزانێ چاکسازییە ئایینییەکانی سعودیە "گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شانشیندا بکا"، واتە پاشا و کوڕەکەی "دەستکاریی بەها جەوهەرییەکانی وڵات" ناکەن. هۆکاری ئەمەش تەنیا ئەوە نییە کە بن سەلمان و باوکی لە کاردانەوەی گشتی دەترسن، بەڵکو لەبەر ئەوەی "خۆیشیان بڕوایەکی قووڵیان بەو بنەمایانە هەیە".

بۆیەش ناوەندە ئەمریکییەکە پێشبینی دەکات ریفۆرمەکانی سعودیە تەنیا ئەو خاڵانە بگرێتەوە کە هەڕەشە لەسەر پەیوەندییە ستراتیژییە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی سعودیە دادەنێن، بۆیەش دروستکردنی هاوسەنگییەک لە نێوان نەوەی نوێ و نەوەی موحافزکاری کۆن لە لایەک و دانیشتووانی ناوچە گوندی و شارییەکان تەحەدای چەند ساڵی داهاتووی سعودیە بێ.



محەممەد بن سەلمان دەیەوێ سعودیەیەکی جیاواز لەوەی ئێستا پێشانی ئەوروپییەکان بدات

# ئەمریکا لە قەتەر نزیک دەبێتەوە



ئەمریکا بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێران، پێویستی بە کەنداوێکی یەکگرتووە

ڕووداو - هەولێر

هێشتا دوو ڕۆژ بەسەر دەستبەکاربوونی وەزیری دەرەوەی نوێی ئەمریکادا تێنەپەڕیبوو، کاتێک بە هاوتا سعودیەکەی خۆی راگەیاند کە پێویستە کێشە دیپلۆماسی و بازرگانییەکانی نێوان وڵاتانی کەنداو و قەتەر کۆتایی بێت. ئەمجارەیان بە پێچەوانەی یەک ساڵی رابردوو، سەرۆکی ئەمریکا هیچ تێبینییەکی لەسەر قەتەر و کێشەی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی کەنداو نەبوو.

نزیکەی یەک ساڵ بەسەر کێشە دیپلۆماسی و بازرگانییەکانی کەنداودا تێدەپەڕێ و ڕێکس تیلەرسن، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا، بەشێکی زۆری هەوڵەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە تەرخان کرد، بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی هەبێ، یەکێک لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم تیلەرسنیش خودی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بوو کە لەکاتی سەردانەکەی ئەودا بۆ کەنداو، باسی پشتگیریی قەتەری لە ڕێکخراوە ئیسلامییە توندئاژۆکان کرد.

مایک پۆمپێیۆ، وەزیری دەرەوەی نوێی ئەمریکا، لە گەشتەکەی هەفتەی رابردوویدا بۆ کەنداو جەختی لەسەر هەمان بۆچوونی تیلەرسن کردەوە. ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کرد کە پەیامی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەوەیە بڵێ "ئیدی بەسە". ئەمجارەیان ترەمپ بێدەنگ بوو.

هەمان ئەو ڕۆژەی پۆمپێیۆ لەگەڵ عادل جوبەیر، وەزیری دەرەوەی سعودیە، کۆدەبووەوە، ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا باسی چۆنێتی ئازادکردنی 25 هاووڵاتی قەتەری و ئەندامانی خێزانی شاهانە کرد، ئەوانەی لە کانوونی یەکەمی 2015 لەلایەن میلیشیایەکی شیعەی عێراقی رفێنرابوون و لە نیسانی 2017 ئازادکران.

ئەو هەواڵە پێشتر لە لایەن ڕۆژنامەکانی (فاینەنشڵ تایمز) و (ئیندیپێندنت)ی بەریتانی و (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی بە تێروتەسەلی باس کرابوو. تاکە خاڵی سەرنجڕاکێش لە ڕاپۆرتەکەی (واشنتن پۆست)دا ئەوە بوو کە ژمارەیەک فایلی دەنگی و نامەی ئەلیکترۆنی نووسراوی نێوان بەرپرسانی قەتەری و میلیشیاکانی تێدا ئاشکرا کرابوو. بۆیەش پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بۆچی (واشنتن پۆست) ئەو ڕاپۆرتەی لەو کاتەدا بڵاوکردەوە و کێ ئەو فایلانەی ڕادەستی ڕۆژنامە ئەمریکییەکە کردووە کە دروشمی سەرەکییان ئەوەیە "دیموکراسی لە ڕۆژە تاریکەکاندا دەمرێ".

سیمۆن هێندەرسن، لێکۆڵەر و شارەزای لەمێژینەی پەیمانگای واشنتن، پەنجەی تۆمەت بۆ لای دەزگا هەواڵگرییەکانی ئیمارات درێژ دەکا کە مێژوویەکیان لە هاککردنی دامەزراوە و کەسایەتییە قەتەرییەکاندا هەیە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئیماراتییەکان ئاگاداری نیازی پۆمپێیۆ بوون لەو گەشتەی کەنداو و دەیانویست ئەو ڕاپۆرتە لە کاتی خوانە شەوانەکەی نێوان پۆمپێیۆ و پاشای سعودیەدا یەکێک لە بابەتەکانی سەر مێزی نانخواردن بێ. بەڵام ڕووداو و هەڵوێستەکەی ڕۆژی دواتری ئیدارەی ئەمریکا دەریدەخات ڕاپۆرتەکەی (واشنتن پۆست) کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر هەڵوێستی کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە نەبووە.

## بۆچی ترەمپ هیچی نەگوت

ساڵی پار و لە گەرمەی قەیرانی پەیوەندییەکانی کەنداودا، محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعودیە و محەممەد بن زاید، شازادەی جێنشینی ئەبوزەبی، قەناعەتیان بە ترەمپ هێنابوو کە حکومەتی قەتەر پشتگیریی گروپە توندئاژۆکان دەکا، بەڵام لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا ترەمپ بێدەنگی هەڵبژاردووە و لە کۆبوونەوەکانیش داوای لە دیپلۆمات و بەرپرسانی باڵای حکومەتەکەی کردووە ئەو کێشەیە بە ڕێگەچارەی دیپلۆماتیک چارەسەر بکەن.

ستیڤن کوک، لێکۆڵەر و شارەزای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا، پێیوایە هۆکاری سەرەکی هەڵوێست گۆڕینی ترەمپ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیدارەی کۆشکی سپی مەلەفی ئێران بە گەورەترین مەلەفی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەزانن، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە ترەمپ ڕۆژی 12ی ئەم مانگە دوایین بڕیاری خۆی لەسەر مانەوە یان دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی تاران دەردەکا.

کوک ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە ئیدارەی ئەمریکی هەستی بەوە کردووە لە دۆخێکی وەکو ئێستا و بۆ کۆنترۆڵکردنی کاردانەوەکانی ئێران دوای بڕیارەکەی ترەمپ لەسەر ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، پێویستی بە کەنداوێکی یەکگرتوو هەیە.

قەیرانی دیپلۆماتیک و بازرگانیی کەنداو دەرفەتێکی باشی بە ئێران داوە بۆ ئەوەی لەگەڵ تورکیا و قەتەر هاوپەیمانێتییەکی سێگۆشەی نوێ دروست بکەن، ئەم هاوپەیمانێتییە لە درێژخایەندا دەتوانێ دەرفەتی گەورەتر لە کەنداو بۆ ئێران برەخسێنێ. بە بۆچوونی کوک واشنتن هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە نیگەران بووە لەوەی ئابڵوقەکانی زلهێزەکانی کەنداو لەسەر قەتەر چ کاریگەرییەکی لەسەر هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ بەرنگاربوونەوەی فراوانخوازییەکانی ئێران دەبێ. بۆیەش ئەوەی وای کردووە ترەمپ و ئیدارەکەی بە بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە کێشەکاندا بچنەوە پەیوەندی بە :بایەخی ستراتیژی دیوی ڕۆژئاوای کەنداو"ەوە هەیە کە ئێران دەتوانێ بۆ دروستکردنی ئاڵۆزی و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا بەکاری بهێنێ،

لە 11ی مانگی رابردوودا کە قەیرانی پەیوەندییەکانی کەنداو بەردەوام بووە، ئێران هیچ هەنگاوێکی ئەتۆی لەو ناوچەیەی کەنداو نەناوە، دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا و سەپاندنەوەی سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا لەسەر بانک و دامەزراوە ئابوورییەکانی ئێران دەشێ کاردانەوەی توندی ئێرانی لێبکەوێتەوە، بە تایبەتیش لە دیوی ڕۆژئاوای کەنداو.

بە بۆچوونی لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە، کۆشکی سپی نیگەرانە لەوەی پاش دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، ئێران بە مەبەستی قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکانی کەنداو شەڕی زانیاری لەگەڵ وڵاتانی کەنداو دەستپێبکا، لە دۆخێکی لەو جۆرەشدا کەنداوێکی یەکگرتوو دەتوانێ بەرپەرچی هەوڵەکانی تاران بداتەوە، لە کاتێکدا ئەگەر ناکۆک بن ئێران دەتوانێ لایەنێک لە دژی لایەنەکانی دیکە بەکاربهێنێ.

زۆربەی ئاماژەکان باس لەوە دەکەن کە ترەمپ سوورە لەسەر دەرچوونی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ٢٠١٥، کە واژۆی ٧ وڵات و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەسەرە. مانگی رابردوو ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا، پاش کۆبوونەوە لەگەڵ ترەمپ ڕایگەیاند پێناچێ ترەمپ لەگەڵ ڕێککەوتنەکەدا بمێنێتەوە. لە دوایین ڕۆژەکانی مانگی رابردووشدا، پۆمپێیۆ هەمان بۆچوونی دەربڕی. بۆیەش ئیدارەی ئەمریکا و وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی خۆیان بۆ لێکەوتەکانی دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە ئامادە بکەن.

کوک بەدووری دەزانێ بۆچوونی گشتیی ترەمپ بەرامبەر قەتەر گۆڕانی بەسەردا هاتبێ، بەڵام کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە ئێران و ئاکامەکانی وایکردووە قەیرانی پەیوەندییەکانی کەنداو جارێکی دیکە لەسەر مێزی سەرۆکی ئەمریکا ئەولەوییەت وەربگرێ.

# عەبدوڵڵا گول

# ئۆپۆزیسیۆنی تورکیای هیوابڕاو کرد

**ڕووداو - هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو عەبدوڵڵا گول، سەرۆککۆماری پێشووی تورکیا، ڕایگەیاند کە ئامادە نییە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی تورکیا بپاڵێوێ، بەمەش ئەگەری سەرکەوتنی ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکانی مانگی داهاتوودا زیاتر دەبێ، لەبەر ئەوەی هیچ بەربژێرێک نامێنێ ئەو بنکە جەماوەرییەی گولی هەبێ.

هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا، بە تایبەتیش پارتی کۆماریی تورکیا و پارتی سەعادەت، ماوەی 10 ڕۆژ سەرقاڵی دانوستاندن بوون لەگەڵ گول تاوەکو ڕازی بکەن لە هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیراندا خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی تورکیا بپاڵێوێ، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن هەر لە سەرەتاوە کێشەیان هەبوو لەوەی بتوانن لەسەر کاندیدی هاوبەشی خۆیان بۆ هەڵبژاردن بگەنە ڕێککەوتن.

ئەردۆغان ڕۆژی 18ی نیسان داوای کرد هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی تورکیا بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک پێش بخرێن. لەم هەڵبژاردنەدا تورکیا بە فەرمی لە سیستەمی پەرلەمانییەوە بەرەو سیستەمی سەرۆکایەتی دەچێ.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا گول ڕەخنەی توندی لە هەڵکوتانە سەر ناڕازییەکان و سیاسەتی ئابووریی حکومەتەکەی ئەردۆغان گرتووە. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و بازنەکەی دەزانن گول بنکەیەکی جەماوەریی بەرفراوانی لە ئاکپارتیدا هەیە و ئەگەر خۆی پاڵاوتبا، دەیتوانی ژمارەیەکی زۆری دەنگەکانی ئاکپارتی بۆ خۆی بەرێ. گۆنوڵ تۆڵ، لێکۆڵەر لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنتن، پێیوایە سەرۆککۆماری پێشووی تورکیا دەیتوانی دەنگی کوردیش ببات "ئەم دوو پێکهاتەیەش (واتە لایەنگرانی ئاکپارتی و کورد) بۆ سەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن گرنگ بوون".

وەڵامە نێگەتیڤەکەی گول بۆ ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا گوزارشت لە دوو ڕاستی هەنووکەیی نێو پانتایی سیاسی تورکیا دەکات کە یەکەمیان ئەوەیە ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا تاوەکو ئێستاش و سەرەڕای هەموو ناڕەزایەتییەکانی بەرامبەر ئەردۆغان، نەیتوانیوە لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش ڕێکبکەوێ. گول لە کاتی ئاشکراکردنی بڕیارەکەی خۆیدا ڕایگەیاند، ئۆپۆزیسیۆن لە نێوان خۆیاندا نەیانتوانیوە بە هاودەنگی بگەن.

ڕاستیی دووەم کە لێکەوتە گەورەکانی لە ساڵانی داهاتوودا دەردەکەوێ، پەیوەندی بەو گۆڕانکارییەوە هەیە کە خەریکە لە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و سوپادا دروست دەبێ. ڕۆژی 26ی نیسان، ناوەندی هەواڵی هەبەرتورک ئاشکرای کرد کە خەلوسی ئاکار، سەرۆک ئەرکانی تورکیا و ئیبراهیم کالن، گوتەبێژی ئەردۆغان، بە هەلیکۆپتەر سەردانی ماڵی گولیان کردووە و هۆشدارییان داوەتێ بەدەم داواکەی ئۆپۆزیسیۆنەوە نەچێ. بە دەگمەن لە مێژووی تورکیای نوێدا هەبووە سوپا لە باڵاترین ئاستی خۆیدا هێندە پشتگیری لە سەرۆکی وڵات بکات.

لە دەیە و نیوی ڕابردوودا، سێکولارە لیبراڵەکانی تورکیا بۆ بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتی ژەنەراڵەکان پشتگیرییان لە ئاکپارتی دەکرد، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی پارتەکەی ئەردۆغان و گول بنکەی جەماوەریی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپایان هەبوو، ئەم ڕاستییە لە هەوڵی کودێتاکەی 2016دا پشتڕاست بووەوە، بەڵام ڕاستییەک کە ئەو لیبراڵانە نەیاندەزانی، ئەوە بوو کە دەکرێ ئاکپارتییەکەی ئەردۆغان هێندەی ژەنەراڵەکان هەڕەشە لەسەر سەقامگیری ئابووری و ئاسایشی نێوخۆیی و پرۆسەی دیموکراتی لە تورکیا دروستبکات.

نیکۆلاس دانفۆرس، لێکۆڵەر لە ناوەندی سیاسەتی هەردوو پارتەکەی ئەمریکا، بە (ئەلمۆنیتەر)ی ڕاگەیاند "ئەردۆغان تورکیای گۆڕیوە، تورکیا پێشتر وڵاتێک بوو تێیدا ژەنەڕاڵەکان هەڕەشەیان لە سەرکردە مەدەنییەکان دەکرد، بەڵام ئێستا سەرکردە مەدەنییەکان دەتوانن ژەنەڕاڵەکان بۆ تۆقاندنی ڕکابەرە سێکولارەکانیان بەکاربهێنن".

لە دۆخێکی ئاوادا پرسیاری سەرەکی ئەوە بوو کە کێ دەتوانێ ڕکابەری سەرەکیی ئەردۆغان بێ. ڕاپرسییە گشتییەکانی تورکیا دەریاندەخست گول ئەو توانایەی هەبوو لە خولی یەکەم و دووەمدا تەنگ بە ئەردۆغان هەڵچنێ، هەرچەندە پارتی کۆماری لە هەوڵەکانی خۆیدا پارتی گەلی دیموکراتیک (هەدەپە)ی بەلاوە نابوو.

ئەردۆغان پێویستی بە زیاتر لە 50%ی دەنگەکان هەیە بۆ ئەوەی لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا پۆستی سەرکایەتی داهاتووی تورکیا مسۆگەر بکا. ئەگەر لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا هیچ کاندیدێک نەتوانێ زیاتر لە نیوەی دەنگەکان بهێنێ، ئەوە دوو کاندیدە هەرە بەهێزەکەی خولی یەکەم لە خولی دووەمدا ململانێ دەکەن.



گول تاکە بەربژێر بوو کە بتوانێ لە خولی یەکەم و دووەمی هەڵبژاردنەکاندا تەنگ بە ئەردۆغان هەڵچنێ

پاش بڕیارەکەی گول، پرسیاری سەرەکی شەقامی تورکیا ئەوەیە کێ دەتوانێ مل لەبەر ملی ئەردۆغان بنێ کە بەپێی هەندێک ڕاپرسی 40%ی دەنگدەرانی تورکیا پشتگیری دەکەن. هەفتەی ڕابردوو، کەمال کلیچدار ئۆغلۆ، سەرۆکی (جەهەپە) ڕایگەیاند کە ئەو کەسەی خۆی دەپاڵێوێ دەبێ بێلایەن بێ، لایەنگری هەموو لایەنەکانی لەگەڵ بێ و پێشتر سەرکەوتنێکی بەدەستهێنابێ کە ئێستا وەکو بناغەیەک بۆ سەرکەوتنی داهاتوو سوودی لێ وەربگیرێ، لە لێدوانێکی دیکەشدا جەختی لەوە کردەوە کە مەرج نییە ئەو بەربژێرە ئەندامی جەهەپە بێ.

جەهەپە دووەم گەورەترین پارتی تورکیایە و چاوەڕێ دەکرێ لە نێوان 20 بۆ 28%ی دەنگەکان بۆ خۆی بەرێ، بۆیەش ئەگەر ئەردۆغان نەتوانێ لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا زیاتر لە نیوەی دەنگەکان بهێنێ، چاوەڕێ دەکرێ کاندیداکەی (جەهەپە) ڕکابەری بکا. گۆنوڵ تۆڵ پێیوایە ئەمە مایەی نیگەرانی بەرەی ئەنتی - ئەردۆغانە، چونکە چەپە میانڕەوەکانی تورکیا کە (جەهەپە) نوێنەرایەتییان دەکا، لە حەفتاکان و هەشتاکانەوە لە مێژووی سیاسی تورکیادا سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەستنەهێناوە.

بنکەی جەماوەریی (جەهەپە) لەناو سێکولارەکان، چینی نێوەڕاستی شارنشین، بە تایبەتیش شارە کەنارییەکانی باکوور و باشووری تورکیادایە، ئەم پارتە لە هەردوو شاری سەرەکیی ئیستانبوڵ و ئەنقەرەش جەماوەرێکی زۆری هەیە، بەڵام پارتی گەلی کۆماری مێژوویەکی ناخۆشی لەگەڵ کورد و تورکە بڕوادارەکانی تورکیادا هەیە. لە چەند دەیەی ڕابردوودا ئەو پارتە هیچکات نەیتوانیوە دڵی کورد و بڕوادارەکانی تورکیا بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، لەبەر ئەوەی پشتگیری لەو بەهایانە دەکا کە بە بەها نەتەوەیی و سێکولارەکانی کۆماری تورکیا ناسراون. هەر ئەم دوو هۆکارەش بەسن بۆ ئەوەی (جەهەپە) لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی تورکیادا شکست بهێنێ.

تۆڵ پێیوایە (جەهەپە) بەرپرسیارێتییەکی قورسی لەسەرشانە، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی حوزەیراندا دەبێ لەلایەکەوە پارێزگاری لە وێنەی خۆی وەکو قەڵای سێکولارە لیبراڵەکانی تورکیا بکا و لەلایەکی دیکەشەوە وێنەی خۆی وەکو پارتێکی دژی کورد و بڕوادارانی تورکیا بگۆڕێ، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە مەراڵ ئاکشەنەر، سەرۆکی پارتی چاک (ئی پارتی)، ڕایگەیاندووە بە هیچ شێوەیەک ئامادە نییە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا لەگەڵ کورد هاوپەیمانێتی پێکبهێنێ، ئەمەش چانسی سەرکەوتنی ئاکشەنەر و پارتەکەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا یەکجار کەم دەکاتەوە.

## تاران هیوای لەسەر هەڵوێستی ئەوروپا هەڵچنیوە

# ترەمپ

# چی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەکات؟

**ڕووداو - هەولێر**

تەنیا پێنج ڕۆژ ماوە بۆئەوەی ئیدارەی ئەمریکی دوایین بڕیاری خۆی سەبارەت بە مانەوە یان دەرچوون لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێراندا بدات، تاوەکو ئێستا هیچ ئاماژەیەک نییە کە ئەوروپییەکان بتوانن واشنتن بە مانەوە لە ڕێککەوتنەکەدا ڕازی بکەن، لە دۆخێکی وەهادا ئێران هەوڵی ڕازیکردنی ئەوروپییەکان دەدا بۆ ئەوەی لە ڕێککەوتنەکە نەکشێنەوە.

شارەزایانی سیاسی دەڵێن لە کاتێکدا بژارە سەربازییەکانی ئێران سنووردارن و دۆخی ئابووریی وڵاتەکەش نالەبارە، تاران هەوڵ دەدا وریاتر لە جاران مامەڵە لەگەڵ گوشارە دیپلۆماتیک و سەربازییەکانی ئیسرائیل و سعودیە بکات، بۆ ئەوەی ترەمپ نەتوانێ جارێکی دیکە سزاکان بەسەر ئێراندا بسەپێنێ، دەسەڵاتی ئێران لە سووریا کەم نەکات و تاران تووشی شەڕێکی بەرفراوانی ناوچەیی لەگەڵ ئیسرائیل نەبێ.

ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریکی پێشبینی دەکات ئێران بۆ ڕێگری لە سەپاندنی گەمارۆ داراییەکانی ئەمریکا "دووبەرەکی لە نێوان یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکادا دروست بکات، بە جۆرێک ئەگەر ئەمریکا سزاکانی خۆیشی گەڕاندەوە سەر ئێران، ئەوروپییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی بازرگانی لەگەڵ تاراندا بکەن".

سیستەمی مووشەکیی ئێران و چالاکییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا، بەتایبەتیش لە سووریا و یەمەن و عێراق نیگەرانیی هاوبەشی ئەمریکا و ئەوروپایە. ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا هیچکام لەو دوو کێشەیە لەخۆناگرێ کە ئیدارەی ئەمریکی بە "کرۆکی ڕێککەوتنەکە" ناویان دەبات.



ئێستا ئێران نەرمتر لە جاران وەڵامی ئیسرائیل دەداتەوە، بۆ ئەوەی دڵی ئەوروپییەکانی لێ نەڕەنجێ

هەفتەی ڕابردوو حەسەن ڕوحانی، سەرۆککۆماری ئێران، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا ڕایگەیاند: "ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دانوستاندنی لەسەر ناکرێتەوە"، بەڵام ئامادەن لەسەر پرسە ناوچەییەکان دانوستاندن بکەن. هەفتەیەک پێش ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە، ماکرۆن لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، باسی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کردبوو، لەدوای کۆبوونەوەکەش ڕایگەیاند کە پێناچێ ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکەدا بمێنێتەوە.

سەرەتای ئەمساڵ، سەرۆکی ئەمریکا هۆشداری دا کە ئەگەر گۆڕانکاریی جەوهەری لە ڕێککەوتنەکەی 2015دا نەکرێ، واشنتن لێی دەکشێتەوە. ئیدارەی ترەمپ داوا دەکات بڕگە سەرەکییەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە هەتاهەتایی بن، بەرنامەی مووشەکیی ئێران بخرێتە ناو ڕێککەوتنەکە و هەر لەناو ڕێککەوتنەکەشدا سنوورێک بۆ فراوانخوازییەکانی تاران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کەنداو دابنرێ.

ڕۆژی دووشەممەی هەفتەی ڕابردوو، بنیامین نتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، ڕایگەیاند بەڵگەی نوێیان لەبەردەستە کە "ئێران لەبارەی پابەندبوونی خۆی بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە درۆی کردووە". کاردانەوەی بەرپرسانی ئێران بەرامبەر بەو تۆمەتە نەرمتر بوو لە جاران، ڕاپۆرتێکی (وۆڵ ستریت جۆرناڵ)ی ئەمریکیش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە تاران نایەوێ بە هەڕەشەکردن لە ئیسرائیل، ئەوروپییەکان لەخۆی دووربخاتەوە.

لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا ئیسرائیلییەکان دوو جار بنکە سەربازییەکانی ئێرانیان لە سووریا کردووەتە ئامانج کە دوایین هێرشیان ڕۆژی 30ی نیسان بوو. لە ماوەی یەک هەفتەی ڕابردوودا ئێرانییەکان لێدوانەکانیان لەوە نەرمتر بووە کە چاوەڕێ دەکرا. توندترین لێدوان، لێدوانی عەلائەدین بروجێردی، سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی نیشتمانیی پەرلەمانی ئێران بوو کە گوتی: "توندڕەوییەکانی زایۆنیزم بەرامبەر وجودی ڕاوێژکارە سەربازییەکانی ئێمە لە سووریا مافی ئەوەمان دەداتێ لە کات و شوێنی خۆیدا کاردانەوەی گونجاومان هەبێ".

بێهنام بن تالیب لو، لێکۆڵەر لە دامەزراوەی بەرگری لە دیموکراسی لە ئەمریکا، پێیوایە "کاردانەوەی ئێران (بەرامبەر هێرشەکان) تەنیا گوتارێکی توند بووە، لە کاتێکدا چالاکییەکانیان لە ناوچەکەدا بەرتەسک بوونەتەوە".

وڵاتانی ئەوروپی لە وەڵامی گوتەکانی ڕۆژی دووشەممەی نەتانیاهۆدا ڕایانگەیاندووە کە ئەو بەڵگانەی ئیسرائیل باسیان دەکا، خۆیان شایەتین لەسەر ئەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەبێ بپارێزرێ بۆ ئەوەی ئێران نەتوانێ بەرەو چەکی ئەتۆمی هەنگاو بنێ. ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمیش لە کاردانەوەیەکدا بەرامبەر گوتەکانی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل جەختی لەوە کردەوە کە "هیچ ئاماژەیەکی جێگەی باوەڕ لەبەردەست نییە بیسەلمێنێ ئێران لەدوای 2009وە دەستی بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بردبێ".

ئێرانییەکان لە چەند ساڵی ڕابردوودا سنووری دەسەڵاتی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا فراوان کردووە، بەبێ ئەوەی تووشی هیچ شەڕێکی ناوچەیی ڕاستەوخۆ بووبن، لە کاتێکدا هەم ئیسرائیل و هەم سعودیە جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە پەنا بۆ ڕێگەچارەی سەربازی لەدژی ئێران ببردرێ. دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە بالانسی ئێستای هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تێکدەدات. بەدواداچوونێکی ئاژانسی (ئەسۆشێیتد پرێس) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەستەمە ئێران لەدوای دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە دەست بۆ بژارەی سەربازی ببات. هێزی ئاسمانیی ئێران کۆنە و مێژووی ژێرخانی ئەو هێزە بۆ ساڵانی 1979 دەگەڕێتەوە. جیا لەمە سیستەمی دژە-مووشەکی ئیسرائیل یەکجار پێشکەوتووە. ئاژانسە ئەمریکییەکە بەدووری دەزانێ ئێران بتوانێ بەشێوەیەکی درێژخایەن پشت بە میلیشیاکانی وەکو حیزبوڵڵاش ببەستێ کە ئێستا لە شەڕی نێوخۆی سووریادا بەشدارن و سەتان قوربانییان لەو شەڕەدا داوە. فراوانبوونی بەرەکانی شەڕی حیزبوڵڵا لە ناوچەکەدا قورساییەکی لەڕادەبەدەر دەخاتە سەر شانی حیزبوڵڵا و پێگەی جەماوەریی ئەو ڕێکخراوە لە لوبنان لاواز دەکات. ناوەندی (ستراتفۆر) پێیوایە ئێران بەدەر لە بژارە سەربازییەکان سێ ئەڵتەرناتیڤی لەبەردەستە بۆ ئەوەی لەدوای کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە پەیڕەوی بکات:

یەکەم: کشانەوەی دەمودەست لە ڕێککەوتنەکە و زیندووکردنەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی جارانی.

دووەم: ڕێگەدان بە پشکنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی بۆ ئەوەی ئازادانەتر سەردانی بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران بکەن، بەو جۆرەش دڵی ئەوروپییەکان و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکە ڕابگرن.

سێیەم: دەرچوون لە پەیماننامەی بڵاونەبوونەوەی چەکی ئەتۆمی (NPT) ئەم هەنگاوە بۆ ساڵانێکی درێژ هەموو دانوستاندنێکی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران دەکات بە شتێکی مەحاڵ، چونکە هیچ چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی نامێنێ بۆ ئەوەی وەکو بنەمای تێگەیشتنی هاوبەش دانوستاندنی لەسەر بکرێ.

ڕۆژی 12ی ئایار دوا وادەیە بۆ ئەوەی ترەمپ بڕیاری کۆتایی لەسەر ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بدا کە لە 159 لاپەڕە پێکدێ و واژۆی حەوت وڵاتی لەسەرە. تاوەکو ئێستا دیار نییە کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە چ جۆرە ڕێوشوێنێک بۆ ئەو کۆمپانیا ئەوروپییانە دیاری دەکا کە لەگەڵ بانک و کۆمپانیاکانی ئێراندا کاری بازرگانی دەکەن، ڕوونبوونەوەی ئەو کێشەیە، کاریگەری لەسەر وەڵامی ئێران بۆ بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە دەبێ.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# گۆڕینی مەترسی بۆ دەرفەت

هیچکات بە ئەندازەی ئێستا کورد لە باشووری کوردستان پارچە پارچە و لێکترازاو نەبووە، هۆکاریش زۆرن کە ئومێدی ئەوەت لاواز بکەن کە لە داهاتوویەکی نزیکدا، یان بەهۆی هەلومەرج و دۆخێکی دیاریکراوەوە، کورد بتوانێ یەک هەڵوێست و یەکگرتوو بێت. لە رابردوودا زۆر جار ناکۆکی و ناتەبایی نێوان هێزە سیاسییەکان گەیشتووەتە ئاستی لە ئێستا خراپتر و تەنانەت دەستخستنە خوێنی یەکترییەوە، بەڵام ئەوکات بەهۆی بوونی ئامانجگەلێکی هاوبەش، هەمیشە ئاسۆیەک هەبووە بۆ سنووردانان بۆ ململانێ و ناکۆکی و لە هەمان کاتدا لەناو کارەکتەرە سیاسیەکانیشدا ئیرادەیەک هەبووە کە لە چرکەساتی پێویستدا بتوانێ خاڵی کۆتایی دابنێت.

لەناو هەموو میللەتانی دونیادا ئەوەی یەکێتی دروست دەکات، تەنیا هاوبەشییەکانی مێژوو، خاک، کولتوور و زمان نییە، بەڵکوو ئایندەشە کە وەک ئامانجێکی گشتی پێکیانەوە دەبەستێتەوە. ئێستا لەناو کورد نە ئامانجێکی هاوبەش ماوە تا دڵخۆش بین بەوەی لە دواجاردا هێزە سیاسییەکان کۆدەکاتەوە و نە ئەو ئیرادە سیاسیەش هەیە کە ئیرادەی بڕیاری ئازایانەی هەبێت. بۆیە نەک ئاسۆیەکی روون نابینی بۆ لە ئێستایەکی باشتر، بەڵکوو بە روونی دیارە کە داهاتوویەکی تاریک لە پێش ئەو میللەتەیە و هێزە سیاسییەکانی بەهەموو توانایانەوە میللەتی بۆ پاڵ دەنێن.

کۆمەڵگەی کوردی بە ئەندازەیەکی زۆر ترسناک دابەش بووە بەسەر ناتەباییەکاندا، پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتیش زیاتر پاڵنەرن بۆ لێکترازان و دابەشبوونی گەورەتر. زۆرجار لەناو گەلانی تردا ئەوە دەبینین کە چەند ناتەبا و ناکۆک بن، بەڵام کە هەڕەشەیان کەوتبێتە سەر، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی یەکیخستوون. بەڵام بۆ کورد ئەمە کێشەیە، چونکە هەڕەشە و مەترسی لەبری ئەوەی یەکیبخات، زیاتر دابەشی دەکات. ئەمەشە مەترسییەکانی ئێستا کاریگەرتر دەکات لە هەڕەشەکانی رابردوو. چونکە قۆناغی داهاتووی ململانێکانی لە عێراق زۆر جیاواز دەبن لەو کاتەی چاوی لە پێکەوەیی و بەشداری بوو لە بەغدا. قۆناغی دوای گشتپرسی و بڕیاری زۆرینەی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، مانەوەی لە عێراق بەو دۆخەی دوای 16ی ئۆکتۆبەر و بەو ململانێ ناوخۆییەوە، کورد دەکاتە نێچیرێکی ئاسان لەبەردەم کەڵبەی راوچییەکانیدا.

ئەوەی چاوەڕوانکراویشە وەک دەرئەنجامی ناتەباییە سیاسییەکەی ناو (کوردی عێراق) و لە دەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەوە تا شەش مانگی تر، ترسی گەورە ئەوەیە دابەشبوونەکەی بچێتە قۆناغێکی ترەوە کە دوور نییە بەغدا هەوڵ بدات دوای هەڵبژاردن کورد بەو ئاراستەیە پەلکێش بکات. ئەوەی ئێستا هەیە لەناو ماڵی کوردیدا ناکۆکی و ناتەبایی و ململانێ و دابەشبوونێکە لەناو ماڵەکەی خۆی لەنێوان دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات، بەڵام ئەوەی کە پێویستە زۆر وریای بین، ئەوەیە ململانێکە نەگوازرێتەوە بۆ دوو بەرەی (کوردی دەسەڵاتدار لە بەغدا، کوردی دەسەڵاتدار لە کوردستان).

ئەم عەقڵیەتە سیاسییەی ئیدارەی ململانێ سیاسیەکەی ناوماڵی خۆمانی پێ دەدەین، بەرەو ئەو مەترسیە رامانەکێشێت کە بۆ یەکجاری ئەم کوردی عێراقە بە ئاراستەی ئەو دابەشبوونە مەترسیدارە ببات. مەینەتیی گەورەش ئەوەیە کە هێزە سیاسییەکان لە ئاستیدا بێباک و بێدەربەستن، یان ئەوەتا رق و کینە و گیانی تۆڵەکردنەوەی ئەم چینە سیاسییە لەیەکتری و بچووکییان لە ئاستی دەسەڵات و ئیمتیاز، بێ ئاگای کردوون لەوەی هەرکەسە و ئەسپی خۆی بۆ ئەو مەترسییە تاو دەدات.

گەلانی زیندوو هەمیشە هەڕەشە و مەترسی دەگۆڕن بۆ دەرفەت، ئایا کۆمەڵگەی کوردی توانای ئەوەی هەیە ئەو مەترسییە بکاتە هەوێنی دروستکردنی کەشێکی تر کە لانیکەم لە مەترسییەکان دووری بخاتەوە؟ دڵنیام خەڵکانێکی زۆر بێهیوا بوون و رەنگە بڵێن کورد لەوەتەی هەیە هەروا هاتووە. بێگومان ئەوە راستە کە رابردوومان پڕە لە نموونە و ئەزموونی تاڵی شکست بەهۆی دوژمنایەتی یەکترییەوە، بەڵام دەبێ بەدوای رێگە و ئامرازی تردا بگەڕێین تا هاوبەشیمان بۆ دروست بکات و بەهۆیانەوە خۆمان لە لێکترازان دووربخەینەوە.

هەموو دەزانین بەشێکی ناکۆکی و ناتەباییە سیاسیەکان بەهۆی دەسەڵات و ئیمتیازەوەن، ترسی ئەوەش هەیە دەسەڵات و ئیمتیازی بەغدا کورد بەرەو ئەو دابەشکارییە پەلکێش بکات و لە داهاتوودا شێواز و ئامانجی ململانێکانی نێوان کورد ئاراستەی خراپتر بگرن.

ئایا ناکرێ بە دروستکردنی هاوبەشییەکی راستەقینە لە دەسەڵات و ئیمتیاز، لەم قۆناغەدا کوردستان لەو دابەشکارییە دوور بخەینەوە؟

رەنگە باشترین بژارەیەک بۆ ئێستا قۆستنەوەی هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و کوردستان بێت، لە بری دابەشبوون و لێکترازانی زیاتر، بیکەین بە دەرفەتی پێکەوەبوون، بەڵام ئەمە پێویستی بە پلان و لەخۆبوردوویی و بڕیاری ئازایانە هەیە. دوای رووخانی سەدام، تاڵەبانی و بارزانی وایان کرد، ئەوان تازە لە شەڕی یەکتری دەرباز بووبوون و هیچ متمانەیەک نەبوو بەوەی بتوانن جارێکی تر پێکەوە هەڵبکەن. دەرفەتی رووخانی سەدام و بەشداریی کوردیان لە عێراق قۆستەوە بۆ هاوبەشی، بە دابەشکردنی کێکی دەسەڵات و ئیمتیازەکانی بەغدا و کوردستان و هاوتاکردنی پێکەوە، وایان کرد لە زەمەنێکی کورتدا متمانەیەکی زۆر بۆ پێکەوەیی و هەماهەنگی لەنێوان پارتی و یەکێتی دروست بوو.

پشکی کورد لە دەسەڵاتی بەغدا و پۆستەکانی کوردستان پێکەوە بەشی ئەوە دەکەن هەموو لایەنەکان بەگوێرەی سەنگ و قورساییان بە هاوبەشییەکی راستەقینە تیایدا بەشداربن و بەهۆیەوە مەترسی دابەشکاری بگۆڕن بۆ پێکەوەیی. پێویستە لە دوای ئەم هەڵبژاردنە کە کەمتر لە هەفتەیەکی ماوە و کەمتر لە شەش مانگی تریش دەبێت هەڵبژاردن لە کوردستان بەڕێوە بچێت، هێزە براوەکانی هەڵبژاردن پێکەوە لەسەر پاکێجێک رێکبکەون و پۆستەکان بەسەر هەموویاندا دابەش بکەن، نەک لەسەر بنەمای زۆرینەی ئینتیخابی حیزبێک یان دووان هەموو پشکەکانی کورد وەرگرن و سبەی لە هەڵبژاردنی کوردستانیش بە هەمان قورسایی دەسەڵاتەکان پاوان بکەنەوە، وەک چۆن لە رابردوودا کردوویانە.

ئێستا کوردستان بە قۆناغێکی هەستیار و مەترسیداردا تێدەپەڕێت، بەغدا و تاران و ئەنقەرە چاویان لەوەیە زیاتر بمانکەن بە نەیاری یەکتری، بۆ ئەم قۆناغە کوردستان زۆرتر پێویستی بە تەوافوقی سیاسییە نەک زۆرینەی سیاسی. پێویستمان بەوەیە هاوبەشی و هەماهەنگی لەنێوان پشکەکانی کورد لە دەسەڵاتی بەغدا و پۆستەکانی کوردستاندا دروستبکەین لەسەر بنەمای شەراکەتی راستەقینەی هێزە سیاسیەکان، بە کوردی و بە کورتی چوار ساڵی داهاتوو نابێ بەرەی دەسەڵات و بەرەی دەرەوەی دەسەڵات هەبن، پێویستە هەموو پێکەوە لە تێپەڕاندن و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بەشدار بن. ئەمە بکەین کوردستان ئەم قۆناغی راگوزەرە تێدەپەڕێنێت و دەرفەتەکانی هەستانەوەی لەبەردەم دەکاتەوە، پێچەوانەی ئەمەش رێگەی ئەوە خۆش دەکات بەشێک لە سیاسی و حیزبەکان لە کوردستان دەسەڵاتدار بن و بەشێک لە سیاسی و حیزبەکانیش هێز و دەسەڵاتی بەغدا بەکاربێنن بۆ ململانێ لەگەڵ دەسەڵات لە کوردستان.



زریان ڕۆژهەڵاتی

# هەڵبژاردنی یاریگۆڕ

لە ماوەیەکی نزیکدا، ئەنجامەکانی دوو هەڵبژاردنی گرنگ رۆڵی ئایندەیی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا روونتر دەکەنەوە: هەڵبژاردنەکەی عێراق و تورکیا! هەردوو هەڵبژاردنەکە، تەنیا رووداوێکی سیاسی ناوخۆیی نین، بەڵکوو دەتوانن کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی یارییە جیۆسیاسییەکانی ناوچەکەش هەبێ. ئەمەش بۆ کورد دەرفەتێکی هەستانەوەی تێدایە، ئەگەر بیقۆزێتەوە.

لە کۆتایی ساڵی رابردووەوە، بەرەبەرە کورد کەوتنە پەراوێزی رووداوەکان و پێگەیان لە هاوکێشەکانی سیاسەتی ناوچەکەدا لاواز بوو. لە قارەمانی جەنگی داعشەوە بوون بە هێزی لاسار و لە جیاتی هاوپەیمانی دەوڵەتان، وەک هێزێکی ناوخۆیی سەیرکران! لاوازکردنی داعش، بەجۆرێک سنووردارکردنەوەی رۆڵی ناوچەیی کوردیش بوو. زۆربەی ئەو هێزانەشی کە سنووردار دەکرێن، یان لە جەنگدا شکست دەخۆن، روو لە ناوخۆ دەکەنەوە و تووشی کێشە دەبن. گرفتە کەڵەکەبووەکانی جارانیان وەکوو دوومەڵ دەتەقنەوە و وایان لێدیت نایانپەرژێتە سەر هیچ! ئەمە رێک ئەو دەردەیە کە ئێستا کورد گرفتاری بووە. بەڵام لە ناوەڕاستی ئەمساڵەوە کورد فرسەتێکی تری بۆ هەڵدەکەوێ تا لە سیاسەتی ناوخۆی عێراق و تورکیادا رۆڵی کلیلی پەیدا بکا و چانسی دەرکەوتنەوەیەکی نوێ وەدەست بخات.

## هەڵبژاردن وەک فاکتەرێکی یاریگۆڕ

هەڵبژاردنەکانی عێراق و تورکیا دەتوانن یارییە سیاسییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتەکانیان بگۆڕن. بۆیە هەموو ناوچەکە بە وردی چاودێریی ئەم هەڵبژاردنە یاریگۆڕانە دەکەن. هەڵبژاردنی عێراق لە روانگەی ئەو پرسیارانەی کە دەتوانێت چ کاریگەرییەک لەسەر سیستەمی سیاسی داهاتووی وڵات دانێت؟ ئایا رێگا بۆ حکومەتی زۆرینە و بەهێزبوونەوەی زیاتری ناوەند دەکاتەوە؟ دۆخی پێکهاتەکانی کورد و سوننە بە چ ئاقارێکدا دەبات؟ بۆ سیاسەتی ناوخۆ گرنگە و دەتوانێت لەو رووەوە گۆڕانکاری گەورە دروستبکات. بەڵام لە روانگەی سیاسەتی دەرەوە، ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و جۆری هاوپەیمانییەکانی داهاتووی پێکهێنانی حکومەت، دەتوانن کاریگەری راستەوخۆ لەسەر رێبازی سیاسەتی دەرەوەی عێراق دانێن و ئەوە دەربخەن کە هەڵوێستەکانی بەغدا لە ململانێکانی ناوچەکەدا، بەتایبەتی لەبەینی ئەمریکا- ئێران، تاران- ریاز و...تاد چۆن دەبێت. هەڵبژاردنی تورکیاش، لەو روانگەیەی کە ئایا ئەم هەڵبژاردنە ناسەقامگیری ناوخۆیی لێدەکەوێتەوە یان نا؟ بایەخێکی زۆری هەیە. جگە لەوە، پرسیاری گرنگتر ئەوەیە کە ئایا رێگا بۆ درێژەکێشانی سیاسەتی دەرەوەی ئێستای تورکیا و ململانێکانی لەگەڵ رۆژئاوا خۆش دەکات یان نا؟ بۆیە هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازە.

دەنگی کورد و ژمارەی پەرلەمانتارەکانیان لەم دوو هەڵبژاردنەدا، دەتوانن کاریگەریی بەرچاو لەسەر رەوتی گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئەو دوو وڵاتە دانێن.

## هەڵبژاردنەکەی عێراق و پێکهێنانی حکومەت

هەر لە ئێستاوە دیارە کە دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، دژوار دەبن. ئەگەر کورد وەک بلۆکێکی سیاسی بەشداری لەو دانوستاندنانەدا بکەن، رۆڵێکی کلیلی پەیدا دەکەن، ئەگەرنا، بۆ قۆناغێک، لە پەراوێزی رووداوەکانی عێراقدا دەمێننەوە.

پرسیاری سەرەکی لە دوای هەڵبژاردن ئەوەیە کە کێ دەبێتە سەرۆکوەزیر؟ کورد و سوننە کەمتر پەیجۆری وەڵامی ئەم پرسیارەن. بەڵام شیعەکان، هەر لە ئێستاوە مشتومڕیانە. راستییەکەی، بۆ کورد زۆر فەرق ناکات. زیاتر لە 50 ساڵ بەر لە ئێستا، کێشە سەرەکییەکانی کورد و حکومەتی عێراق لەسەر"دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی، کەرکووک، دامەزراندنی 20 هەزار پێشمەرگە وەک پاسەوانی سنوور و...هتد" بوون. رێکنەکەوتن لەسەر ئەو خاڵانەش رێگای بۆ شۆڕش کردەوە. ئەمڕۆش دوای زیاتر لە نیوە سەدە، هەمان ئەو کێشانە بە فۆرمێکی دیکە لە ئارادان: گرفتی سنوور، مەسەلەی دەسەڵاتی فیدراڵی، پێشمەرگە و... هتد.

ئەم دووبارەبوونەوەیەی مێژوو دەریدەخات کە کێشەی بنەڕەتیی کورد لەعێراق، لەگەڵ دەوڵەتە ئینجا شەخس و سەرکردەکان. هەڵبەت دەتوانین بڵێین: بۆ کورد خراپە سەرۆکوەزیری داهاتوو رەوایەکی نێودەوڵەتی هەبێت و زۆرێک لە دەوڵەتان بەتایبەتی ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی لەسەری کۆک بن.

بۆیە بۆ حاڵی کورد زۆر فەرق ناکات عەبادی، عامری، نەجم یان مالیکی لە دەسەڵات بێت. وەک چۆن پێشتر فەرقێکی زۆری نەکرد کە دەوڵەتمەداری بەغدا قاسم بێت یان عارف و بەکر و سەدام! رەفتاری شەخسەکان گۆڕاوە، هەندێکجار نەرمییان نواندووە، بەڵام دواتر هەموویان بەیەک رێبازدا رۆیشتوون: بەهێزکردنەوەی بەغدا و لاوازکردنی کوردستان.

سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت و پرسی سەرۆکوەزیری داهاتوو، باشترین بژارە بۆ کورد ئەوەیە کە دوای هەڵبژاردن بە هاوپەیمانییەک بەشداری لە دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتدا بکەن. ئەم سیناریۆیە بەهۆی نزیکبوونی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، خۆفی لایەنەکان لە دەنگدانێکی تر، زەحمەتە. لێرەدا سیناریۆی دووەم کە بەهێزترە، ئەوەیە کە چەند لیستێکی گەورە هاوپەیمانییەک دروستبکەن. ئەوسا ئەگەر لیستێک یان چەندێکی تر رێگای دانوستاندنی جیاوازیشیان گرتەبەر، کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەیان نابێت. بەڵام هەر زیان بە پێگەی کورد دەگات. سیناریۆی هەرەخراپ ئەوەیە کە هەر حیزبە و بۆخۆی دانوستاندن بکات و بەوەش دابەشتر ببن. ئەمە واتای دۆڕانێکی زیاتر دەدات لە بەغدا. لەم حاڵەتەدا ستراتیژی هەرە راست ئەوەیە کە سیاسەتگوزاری لەسەر چاکسازییەکی ناوخۆیی بکرێت و تەگبیرەکان بۆ بەهێزکردنەوەی پێگەی هێزە نیشتمانییەکان لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان بکرێت. دواجار، ئەگەر کورد بەتەمای هەستانەوە بێت، دەبێ لە قەڵای خۆیەوە دەستپێبکات.

## کورد و هەڵبژاردنەکەی تورکیا

دەنگدەری کورد، چ ئەوانەی کە تا ئێستا دەنگیان بە ئاکپارتی داوە و چ ئەوانەی هەدەپەیان هەڵبژاردووە، رۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی 24ی حوزەیراندا دەبێت. بەپێی ئامارێک 17%- 20%ی دەنگدەری تورکیا کوردن و ئەمەش لە زۆر لە هەڵبژاردنەکاندا رۆڵی یەکلاکەرەوەی گێڕاوە.

ئێستا بە کردەوە کۆمەڵگەی تورکیا بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووە. بەرەیەک پاڵپشتی لە ئەردۆغان دەکات و بەرەیەکیش قبوڵی ناکات. هەدەپەش کاندیدی سەرۆکایەتی هەیە. مەعلوومە کە کاندیدی هەدەپە ناتوانێت سەرکەوێت، بەڵام ئەو دەنگانەی کە هەدەپە و کاندیدەکەی گلێری دەکەنەوە، لەگەڵ ئەو دەنگانەی تری کورد کە بە جێگیری دەنگ نادەن، لە یەکلاکردنەوەی هاوسەنگییەکاندا رۆڵی کلیلییان دەبێت.

گریمانەیەکی بەهێز هەیە کە بەشێک لەو کوردانەی دەنگیان جێگیر نییە و هەندێ جار بە هەدەپە و هەندێکجاریش بە ئاکپارتی دەنگیان داوە، لە داخی رێککەوتنی ئاکپارتی و مەهەپە، ئەمجارە روو لە هوداپار وەک بژارەیەکی ئیسلامی- کوردی بکەن.

باشترین ستراتیژ بۆ کورد ئەوەیە کە هەر لە ئێستاوە خۆیان لە ململانێی کاندیدە ئەسڵییەکانی سەرۆکایەتی تورکیا یەکلا نەکەنەوە کە رەنگە لە خولی یەکەمدا تەواو نەبێت. ئەگەر هیچ کاندیدێک سەرووی 50% نەهێنێ، خولی دووەمی هەڵبژاردن، دوو هەفتە دوای 24ی حوزەیران، لە 8ی مانگی تەمووزدا بەڕێوەدەچێ. ئا لەو دوو هەفتەیەدا دەنگی کورد بایەخێکی زۆر زیاتر پەیدا دەکات. ئەمەش سەرکردەی بە توانای دەوێ کە بتوانێ دانوستاندنی پێوە بکات.

بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەگەر کورد لە عێراق و لە تورکیا، رۆڵێکی کلیلی لە سیاسەتی ناوخۆدا بگێڕن، ئەمە رەنگدانەوەی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەش دەبێت. بەهێزبوونی پێگەی کورد بەهۆی هەردوو هەڵبژاردنەکەوە، تا رادەیەکی زۆر گرێدراوی رەفتاری ئایندەیی بڕیارساز و کاربەدەستانی کوردە. ئەگەر کورد لە هەرێمی کوردستان و لە باکوور، جگە لە پرس و گرفتە ناوخۆییەکان، چاویان لە گۆڕانکارییەکانی دەرەوەش بێ و بەشێوەیەکی ریالیستانە بجووڵێنەوە، ئەوا رۆڵێکی کلیلی پەیدا دەکەن. بەپێچەوانەوە، لە پەراوێزی رووداوەکاندا دەمێننەوە.



زوبێر ڕەسوڵ *

# گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی هەرێم لەڕێی بەغداوە!

لە دوای بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ لە 2003 تا دەگاتە رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، هەرگیز ماڵی کورد لە بەغدا وەکو ئێستا لاواز و لێکترازاو نەبووە. هۆکاری سەرەکی ئەو لێکترازانەش حکومەتی عێراق و هێزە عەرەبی و مەزهەبییەکان نین لە بەغدا، بەڵکو ململانێی ناوخۆیی هێزە کوردیەکانە لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی ئەگەر بیخەمە چوارچێوەی زانستی رامیارییەوە، ئەوا دەتوانم بڵێم ئەم لێکترازانە زۆرتر پێوەندی بە دابەشکردنی بەهاکانی هێز و سامانەوە هەیە لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا. دابەشکردنی بەهاکانی هێز و سامان و دووبارە دابەشکردنەوەیان بەسەر کۆمەڵگادا بابەتی سەرەکی ململانێ سیاسییەکانن لە هەر شوێنێک کە سیاسەت ئامادەیی هەبێت. بەڵام کێشەی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێم، بەتایبەتی بەرەی رکابەرەکانی پارتی و یەکێتی ئەوەیە کە لە کوردستاندا زەمینەیەکی لەبار لەئارادا نییە بۆ ململانێیەکی هاوسەنگانە، دووەمیش ئەوەیە کە دامەزراوەیەکی سیاسی و سەربەخۆ نییە سنووری بەرژەوەندیە نیشتمانییەکان دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی بواری کاری سیاسی لایەنە سیاسییەکان وا بێسنوور و ئاڵۆز نەبێت هەر کەس و لایەنێک بەپێی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی، یا هەندێک جار میزاجی تایبەتی ئەندام پەرلەمانێک، بە پاڵنەرێکی شەخسی یان حیزبی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان هەراج بکات وەک ئەوەی لەو خولەی پەرلەمانی عێراقدا بینیمان.

ئۆپۆزسیۆن بەزۆری بە دوو رێگا گوشار دەخاتە سەر دەسەڵاتی سیاسی: یەکەم، پەنجە خستنە سەر کەموکوڕییەکانی دەسەڵات و نیشاندانی بە خەڵک لە رێگای دەزگاکانی راگەیاندن، یاخود لەڕێی پەرلەمانەوە. دووەم، ئەگەر رێگای یەکەم کاریگەر نەبوو، ئەوا پەنا دەبردرێتە بەر گوشاری توندتر لەڕێی خۆپیشاندان و هاندانی جەماوەر. لە کوردستاندا "ئۆپۆزسیۆنی سیاسی" لە ماوەی ئەو دوو خولەی پەرلەماندا هەردوو رێگاکەیان تاقیکردەوە بۆ گوشارخستنە سەر دەسەڵات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی ئامانجەکانیان جێبەجێ بکەن. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا رێگایەکی تریشی داهێناوە بۆ خەباتی بەرهەڵستکاری (دەکرێت ئەوە مۆدیلێکی تایبەت بە هەرێم بێت)، هەم بەشدار دەبێت لە حکومەت و هەم بەرهەڵستکاریش دەبێت لە یەک کاتدا، هۆکاری ئەمەش دەکرێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەرەی بەرهەڵستکاری سیاسی لە کوردستاندا زۆر پەلەیەتی لە دەسەڵاتگرتنە دەست و دووبارە دابەشکردنەوەی سامان و هێز.

لەڕاستیدا خەباتی ئۆپۆزسیۆنبوون لە سیستەمە رۆژهەڵاتیەکاندا پشوویەکی درێژی دەوێت، هەر بۆیەش زۆر لە هێزە ئۆپۆزسیۆنکارەکان تووشی نائومێدی دەبن، زوو یا درەنگ دەبن بە بەشێک لە دەسەڵات یان پەنا دەبەنە بەر هۆکاری ناشەرعی، دواجار بە پاساوی جیا جیا دەسەڵات دەکەوێتە خنکاندنیان. ئەوەی مایەی تێبینییە سەبارەت بە هێزە کوردییەکان لە خولی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراقدا، دەکرێت بگوترێت کە خەریکە جۆرێک لە دووبەرەیی سیاسی دێتە ئاراوە لە دابەشبوونی هێزە کوردییەکان لە کوردستان و دواتریش بەغدا، چەقی ململانێی نێوان هێزە کوردستانییەکان تا کۆتاییەکانی ئەو خولەی پەرلەمانی عێراقیش هەر کوردستان بوو، بەڵام ئەو جارەیان دەگوازرێتەوە بۆ بەغدا، بەشێکیان هەر ئێستا هاوپەیمانێتیان پێکهێناوە بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، ئەگەرێکی زۆریش هەیە کە لە ئایندەدا هێزی تریشی بچەنە پاڵ وەک بەرەیەکی تری کوردی بۆ رکابەرایەتی هاوپەیمانێتی کلاسیکی پارتی و یەکێتی. بە تایبەت وای دەبینم کە ئەستەمە لایەنە کوردیەکان بۆ خولی داهاتووی پەرلەمانی بەغدا بگەنە میکانیزمێک بۆ پشتگرتنی یەکتری وەک بەرەیەکی کوردی هاوشێوەی ئەو بەرەیەی کە لە دوای 2003 لە بەغدا لە رێگای هەردوو پارتی سەرەکی یەکێتی و پارتی پێکهات، ئەم یەکڕیزییە سەرەڕای کەموکورتییەکانی، بەڵام دەستکەوتی زۆریشی بۆ قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان هەبوو، بەتایبەت لە بوارەکانی: نووسینەوەی دەستوور، جێگیرکردنی ماددەی 140 و ناساندنی هێزی پێشمەرگە و چەندان بواری تریش، ئینجا ئایا ئەم دوو لایەنە تا چەند توانیویانە یان نەیانتوانیوە ئەم دەسکەوتانە لە کوردستاندا وەبەربهێنن، ئەوە بابەتێکی ترە و پێوەندی بەم باسەی ئێمەوە نییە. ئەوەی من دەمەوێت تیشکی بخەمە سەر، ئەوەیە کە ئەگەری دروستبوونی بەرەیەکی رکابەر بەرامبەر بەرەی کلاسیکی پارتی یەکێتی هەیە لە پەرلەمانی ئەمجارەی عێراقدا. ئەم بەرەیە لە هێزەکانی گۆڕان، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، کۆمەڵی ئیسلامی و ئەوەی نوێ پێکدێت (لەوانەیە یەکگرتوو نەکەوێتە ناو هیچ یەکێک لەو دوو بەرەیە). بۆیە بە دووری نابینم هەر یەکە لەو دوو بەرەیە بەسەر ئاراستەی جیاواز بۆ پاڵپشتیکردن لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق دابەش ببن، لەم حاڵەتەشدا ئەوەی هەردوو بەرەکە زیاتر رەچاوی دەکەن، بریتی دەبێت لە بەرژەوەندیە تایبەتەکانی خۆیان نەک هەرێمی کوردستان، چونکە بوونی دوو بەرە کە ململانێکانیان زیاتر لەسەر کێشەکانی کوردستانە نەک بەغدا، ناتوانێت هیچ دەستکەوتێک بۆ هەرێم دەستەبەر بکات.

لەلایەکی ترەوە دەکرێت ئەم رکابەرێتییە دواجار گۆڕینی بەلانسی هێزیش بەدوای خۆیدا بهێنێ هەم لە هەرێمی کوردستان و هەمیش لە بەغدا، هەرچەندە حکومەتی بەغدا زیاتر مامەڵە لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم دەکات، وەک ئەوەی لە پێوەندی حکومەتەکەی عەبادی بینیمان لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر، بەڵام ئەم دوو بەرەیە لەناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا کاریگەرییان دەبێت لەسەر ململانێکانی کورد و کورد، کورد و بەغدا، هەم لە بەغدا و هەمیش لە هەرێمی کوردستان. بۆیە بە دووری نابینم ئەم دابەشبوونە نوێیە ببێتە هۆی سەرلەنوێ دارشتنەوەی پێوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا، دواتریش لەقکردنی پێگەی پارتی و یەکێتی لە کۆنترۆڵکردنی چەند ساڵەی پێوەندییەکانی هەرێم و بەغدا. ئەمەی من باسی دەکەم شیکردنەوەیەکی سیاسی خۆمە و پشت بە هیچ زانیارییەکی بەردەست نابەستێ، بەڵام بە خوێندنەوەی باکگراوند و دابەشبوونی ململانێکانی هەرێم، ئەم دۆخە وەک ئەگەرێکی نزیک دەمێنێتەوە. بە تایبەت دوای ئەوەی کە بەرەی ئۆپۆزسیۆن بە سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان، تووشی جۆرێک لە نائومێدی بوون لەوەی بتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر گۆڕینی سیستەمی حوکم و لاوازکردنی پێگەی پارتی و یەکێتی لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێدەچێت ئەمجارە وا بیر بکەنەوە کە دەکرێت لەڕێی هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەغدا سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستان بگۆڕن، یان هیچ نەبێت بیخەنە ژێر باری گوشاری توندترەوە.

*** دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان، زانکۆی ئێکسیتر**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی بە تەنیا دەچێتە بەغدا

**1**

پارتی حیزبی یەکەمی ئەم هەڵبژاردنە دەبێت و هەموو ئەو هاشوهوشەی حیزبەکانی سلێمانی ناویانەتەوە، شەڕکردنە لەسەر پلەی دووەم و سێیەم. لە 2005ەوە تا ئێستا پارتی بە هیچ شێوەیەک چاوی لە پلە و پۆستەکانی بەغدا نەبووە، هەمیشە تەرکیزی لەسەر حوکمڕانیی کوردستان بووە و هەر ئەنجامێکیشی هێنابێت، خستوویەتیە خزمەت ڕکابەرەکانی و حەواڵەی بەغدای کردوون. پارتی کورسییەکانی بەغدای بۆ هاوکێشەی ناوخۆیی بەکاردێنێ و بەرامبەرەکانیشی کە دواتر دەبن بە عەودالەکانی، بۆ پلە و پۆستەکانی بەغدا لە دەرگای دەدەن.

حیزبەکانی سلێمانی لەوە پەرتوبڵاوترن کە بتوانن هەژموون و قورسایی پارتی لە هاوکێشەی سیاسی لە بەغدا لاواز بکەن، یان بتوانن هاوپەیمانییەکی وا تۆکمە درووست بکەن، بتوانێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا جێ بە پارتی لەق بکەن.

ئەمە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە تاقی کرایەوە و ئەنجامەکەشی دیارە. جارێکی دیکە هەولێر بووەوە بە ناوەندی بڕیاری کوردستان. ئینجا تەنانەت ئەگەر لە بەغدا شیعە بیانەوێ بۆ ڕەواییدان بە حوکمی زۆرینە، حیزبەکانی سلێمانی وەک میکیاژیش بەکار بێنن، سەرکەوتوو نابن. چونکە ئەگەر پارتی نەیەتە پێشەوە، بەشداریی کورد لە حکومەتدا هیچ قورسایی و ئەهەمیەتێکی نابێت و هیچ پلە و پۆستێکیش بێ ڕەزامەندی پارتی نادرێتە کورد. تەنانەت ئەگەر ئەوەش رووبدات و هەوڵ بدرێ پارتی بخرێتە دەرەوەی ئەو هاوکێشانەوە، ئەوکاتە هێندەی دیکە پارتی لە ئاستی ناوخۆیی و گوتاری نەتەوەیی بەهێزتر دەبێت.

بە حوکمی ئەوەی کە لە مانگی ئەیلول هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە پێشە، حیزبەکانی سلێمانی ناوێرن لەترسی لەدەستدانی دەنگ لە پارتی نزیک بنەوە و بە ئەجێندایەکی هاوبەش بچنە بەغدا. بۆیە لە حاڵێکدا کە براگەورەیی پارتی قەبوڵ نەکەن، هەڵپەی پۆست و دەستکەوتیان بێت لە بەغدا، پارتیش بە تەنیا دەچێتە بەغدا و وەک چۆن لە هەڵبژاردندا مەیدانی بۆ چۆڵ نەکردن، ئاواش لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی بەغدا قسەی یەکلاکەرەوە لای پارتییە. بە تایبەتیش کە بەم دواییە پارتی توانیویەتی لە ڕێگەی بەغدا و تارانەوە ئەو سیاسەتانە ئیحتیوا بکات کە لە سلێمانی بەرهەم دەهاتن.

---

## پایەختی ئیرهابی فکر و رۆشنبیری!

**2**

ڕەنگبێ وتەکانی نێچیرڤان بارزانی لە میتینگی سلێمانی کە دژایەتیی خۆی بۆ ئیرهابی فکری و کۆتاییهێنان بەو شێوازە لە کارکردن و سیاسەت دەربڕی، یەکەم مەیدانخوازیی پارتی بێت و خۆی گوتەنی سەرەتای قۆناغێکە کە بگوترێ: "ئیتر بەسە".

ئەم گوتارە دەمێکە لەناوەندی رۆشنبیری و فکریدا موناقەشەی دەکرێت و سلێمانی وەک شاری کوێرەکانی لێکراوە، بەڵام کە ئەوە ببێتە ئامانجێکی سیاسی و بەرپەرچ بدرێتەوە، شتێکی نوێیە. دکتۆر موسەننا ئەمینیش وەک نێچیرڤان بارزانی شەڕێکی یەکانگیری لەناو جەرگەی پایەختی ئیرهابی فکر و رۆشنبیری دەستپێکردووە و بێباکانە بەرەوڕوویان دەبێتەوە. ئەگەرچی هاوپەیمانییەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵحیش گوایە کار بۆ نەهێشتنی زەمینەکانی دەکات، بەڵام تا ئێستا داننانێکی ئاشکرای بەوەدا نەبووە کە لە سلێمانی ئەو ئیرهابە فکرییە هەیە، بگرە بێدەنگییان هەڵبژاردووە.

پارتی و یەکگرتوو وەکو دوو حیزب و خەڵکی سلێمانیش بە گشتی قوربانیانی ئەو ئیرهابەن. پارتی ناتوانێ هەتا سەر خۆی بکاتە قوربانیی سیاسەتی هەڵەی دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئیداریی سلێمانی و پێویست دەکات لەمەودوا بۆ هەر تۆمەتێک کە بەرەوڕووی دەکرێتەوە، هەموو ئەو بەڵگە و دۆکیومێنتانەی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی کە لەسەر بەرپرسانی ئەوێ هەن، بخاتە ڕوو. ئەوەش بۆ ئەوە نییە کە پارتی یان یەکگرتوو لەو دەڤەرەدا ببنە حیزبی یەکەم، بگرە بۆ ئەوەیە ڕێگە بدرێت حکومەت بتوانێ هەمان مامەڵەی کە لەگەڵ هەولێر و دهۆک دەیکات، لەگەڵ ئەوێش بیکات. ئاستی بژێوی و گوزەرانی هاووڵاتیانی سلێمانی دەبێ وەکو هەولێر و دهۆکی لێ بێت. بۆ ئەوەش دەبێ سەرچاوەکانی ئیرهابی فکری لەڕووی دارایی و مادییەوە وشک بکرێن و پارەی ئەو میللەتە نەدرێتە ئەو دامودەزگا مێدیاییانەی کە شەو ڕۆژ بەناوی ئازادییەوە خۆڵ دەکەنە چاوی خەڵکەوە.

## پارتی تاوانبارە

**3**

کابرای کاندید و کاڵفامەکانی ناو حیزبەکەی، لە 16ی ئۆکتۆبەر پێش دەبابەی حەشدی شیعی کەوتبوون، دەیانگوت کەرکوکمان ڕزگار کرد! ئێستا دەقیرێنن و دەڵێن کەرکوک دەخەینەوە سەر کوردستان و دەڵێن پارتی خیانەتی کرد.

کابرای کاندید خۆی دەرچووی ڤێترنەرییە و (دال)ێکی خستووەتە پێش ناوی خۆی، بەس بە ئافرەتێک ڕەوا نابینێ کە قوتابی دواقۆناغی دکتۆرایە، هەمان شت بکات! لە هەولێر مامۆستایەک لێیدەدرێت، هەمان ڕۆژیش لە کۆیە خۆپێشاندەرێک دەکوژرێ، یەکیان ئیرهابی جەستەییە، ئەوەی دەیکە نەفسی مودافەعەیە! لە موسڵ و لە کەرکوک ڕۆژنامەنووس تیرۆر دەکرێن و پارتی لێیان بەرپرسیارە، بەڵام لەناو جەرگەی سلێمانی قایمقام، سەرۆک هۆز، حیمایەی شەخسیی تاڵەبانی و ڕۆژنامەنووس دەکوژرێن، دەڵێن ئەوە تیرۆر نییە، ئازادی ڕادەربڕینە!

کابرا بەدەستی چەکداری یەکێتی لە هەولێر تیرۆر دەکرێ، دەڵێن ئیشی پارتییە! ئەندامی سەرکردایەتییان لە ئۆتۆمبێل وەردەگەڕێ و دەمرێ، گوشار لە دادوەری لێکۆڵینەوە دەکەن کەیسەکەی لێوەرگرن بۆ ئەوەی بڵێن پارتی تەقەی لە ئۆتۆمبێلەکەی کردووە! ئەخیرەن، کابرا دەیەوێ واز لە حیزبێکی سلێمانی بێنێت، مێردی خوشکەکەی کە دەستڕۆیشتووی ناو حیزبە، تەڵاقنامەی خۆشکەکەی نیشانی ئەو برادەرە دەدات، واتا ئەگەر ئیستیقالە بکەی، ئەوە تەڵاقنامەی خوشکەکەت!

---



مەجید نیزامەدین گلی*

# ئەمریکا یەکپارچەیی هەرێمی کوردستان گەرەنتی ناکات

لاوازیی عێراق و پشتگیریی نێودەوڵەتی هۆکاری مانەوە و سەرچاوەی هێزی هەرێمی کوردستانن. بەڵام ئەگەرێکی زۆر هەیە کە دۆخێک بسازێ عێراق بەهێزتر بێت و بەدەستهێنانی پشتگیریی نێودەوڵەتی کار و زیرەکیی زیاتری لەلایەن کوردەوە پێویست بێت.

لە ژمارەی پێشتری هەفتەنامەی (ڕووداو)دا باسی سیناریۆی عێراقێکم کرد کە ئەمریکا و ئێران وەکو مەیدان هەڵیانبژاردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە. لەم بەشەدا باسی سیناریۆی دووەم دەکەم کە ئەگەری ڕوودانی زیاترە. عێراقێکی نیمچە-سەقامگیر کە بەغدا هێشتا هاوپەیمانی ئەمریکا و ئێرانیشە و هیچکام لە دراوسێکانی پارە و چەک خەرج ناکەن بۆ لاوازکردنی. پێشبینی لە عێراق کارێکی زەحمەتە، بەڵام خۆئامادەکردن بۆ سیناریۆی جیاواز بۆ داهاتووی هەرێمی کوردستان زۆر چارەنووسسازە.

بەغدا هەڵە بکات هەموو جیهان دێنە فریای. هەڵەی نووری مالیکی لە موسڵ بە عەبادی و "هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لە دژی داعش" چارەسەر کرا، بەڵام هەڵەی کوردێکی بێ دەوڵەت و پەرتەوازە دەکرێت باجی گەورەی هەبێت. زۆر گەورەتر لەوەی 16 ی ئۆکتۆبەر.

### ئەمە ڕەشبینی نییە، ڕاستییە.

عێراق هەموو مەرجەکانی بەهێزبوونەوەی تێدایە و ئەو خاڵە لاوازەی ڕژێمی سەدام نەما کە بریتی بوو لە پشتبەستن بە کەمینەی عەرەبی سوننە. بۆیە نابێ بەهیوای هاتنەوەی سوپای ئەمریکی و شەڕی تائیفی سوننە و شیعە و هاتنی داعش و کارەساتێکی دیکە بیت کە دەوڵەتی عێراق دووبارە پەکبخاتەوە و تەمەنی هەرێمێکی کوردستانی خاوەن بڕیار درێژتر بکات.

لەوانەیە سبەینێ عێراق تووشی کارەساتێکی دیکە بێتەوە، بەڵام ڕۆژێک هەر دێت کە عێراقی بەهێز بگەڕێتەوە و هەڕەشە لە یەکپارچەیی و وجودی هەرێمی کوردستان بکات. عێراق لوبنان نییە کە هەردەم پێویستی بە پرەنسیپی شەراکەتی نیشتیمانی هەبێت، دانیشتووانێکی زۆرینە گەنج و سامانێکی زۆر و جوگرافیایەکی ستراتیژی و- لە هەمووی گرنگتر- زۆرینەیەکی تائیفی هەیە کە تەحەداکردنی ڕۆژ بەڕۆژ زەحمەتتر دەبێت.

کام مامۆستای زانکۆ و مەلا دەبنە نوێنەری کورد لە بەغدا زۆر لەم هاوکێشەیە ناگۆڕێت. ڕاستە هەڵبژاردنەکانی عێراق گرنگیی خۆی هەیە و گرنگە کورد بەغدا فەرامۆش نەکات، بەڵام ئەگەر پێتوابێت لە عێراقی دوای 16ی ئۆکتۆبەردا بە هەڵبژاردن و بە ڕێککەوتننامەی کاتی لەگەڵ بەغدا لە دەرئەنجامە کارەساتبارەکان ڕزگارت دەبێت و دۆخەکە دەگەڕێتەوە باری جارانی، ئەوە زۆر گەشبینیت.

نوخبەی سیاسی کوردی ئەگەر لە سێ لاوە شێوازی سیاسەتکردنیان نەگۆڕن ئەوە دابەشکردن و زیاتر لاوازکردنی هەرێمی کوردستان شتێکی حەتمیە.

### دابەشکردنی کوردستان بکرێتە هێڵی سوور

من لەم گۆشەیە زۆرجار باسی گرنگیی کاری دیپلۆماسی و سیاسەتی نێودەوڵەتی دەکەم. من لێرە لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان وەکو رۆژنامەنووسێک چەندە ئاشنای وردەکاریی سیاسەتی نێودەوڵەتی و سوودەکانی کاری دیپلۆماسی بووم، ئەوەندەش فێری ئەوەبووم کە کەی دەبێت لەسەر مێزی گفتوگۆ هەستی. ناکرێت هەموو جار چارەنووسی نەتەوەیەک پشت ببەستێتە بەرژەوەندیی تەسک و ویستی کۆمەڵێک سیاسی کە ئایا ئامادەن "یەکڕیزی" بپارێزن یان نا.

ئیتر نابێت ڕێککەوتنی سیاسی تاکە ڕێگە بێت بۆ ڕێگرتن لە دابەشکردنی هەرێمی کوردستان یان بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان.

ڕێککەوتنی سیاسی لە نێوان کۆمەڵێک سەرکردە و ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبەکان تاوەکو ئێستا تاکە ئامراز بووە بۆ ڕێگرتن لەوەی کە هەرێمی کوردستان دابەش بکرێت، یان لایەنێکی سیاسی شتێک نەکات ببێتە هەڕەشە لە وجودی هەرێمی کوردستان. نەگرتنەبەری سیاسەتێک کە هەڕەشە بێت لە وجودی هەرێمی کوردستان بژارەیەک بووە لە دەستی کۆمەڵێک سیاسەتکاردا.

بابەتی سەروەری و یەکپارچەیی هەرێمی کوردستان دەبێت هێڵی سوور بێت بۆ کاری سیاسی هەر لایەنێک. بۆ ئەو کارەش پێویستە ئامانجی دوورخایەنی نوخبەی سیاسی کوردی و ئەوانەی دڵسۆز و نیشتیمانپەروەرن دروستکردنی ڕاستییەکی سەربازی و هەواڵگری نوێ بێت لە کوردستان کە ئەو هێڵە سوورە لەکاتی پێویستدا بسەپێنێت. ئەمەش ئامانجێکی خەیاڵی نییە، بەڵکو لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە تاکە گەرەنتییە بۆ مانەوەی هەرێمی کوردستان و پاراستنی داهاتووی ملیۆنان هاووڵاتی کوردستانی.

هەرێمی کوردستان ئێستا بژارەی بەکارهێنانی هێزی زۆر سنووردارە لە حاڵەتی هەوڵدان بۆ دابەشکردنی. ئەمەش دابەشکردنی دەکاتە یەکێک لە ئەگەرە بەهێزەکانی قۆناغی داهاتوو. هەموو کیانێکی سیاسی پێویستی بە سوپایەک هەیە بۆ پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی خۆی. لە هەرێمی کوردستان دەکرێت ڕاستییەکی سەربازی و هەواڵگری دروستبکرێت و پەیامێکی ڕوون بۆ دەوروبەر بنێرێت کە یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان تەنیا پەیوەست نییە بە ماددەیەکی دەستووری عێراق و ویستی باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا.

هیچ ئاماژەیەکی بەهێز نییە کە عێراق و لایەنە ئیقلیمییەکانی دیکە بەدوای دەرفەتێکی دیکەدا ناگەڕێن بۆ دابەشکردن و سڕینەوەی هەرێمی کوردستان. بەڵام لە کۆتاییدا نیەتی عەبادی و بڕیاربەدەستانی ئێران و تورکیا گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە کە بەرامبەرەکەت چی پێ دەکرێت. 16ی ئۆکتۆبەر هیوایەکی دروستکردووە کە دەکرێت هەرێمی کوردستان دابەش بکرێت یاخود بسڕێتەوە.

لەسەردەمی شاخەوە تاکە گەرەنتی یەکڕیزیی لایەنە کوردییەکان ڕێککەوتنی سیاسی بووە، بەڵام لەسەردەمی دوای 16ی ئۆکتۆبەردا دەبێت جگە لە ڕێککەوتنی سیاسی، هەوڵ بدرێت یەکپارچەیی هەرێمی کوردستان ببێتە هێڵێکی سوور کە لە ناوخۆدا بسەپێنرێت.

ئەگەر هەر بەتەمای ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بین، هەر ئەم هەفتەیە بەرپرسێکی ئەمریکی بە منی گوت کە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ داڕشتنی ستراتیژیایەک بۆ عێراقی دوای داعش. کەواتا ئەمریکا ستراتیژیای نییە لە عێراق بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و هاوپەیمانەکانی و دژایەتیکردنی نەیارەکانی. ئەمە بۆچوون و شرۆڤە نییە، زانیاریە. با بڵێین سبەینێ جۆن بۆڵتن و مایک پامپێۆ ستراتیژیایەکیان بۆ عێراق داڕشت، کەس ناتوانێت گەرەنتی ئەوە بکات کە ترەمپ ئامادە بێت پارە و چەک بۆ جێبەجێکردنی خەرج بکات. ڕاستە ئەمریکا هاتووە بەهانامانەوە و لە لەناوچوون ڕزگاری کردووین، بەڵام گەرەنتی ئەوەی بە هیچ بەرپرسێکی کورد نەداوە کە ئەوان ئامادەن جگە لە ڕێگای دیپلۆماسی، ڕێکاری دیکە بگرنە بەر بۆ پاراستنی یەکپارچەیی هەرێمی کوردستان.

کەواتا دوای 16ی ئۆکتۆبەر هەرێمی کوردستان ناکرێت هەر هیوای بە لاوازیی بەغدا بێت و پشت بە ئەمریکا ببەستێ بۆ ڕێگەگرتن لە دابەشبوون و سڕینەوەی.

نوخبەی سیاسی هەرێمی کوردستان پێویستە ستراتیژیایەکی ڕوونیان هەبێت بۆ پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی ئەم هەرێمە کە تەنها پشت نەبەستێ بە ڕێککەوتننامەی کورتخایەن لە نێوان مەکتەبی سیاسی حیزبەکان. لە حاڵەتی لەدەستدانی سەروەری و یەکپارچەیی هەرێمی کوردستاندا، نە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی حیساب بۆ کورد دەکات و نە دیپلۆماسیەت سوودی دەمێنێت و نە بوونی ئەم گۆشەیەش مانای دەبێت.

***بەرپرسی نووسینگەی ڕووداو لە بارەگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان**

---



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# ئەمریکای عوسمان بەگ

عوسمان بەگ یەکێک لە ئامۆزاکانی بنەماڵەی بابانەکانە، لە سەردەمی میرایەتیی ئەوڕەحمان پاشادا. کلۆدیوس جێمس ڕیچی بەریتانی کە ساڵی 1820 سەردانی میرنشینی بابانی کردووە، لە گەشتنامەکەیدا بەسەرهاتی شیرین لە دیداری عوسمان بەگ دەگێڕێتەوە و وەک پیاوێکی زیرەک و بنەوەشی وەسفی دەکات کە زۆر تامەزرۆی زانیاری و ئاشنابوون لەگەڵ دنیای پێشکەوتووی ئەو سەردەمە بووە. میستەر ڕیچ لە شوێنێکی یادداشتەکانیدا دەگێڕێتەوە کە جارێکیان باس هاتە سەر باسی "جیهانی نوێ"ی ئەو ڕۆژگارە (واتە ئەمریکا)، عوسمان بەگ تامەزرۆییەکی زۆری بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بەو جیهانە نوێیە، نیشان دا.. ڕیچ دەگێڕێتەوە کە ؛کاتێک چەندوچوونی ئەو کۆمارەی ئەمریکام بۆ عوسمان بەگ ڕوون کردەوە، ئەو (بە سەرسوڕمانەوە) گوتی: "ئەمە خۆ لە خێڵەکانی خۆشناوەتیی لای خۆمان دەچێ..!".

بەداخەوە ئێمە نازانین ڕیچی بەریتانیایی بە چ شێوەیەک وەسفی ئەمریکای بۆ عوسمان بەگ کردووە. ئەوەشی نەدرکاندووە کە ئاخۆ چ هەستێکی لادروست بووە کاتێک عوسمان بەگ، ئەمریکای ساڵی -1820ی بە خۆشناوەتی (تۆ بڵێ هەموو کوردەواری) ی ئەو سەردەمە بەراورد کردووە! با لەوەش گەڕێین کە ئەمریکای ساڵی 1820، سەرەڕای دووبەرەکیی نێوان ویلایەتە هێشتا یەکنەگرتووەکانی، بۆ چل ساڵ دەچوو بەپێی دەستووورە بنچینەییە مۆدێرنەکەی و ئەزموونی سیستمی فیدێراڵ، بەڕێوەدەچوو. ئەو ساڵەی میستەر ڕیچ میوانی عوسمان بەگ بوو، سی ساڵی ڕەبەق بەسەر چەسپانی دە بەندەکەی وەسیقەی مافەکان-ی وڵاتە یەکگرتووەکان ( Bill of Rights ) یشدا تێپەڕ ببوو (ئەو وەسیقەیەی کە هەتا ئەم ساتەوەختەش بە سەرگوڵی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن و بەردی بناخەی حوکمڕانییەکی سێکولار و دیمۆکراسییەکی لیبراڵی، دادەنرێ). ڕەنگە هەر ئەوەندە بەس بێ بڵێین کە هەتا ساڵی 1820، پۆلێک ئەستێرەی درەوشاوەی وەک جۆرج واشنتن، بنجامین فرانکلین، پاتریک هێنری و جێمس مێدیسۆن و گەلێکی دیکەی فەرزانی نوێبیر، سەریوەبارانی ئاسمانی "خۆشناوەتییەکەی نێوان زەریای ئارام و ئەتڵەس"-یان کردبوو!

هەڵبەت وەک گەشتنامەکەی ساڵی 1820 دەیسەلمێنێت، میستەر ڕیچێکی گەشتیاری ورد و وریا، کە خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئینگلیزی ئیمپراتۆری بەرمێنی ئەو ڕۆژگارە بووە، بەو وەسفەی عوسمان بەگ هەدای نەداوە و، پێوشوێنێکی وردی ئەمریکاکەی بەری خۆشناوەتییەکەی کوردەواری، بۆ خۆی و خوێنەرەوانی گەشتنامەکەی، گرتووە. لەڕاستیدا، میستەر ڕیچ، بۆ ئەوەی کە هەم هەڵوێست و لێکدانەوەی خۆی لەسەر ئەو بۆچوونەی عوسمان بەگ، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و دیپلۆماسییانە درکاندبێ و، هەم بۆ ئەوەی کێچ نەکەوێتە کەولی خوێنەرەوە ئینگلیزی-زمانەکانی دادێی گەشتنامەکەی (و ئیتر هەروا بەهەوای کەشفی ئەمریکایەکی نوێتر، وەک کریستۆفەر کۆلۆمبوس، بەرەو خۆشناوەتی نەکەونە ڕێ!)، هەر لە بن ئەو ڕستەیەدا کە عوسمان بەگ ئەمریکای بە خۆشناوەتی چواندووە، ئەو پەراوێزە پڕمانایەی خوارەوەی تۆمار کردووە.

ڕیچ نووسیویەتی: "هۆزەکانی خۆشناو سیانن، دوانیان هەمیشە لەشەڕدان لەگەڵ یەکتری، کە ئەمەش لە بەرژەوەندیی میری بابانە. میری بابان لە وریایی خۆیەوە کەڵک لە دووبەرەکیی نێوانیان وەردەگرێ و دەسەڵاتی خۆی بەسەردا سەپاندوون، وەکچۆن تورک و ئێرانییەکانیش بەهەمان شێوە، دەسەڵاتیان بەسەر ئەمدا سەپاندووە! چەمێکی چکۆلە لە نێوان ئەو دوو هۆزەدا هەیە و مزگەوتێکی هاوبەشیان هەیە، ڕۆژانی هەینی بۆ نوێژکردن تێیدا کۆدەبنەوە و پاش ئەوەی بڵاوەی لێ دەکەن و بۆ شوێنی خۆیان دەگەڕێنەوە، لای چەمەکە دیسان دەست دەکەنەوە بە تەقەکردن لەیەکتری. جارێکیان لە مزگەوتەکەدا لێیان ببوو بە شەڕ، بیست یان سی کەسیان لە یەکتری کوشتبوو.."

لەو پەراوێزە تفت و تاڵەدا کە میستەر ڕیچ لە گەشتنامەکەیدا تۆماری کردووە، ئەوەی شیاوی تێڕامانە تەنیا تەبیعەتی شەڕەنگێزی خەڵکی ئەمریکاکەی عوسمان بەگ نییە؛ ڕاستییەکی تاڵی تر ئەوەیە کە ڕەفتاری قاجارەکان و عوسمانلییەکان لەگەڵ بابانەکان چۆن بووە، هەڵسوکەوتی بابانەکانیش لەگەڵ ئەوانیدی (لێرەدا، خۆشناوەتییەکان) هەر بەوشێوەیە بووە! میستەر ڕیچ، دیارە کە هەموو بۆچوونەکانی خۆی بەڕاشکاوی نەدرکاندوون، بەڵام زۆر نەگوتراویشی لە لابەلای دێڕ و پەراوێزە مووقلێشەکانی گەشتنامەکەی ئاخنیون. وەختێک لە گۆشەنیگای مرۆڤی ئەم ڕۆژگارەی خۆمانەوە لەو وتانەی ڕیچ ڕادەمێنین، چەند ڕاستییەکی مێژوویی هەژێنەرمان بۆ دەخاتە ڕوو، کە دەیسەلمێنێ تێپەڕینی نزیک بە دوو سەدە بەسەر گەشتەکەی ڕیچدا، شتێکی ئەوتۆی لە سروشتی بەدفەڕ و خووی خۆخۆرانەی خێڵ و گرووپە کوردەکان نەگۆڕیوە:

یەکەم ئەوەی کە، تیرە و خێڵە کوردەکان (کە زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی ئەم سەردەمە، میراتگری کولتوورییانن)، ئەگەر دوژمنی دەرەکیش لێیان گەڕێت، خۆیان ناتوانن لەگەڵ یەکتری هەڵبکەن. ئەمەش، بە زمانی ئەمڕۆیی، هێمای لاوازیی کولتووری تێگەیشتن، هەڵکردن لەگەڵ جیاوازییەکان و، توانای وێکسازانی سیاسییە لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

دووەم ئەوەی کە، ڕەفتاری خۆبەخۆی گرووپە کوردەکان، درێژەی کولتووریی ڕەفتاری دوژمنەکانیانە لەگەڵ ئەوان. دیسان بە مانایەکی ئەمڕۆیی، ئەو دیاردەیە دەیسەلمێنێ کە ڕێکخستنە سیاسییە کوردییەکان، سەرەڕای کارەکتەری بەرهەڵستکارانەیان بەرامبەر بە نەیارانی کورد، لە کردەوەدا بۆخۆیان، تەبیعەتی ناپەسەندی ئەو نەیارانەیان دەرەوونی کردووە.

سێیەمیش ئەوەی کە، ئەوەی ڕۆژاواییەکان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کاربەدەستە باڵاکانی وڵاتی ئێمەدا بەسەر زاریاندا دێ، کۆی ئەو شتانە نییە کە لەبارەی ئەوانەوە دەیزانن، یان بیری لێ دەکەنەوە!

لەڕاستیدا، ئەو وەسفەی میستەر ڕیچ لە "ئەمریکاکەی عوسمان بەگ" کردوویەتی، وەسفێکی ڕاستەقینە بەڵام پڕاوپڕی ڕێز و، هەروەها دیپلۆماسیەتیشە سەبارەت بە ڕیاڵیتەی ڕۆژگاری دووسەد ساڵ لەمەوبەری کوردەواری، ئەویش لە زمان مرۆڤێکی ڕۆژاواییەوە کە بۆخۆیشی، هەر لەو سەردەمەدا ژیاوە. گەلێک گەشتیاری ڕۆژاوایی دیکەش لەسەر کوردیان نووسیوە و، ڕاشکاوانەتر لە ڕیچ، ئەنگوستیان لەسەر درزێویە پاساوهەڵنەگرەکانی ژیانی بەکۆمەڵی ئێمە داناوە.

ڕۆژاواییەکان عادەتیانە زۆر یادداشت هەڵدەگرن. ئەوان لە دەربڕیندا —بەحوکمی جیاوازیی نەریتی ئاخاوتن و بگرە زمانی جەستەش- بەئاسانی مەبەست بەدەستەوە نادەن، یان با بڵێین بە حوکمی جیاوازیی کولتووری کۆمیونیکاسیۆن ؛ تێگەیشتن لە کۆدی پەیامەکانیان هەمیشە ئاسان نییە. بەوەشەوە، ئەوان لەیادداشتەکانیاندا قسەی دڵیان ڕاشکاوانە تۆمار دەکەن. گەلۆ، دەبێ وەچەکانی داهاتووی نیشتمانی ئێمە چ ئارەقەی شەرمێک بڕێژن کاتێک یادداشتی ئەو ڕۆژاواییانە دەخوێننەوە کە لەم چەند ساڵانەی ڕابردووی ئێمەدا، لە ڕەوتی "ترافیکی دیپلۆماسی" بۆ پێکەوە حەواندنەوەی لایەنە کوردییەکاندا، پێیەکیان لە کوردستان بووە؟!

دیسامبەری 2016، برێت مەکگۆرک، نوێنەری تایبەتی وڵاتەیەکگرتووەکان بۆ هاوبەندیی دژی داعش، لە ئاخاوتنێکی تایبەتدا بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا گوتی: "ڕاشکاوانە بە پارتییە کوردەکانمان گوتووە، ئەگەر یەکگرتوو بن هیچ شتێک ناتوانێ تێکیان بشکێنێ". ئەمە وتەی ئەو ڕۆژە دژوارانەیە کە داعش چنگی خوێناوی لە جەستەی کوردستان گیرکردبوو، کەچی هێزە سیاسییەکانی ئێمە چنگیان نابووە بیناقاقای یەکتر و بە وڵاتەیەکگرتووەکانیش نەدەحەوێنرانەوە! تۆبڵێی لە دەفتەری یادداشت و ڕاپۆرتە نهێنییەکانی مەکگۆرک یان هەریەک لەو دیپلۆماتە ڕۆژاواییانەی لە "ترافیکی دیپلۆماسی" کوردستاندا، گیریان خواردبوو (!)، هەمان ڕستەی سەرەوە بەم شێوەیە نەنووسرابێتەوە: "کورد زەحمەتە بتوانن لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن، چونکە بەهەموو دنیا لەگەڵ یەکتر ناحەوێندرێنەوە؟!" با بڕێک جددیتر بدوێین؛ میللەتێک توانای ئیدارەدانی ناکۆکییەکانی ناوخۆی نەبێ، ئایا شیاوی ئەوەیە کەس خۆی لەسەر پیاوخراپ بکات؟! ئایا ژیرانەیە لە کاتی ناکۆکیی بەرژەوەندییەکاندا، لایەنگیریی لێ بکرێ و بەرژەوەندیی باڵاتری بکرێت بە قوربان؟! هەق وایە ئەم پرسیارانە سەرەتا لەخۆمان بکەین، ئەوسا لەو هێز و دەوڵەتانەی دەبنە دۆستی نیوەڕێمان!

بەهەرحاڵ ئێستا ئیتر لەو ڕۆژگارە دوورانەی میستەر ڕیچ و عوسمان بەگ، هیچ شتێک بەجێ نەماوە؛ نە حوکمڕانیی بابانەکان، نە ئیمپراتۆرییەکەی بەریتانیا و نە تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەو سەردەمەش. تەنیا شتێک کە پێدەچێ وەک خۆی بە نەگۆڕی مابێتەوە، سروشتی نەگبەتیلێدراوی هۆزەکانی ئەمریکاکەی عوسمان بەگە! ڕاستی؛ یەکی ئایاری ئەمساڵ 22 ساڵیش بەسەر هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆی کوردستاندا، تێپەڕبوو. یەکی ئایاری 22 ساڵ لەمەوبەر، خێڵە کۆنباوەکانی کورد، گۆڕی هەموو ئەوانەیان زرینگاندەوە کە پێیان وابووە لە نێوان "هۆزە خۆشناوەکان"ی سەردەمی بابانەکان و "هۆزە بەدناوەکان"ی دنیای سیاسیی ئێمەدا، جیاوازییەکی کەم هەیە!

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

# RÛDAW

Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## کەمانچەیەک ژیانی ڕەوشەن دەگۆڕێت

10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالْح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی Tel : 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net






